رووداو
RÛDAW
ژمارە (505) دووشەممە 2018/5/14 – 24ی گوڵان 2718 (750) دینار

پێشتر 95%ی کورد بوو

## ڕێژەی دانیشتووانی عەرەب لە عەفرین گەیشتووەتە 60%

**رووداو – هەولێر**

عەفرین کە پێش ئۆپەراسیۆنی ناسراو بە "چڵە زەیتوون" 95%ی دانیشتووانەکەی کورد بوون، پاش ئەوەی هێزەکانی سووریای دیموکرات لە 18ی ئاداری رابردوو لێی کشانەوە و بە تەواوی کەوتە بندەستی گرووپە ئیسلامییەکانی نزیک لە تورکیا، پەیتا پەیتا لە ناوچە عەرەبییەکانی دیکەی سووریاوە، خێزانی عەرەب شوێنی ئەو کوردە ئاوارەبووانە دەگرنەوە کە ماڵ و حاڵی خۆیان جێهێشتووە.

سەرچاوەیەک لەناو شاری عەفرینەوە کە نەیویست ناوی ئاشکرا بکرێ، بە (تۆڕی میدیایی رووداو)ی راگەیاند "حاڵی حازر لە سەنتەری عەفرین نزیکەی 175 تا 200 هەزار کەس نیشتەجێن کە عەرەب نزیکەی 60%ی پێکدێنن، واتە نزیکەی 120 هەزار عەرەب لەناو عەفریندان".

بەگوێرەی بەدواداچوونێکی (رووداو)، ژمارەی ئەو خێزانە عەرەبانەی تا ئێستا هێنراونەتە ناحیەکانی سەر بە عەفرین 1668 خێزانن کە بەمجۆرە دابەش بوونە: جندرێس: 220 خێزان. راجۆ: 350 خێزان. شیێ: 172 خێزان. شەڕان: 345 خێزان. بلبل: 350 خێزان و موباتا: 231 خێزان.

5





نووری مالیکی
لە لووتکەوە بەرەو لێژی

7

عەبادی.. لە سەربازی
ئیمامەوە بۆ سەرۆکوەزیران

6

زێباری بۆ نێوانگیریی یەکێتی و
گۆڕان چووە سلێمانی

4

ئەنجامی نافەرمی کورسی لایەنە کوردستانییەکان:

### پارتی 26، یەکێتی 16، گۆڕان 6، نەوەی نوێ 5 کورسی

# سەدر سەرکەوت و مالیکی دۆڕا

3



(فۆتۆ: AFP)

راپۆرتەهەواڵ 2

ژنەکەی کوشت و پاشان خۆیشی کوشت



راپۆرت 14

لێکۆڵینەوەیەکی ئەمریکی:
گەنجانی مووسڵ ئێستاش هەواداری بیری داعشن

کۆمەڵایەتی 13

باوکی خۆی بە چەقۆ دەکوژێ و دایکیشی بریندار دەکات



ئابووری 8

هاوردنی کاڵای ئێرانی بۆ کوردستان 20% زیاد بووە



## لە چوارقوڕنە پیاوێک خۆی دەخنکێنێ

**ڕوودلو — رانیە**

ڕۆژی 2018/5/13 پۆلیسی رانیە تەرمی هاووڵاتییەکەیان لە نێو ماڵەکەی خۆیدا بە هەڵواسراوی دۆزییەوە، کە شوێنەواری برین بە ملییەوە دیار بووە . بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی راپەڕین بڵاویکردەوە کە هاوڵاتییەکە لە ڕەگەزی نێر بووە بەناوی ( س.ح.ع ) و تەمەنی44 ساڵ بووە . دانیشتووی گردی گردجانی سەر بە ناحیەی چوارقوڕنە بووە . دوای دۆزینەوەی تەرمەکەی گەیەندراوەتەوە نەخۆشخانەی گشتپی رانیە . پۆلیس دەڵێت: "دەرکەوت کەسەکە لەماڵەکەی خۆیان بە پەت هەڵواسراوە و لەشوێنی ڕووداوەکە دەستگیرا بەسەر پارچەیەک پەت کە بەکارهاتوە لە ڕووداوەکە، بە گوتەی برایەکیشی بەناوی (ر.ح.ع ) کەسەکە لە ماڵەکەی خۆی دەرگای لەسەرخۆی داخستووە و بە پەت خۆی هەڵواسیوە" .



ڕاپۆرتە هەواڵ
ڕوودلو
ژمارە ( 505 ) – دووشەممە 2018/5/14

# باوکێک کچەکەی خۆی دەکوژێت

**دیمەن بورهان**
**ڕوودلو — هەولێر**

10 ساڵ لەمەوبەر دڵنیا کەوتە داوی خۆشەویستی هاوڕێ، کە ئەوکات تەمەنی تەنیا 15 ساڵان بوو، هاوڕێش پیاوێکی تەمەن 26 ساڵانی خاوەن خێزان بوو. هاوڕێ و دڵنیا بڕیاردەدەن هەڵبێن، بەڵام دوای دوو ڕۆژ لەڕێگەی خزمێکی دڵنیاوە دەدۆزرێنەوە. دڵنیا دەگەڕێننەوە بۆ ماڵی باوکی. پشکنینی بۆ دەکەن و دەردەکەوێت هێشتا کچە، بۆیە دوای ماوەیەکی کورت دڵنیا دەدرێتە کوڕێک بەناوی شۆڕش کە 10 ساڵ لە خۆی گەورەتر بوو، بەڵام زوو کێشە دەکەوێتە نێوانیان.

کەسێکی نزیک لەو خێزانە کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، بە (ڕوودلو)ی گوت: "دوای هاوسەرگیرییەکەشی لەگەڵ شۆڕش، بەڵام دڵنیا هێشتا چاوی لەدوای هاوڕێ بوو، بۆیە بەردەوام کێشەیان هەبوو، بەجۆرێک چەندین جار نامەی هەڕەشەیان فڕێداوەتە ماڵی شۆڕش و داوایان لێکردووە لە دڵنیا جیاببێتەوە، ئیدی شۆڕش بەرگەی ئەو ئابڕووچوونەی نەگرت و شەش ساڵ پێش ئێستا خۆی سووتاند".

بەگوتەی ئەو سەرچاوەیە، هەر دوای پرسەی شۆڕش، دڵنیا کە بە منداڵی دووەمی دووگیان بووە، دەنێردرێتەوە ماڵی باوکی "خانەوادەی شۆڕش دوای پرسەی کوڕەکەیان، دڵنیا و منداڵەکەیان ناردەوە ماڵی باوکی، لەوێ منداڵی دووەمی لەدایکبوو، هەردوو منداڵەکە لەلای دایکیان مانەوە، چونکە کەسوکاری شۆڕش گوتیان منداڵێک لەو ژنە بێت نامانەوێت".

مانگی رابردوو دڵنیا کوژرا، دوای لێکۆڵینەوەیەکی چڕوپڕی پۆلیس، دەرکەوت لەلایەن باوکییەوە کوژراوە. (ج.ش) کە باوکی دڵنیایە، تەمەنی 65 ساڵانە، بە دەنگێکی نزم گوتی "لە کوشتنی کچەکەم پەشیمان نیم، چونکە چەندینجار ئابڕووی بردم. هەرزەکار بوو دوای پیاوێکی خێزاندار کەوت، ئەوکاتە گوتم هەڵەی کردووە و چاک دەبێت، بەڵام نەمدەزانی سەرمان شۆڕ دەکات".

باوکی دڵنیا زۆر پەسنی شۆڕش دەدات و دەڵێت: "کوڕێکی ڕێکوپێک بوو، بەڵام کچەکەی من لەگەڵی نەحەوایەوە، بەردەوام کێشەیان هەبوو، تا گەیشتە ئەوەی مێردەکەی لە داخی کچەکەم خۆی سووتاند و دیسان ئابڕووم چوو".

دوای مردنی شۆڕش، دڵنیا دەترسێت، بۆیە دەچێتە خانەی داڵدەدانی ئافرەتان و ماوەیەک لەوێ دەمێنێتەوە، بەڵام باوکی دەیهێنێتەوە و دڵنیایان دەکاتەوە کە پەنجەی بۆ نابات "هێنامەوە ماڵەکەم، نهۆمی دووەمم بەتەواوی پێدا و پێمگوت کچم بەس دانیشە و ئابڕووم مەبە، ئەو ژمارە تەلەفۆنانە لابە".

(ج) دەشڵێت: "کچەکەم مۆبایلی دیکەی پێبوو، بەدزی ئێمەوە بەکاری دەهێنا، لەگەڵ هاوڕێ پەیوەندی هەبوو، دیسان بەیەکەوە هەڵهاتن، بەڵام دوای ماوەیەک دۆزیمانەوە و هێنامەوە ماڵەوە، شەش ساڵ بەدەستیەوە زووخاوم چەشت، دەبوو شەو و ڕۆژ پاسەوانی بم تا نەڕوات، بەڵام ئەمساڵ بۆ جاری سێیەم هەڵهات".

دوای ماوەیەک دڵنیا دەردەکەوێتەوە، باوکی دڵنیا دەڵێت: "ڕۆژی 2018/4/10 هاوسەرەکەم پەیوەندی کرد و گوتی دڵنیا و منداڵەکانی لەگەڵ کوڕێک بەناوی ئەیاد هاتوون و دەڵێن ئێمە ژن و مێردین، دڵنیا داوای ناسنامەی خۆی و منداڵەکانی دەکات بۆ ئەوەی لە دادگا مارەی بکات، خێرا تاکسیەکم گرت، کە گەیشتمە نزیک ماڵەوە، بینیم لەپێش دەرگان و بەتەمای ڕۆیشتنن، بۆیە بە نهێنی دوایانکەوتم تا ماڵەکەیان بزانم".

ئەیاد کە تەمەنی 33 ساڵانە، لەبارەی ناسینی دڵنیاوە دەڵێت: "من دڵنیام خۆشدەویست و دەمویست هاوسەرگیری بکەین. لەسەر دڵنیا باوکم لە ماڵەوە دەریکردم، بۆیە لەگەڵ دڵنیا و منداڵەکانی بەیەکەوە دەژیاین، بەڵام من ئاگاداری ڕابردووی دڵنیا نەبووم".

ڕۆژی 2018/4/11 دڵنیا لە ماڵەکەی خۆیدا دەکوژرێت و پۆلیس دەست بە لێکۆڵینەوە لە ڕووداوەکە دەکات و سەرەتا ئەیاد وەک تۆمەتبار دەستگیر دەکرێ، بەڵام دواتر دەردەکەوێ ئەو بکوژ نییە.

پۆلیس بەردەوام بوو لە لێکۆڵینەوە و دۆزینەوەی بکوژی ڕاستەقینەی دڵنیا، تا لە 2018/5/5 ئاشکرا بوو کە بکوژی دڵنیا، باوکیەتی، بۆیە دەستگیری دەکەن و ئەویش دان بە تاوانەکەیدا دەنێت.

ئەو ڕۆژەی دڵنیا لەگەڵ ئەیاد و منداڵەکانی دەچنە ماڵی باوکی، باوکی دڵنیا بە نهێنی دوایاندەکەوێت و ماڵی کچەکەی دەدۆزێتەوە، (ج) دەڵێت: "ئەو شەوە تا بەیانی خەوم لێنەکەوت و نەمدەزانی چی بکەم، بەیانی ڕۆژی 2018/4/11 کاژێر حەوت چووم بۆ ماڵەکەیان و دوو منداڵەکەم ناردەوە بۆ ماڵی خۆمان. بە کچەکەم گوت وەرە لەگەڵم، بەڵام نەهات و زۆر قسەی ناشیرینی پێگوتم، ویستم بەزۆر بیهێنمەوە، بەڵام پەلاماری دام و چەقۆی لێ بەرزکردمەوە، منیش چەکم بردبوو، گوللەیەکم لە دیوارەکەدا تا بترسێت، بەڵام ئەو هەر هێرشی بۆ دەهێنام، بۆیە دوو سێ گوللەم لە سەر و قۆڵ و سنگی دا و کوشتم".

(ج) پەشیمان نییە لەو کارەی و دەڵێت: "ئەوەی لێی پەشیمانم بینینی ئەو دوو منداڵەیە، بەڵام هیچ ڕێگەچارەیەکم نەمابوو، ئەگینا من بەم تەمەنەوە دەبێت لە زیندان بم؟".

رائید هۆگر عەزیز، گوتەبێژی پۆلیسی هەولێر لەبارەی ئەو کەیسەوە بە (ڕوودلو)ی گوت: "دوای ئاگادارکردنەوەمان لە حاڵەتێکی کوشتن لە ڕۆژی 2018/4/11 ، دەست بە لێکۆڵینەوە لە ڕووداوەکە کرا و بکوژەکە ئاشکرا بوو کە باوکی کچەکەیە و لەسەر کێشەی کۆمەڵایەتی سێ گوللەی لە کچەکەی داوە، ئێستاش بەپێی ماددەی 406 لە یاسای سزادانی عێراقی دەستگیرکراوە".



دوای مانگێک ئاشکرابوو کە دڵنیا لەلایەن باوکییەوە کوژراوە

# ژنەکەی کوشت و پاشان خۆیشی کوشت

**ڕوودلو- رانیە**

ئەحمەد لە دەنگدانی تایبەت دەنگی دا، بەڵام هاوژینەکەی پێ ڕانەگەیشت لە دەنگدانی گشتی دەنگ بدات و ئەحمەد کۆتایی بە ژیانی هێنا، پاشان خۆیشی کوشت.

کاژێر چواری بەرەبەیانی ڕۆژی 2018/5/12 پیاوێکی تەمەن 51 ساڵ بەناوی ئەحمەد حەمەد حەسەن، باوکی چوار منداڵ کە دانیشتووی گەڕەکی کێوەڕەشی رانیە بوو، هاوژینەکەی خۆی بە ناوی بەناز حەسەن خدر دایە بەر دەستڕێژی گوللە و کوشتی، پاشان کۆتایی بە ژیانی خۆیشی هێنا.

مەلا عومەر کە خزمی ئەحمەدە، بە (ڕوودلو)ی گوت: "ئەحمەد و بەناز 15 ساڵ بوو هاوژین بوون، ئەوان هیچ کێشەیان نەبوو، تا ئەو ڕۆژەی ئەحمەد تووشی نەخۆشیی شەکرە بوو، بەو هۆیەوە پەنجەیەکی قاچیان بڕییەوە، ئەحمەد زۆر لە نەخۆشییەکەی دەترسا، بۆیە تووشی نەخۆشیی دەروونی بووبوو، زۆرجار لە خۆیەوە دەچووە دەرەوە و دەیگوت کەسێک بانگم دەکات". مەلا عومەر لەبارەی ژنەکەش دەڵێت: "بەناز ئافرەتێکی زۆر باش بوو، بەرگدروویەکی زۆر دەستڕەنگین بوو، هاوکارێکی باشی هاوژینەکەی بوو".

مەلا عومەر باسی ڕۆژی ڕووداوەکە دەکات و دەڵێت: "هەموویان خەوتبوون، تەنیا ئەحمەد بەخەبەر بوو، چەکەکەی دەرهێنابوو، پێنج گوللەی لە بەناز دابوو، پاشانیش گوللەیەکی لە ملی خۆی دابوو، منداڵەکانی بە دەنگی تەقەکان بەئاگا هاتبوونەوە". گوتیشی "پێموایە تاکە هۆکاری ڕووداوەکە، تەنیا نەخۆشییەکەی ئەحمەد بووە، کاتێک زانیبووی بەناز گیانی دەرچووە، گوللەیەکی لە خۆیشی دابوو، ئەویش دەستبەجێ گیانی دەرچووبوو".

ئەحمەد و بەناز لە تەنیشت یەکدی نێژران، سەبارەت بە هەڵوێستی بنەماڵەی بەناز، مەلا عومەر گوتی: "ئەوان هیچ هەڵوێستی خراپیان نەبووە، چونکە دەزانن ڕووداوەکە دەستی کەسی تێدانییە و هۆکارەکەش بۆ ئەوان ڕوونە".

بەڵام سەرچاوەیەک لە بنەماڵەی بەناز کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، بە (ڕوودلو)ی گوت: "ئەحمەد پێشمەرگە بوو، هەموومان دەمانزانی کە نەخۆشیی شەکرەکەی تووشی شڵەژانی دەروونیی کردبوو، پێشتر دوو جار بە چەک پەلاماری ماڵ و منداڵەکەی داوە، نەدەبوو بهێڵن چەکی لەلابێ".

ئەو سەرچاوەیە هەروەها دەڵێت: "ئەحمەد تەقەی لە کچەکانیشی کردبوو کە لە تەنیشت دایکیان خەوتبوون، بەڵام بەرنەکەوتبوون، ئەوان بە دەنگی تەقە بەخەبەر هاتبوون، شۆک بووبوون، نەیاندەزانی بچنە سەر تەرمی باوکیان یان دایکیان".

فەرمان ئەحمەد پیرۆت، بەڕێوەبەری کارگێڕیی نەخۆشخانەی گشتیی رانیە بە (ڕوودلو)ی گوت: "کاژێر چوار و نیوی بەیانی دوو تەرمیان هێنا بۆ نەخۆشخانەکەمان. دوای ڕێکارە پزیشکییەکان دەرکەوت ژنەکە بە پێنج گوللە کوژراوە، پیاوەکەش بە گوللەیەک کۆتایی بە ژیانی خۆی هێناوە، دوای ڕێکارەکان تەرمەکان درانەوە کەسوکاریان".

بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی ڕاپەڕین لەلاپەڕەی تایبەتی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک لەبارەی ڕووداوەکە نووسیویەتی: "کاژێر چوار و نیوی بەرەبەیانی ڕۆژی شەممە 2018/5/12 هاووڵاتییەک خێزانەکەی دەکوژێت و دواتریش بەفیشەکێک خۆی دەکوژێت. پیاوەکە تەمەنی (51) ساڵە و هاوسەرەکەی تەمەنی (35) ساڵە و ژنی ماڵەوە بووە و لە ماڵەکەی خۆیان کوژراون و شوێنەواری فیشەک بەسەر جەستەی هەردووکیانەوە هەیە".

سەبارەت بە هۆکاری ڕووداوەکەش پۆلیس دەڵێت "بەگوێرەی گوتەی کوڕ و کچەکانی کوژراوەکان، باوکیان چەند ساڵێکە تووشی نەخۆشیی دەروونی بووە، بەڵام کێشەیان لەگەڵ هیچ کەسێک نەبووە و لەناوخۆیاندا زۆر تەبا بوون، باوکیان لەبێ ئاگاییدا تاوانەکەی کردووە".





ئەحمەد بەهۆی نەخۆشی شەکرەوە تووشی نەخۆشیی دەروونیش بوو

# گەنجێک لەسەر کێشەی زەویوزار دەکوژرێ

**دیمەن بورهان**
**ڕوودلو- هەولێر**

لە دوایین پۆستیدا لە فەیسبووک، باسی دابڕانی کردبوو، وەک بڵێی دڵی هەواڵی پێدابێت کە ئیتر ئازیزانی نابینێتەوە. سەرعێل بەکر بەهۆی ململانێ و کێشەی زەویوزار لەنێوان دوو بنەماڵەدا بوو بە قوربانی و بە چەند گوللەیەک کوژرا.

سەرعێل لە دواقۆناغی خوێندنی ئامادەیی بوو، چوار ڕۆژ پێش کوژرانی، کامێرایەکی کڕیبوو، دەیویست دوای خوێندن ببێتە فۆتۆگرافەر. بەکری حاجی ڕەفعەت کە لە پرسەی کوڕەکەی دانیشتبوو، دەڵێت "سەرعێل گەنجێکی هێمن و ڕۆشنبیر بوو، هیچ کات لەگەڵ شەڕ و کێشەدا نەبوو، ئەو خەونی هەبوو ببێتە فۆتۆگرافەر، نەک چەک هەڵگرتن و دوژمنایەتی".

بەکر خەڵکی گوندی ملەسوورەی سەر بە شارۆچکەی سەرقەڵای گەرمیانە، ئەو لەگەڵ کەسوکارەکەیدا لەو گوندە دەژین. بەپێی زانیارییەکانی ڕوودلو ماوەی 25 ساڵە لەو گوندە کێشەی زەویوزار جارجارە سەرهەڵدەدات و سەرۆک عەشیرەتەکەیان بە دانیشتن بۆیان چارەسەر دەکات، بەڵام ئەمساڵ کێشەکە گەورە بوو، هەرچەند هەردوو بنەماڵە خزمی یەکدین و لە عەشیرەتی گەورەی تەرخانین، بەڵام لەسەر دابەشکردنی 300 دۆنم زەوی کێشە دەکەوێتە نێوانیان. سێ هەفتە لەمەوبەر کوڕێکی بەکر چەقۆی لە کەسێکی بنەماڵەی بەرامبەریان دابوو، دواتر لەلایەن پۆلیسەوە دەستگیر کرا.

بەهۆی ئەو شەڕەوە بنەماڵەی بەرامبەر ناوەستن و بە 5 کەس ڕێ بە گەڕانەوەی ئۆتۆمبێلێکی ماڵی بەکر بۆ گوندی ملەسوورە دەگرن کە خۆی و کچەکەی و سەرعێلی کوڕی تێدابوون، دەستڕێژی گوللەیان لێدەکەن، بەکر گوتی "کە دەستڕێژیان لێکردین، هیچ گوللەیەکمان بەرنەکەوت، بەڵام ئەوان نزیکتر دەبوونەوە لە ئێمە، بۆیە سەرعێل گوتی بابە دەبێت بەرگری لە خۆمان بکەین، ئەگینا هەموومان دەکوژن، لە ئۆتۆمبێلەکە هاتینە خوارەوە و ڕووبەڕوویان بووینەوە، بەڵام سەرعێلی کوڕم کوژرا".

بەکر پێیوایە غەدری لێکراوە و دەڵێت: "دەمەوێت یاسا مافی کوڕەکەم وەربگرێتەوە، تازە کوڕەکەم لەدەستچوو، کوڕێکی دیکەشم سێ هەفتەیە لە زیندانە، بەبێ ئەوەی ئێمە تاوانمان هەبێت، ئەوان دەیانەوێت ئێمە لەسەر ئەم زەوییە بسڕنەوە و نەمانهێڵن. پێشتر کوڕەکەم چووبووە لایان تەنیا بۆ ئەوەی پێیان بڵێت ئاژەڵ مەکەنە ناو زەوی ئێمە، بەڵام ئەوان شەڕیان لەگەڵ کردبوو، بۆیە ئەویش چەقۆی لە یەکێکیان دابوو، دواتریش خۆی رادەستی پۆلیس کرد، بۆیە ئێمە لە یاسا دەرنەچووین".

مامۆستا و هاوڕێکانی سەرعێل لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک پەیتاپەیتا هاوخەمی بۆ ئەو گەنجە دەنووسن و هەموویان بەداخن لەوەی گەنجان دەبنە قوربانیی کێشەی عەشایەری و زەویوزار لەو دەڤەرە.

مامۆستا فاتیح حوسێن یاریدەدەری قوتابخانەی کاوەی بنەڕەتی کە سەرعێل تێیدا قوتابی بوو، هێندە پەرۆشی مەرگی سەرعێل بوو بە گریانەوە بە (ڕوودلو)ی گوت: "سەرعێل نموونەی قوتابی بەڕەوشت بوو، گەنجێکی بێ کێشە بوو، بەداخەوە کە ئەو ڕووداوە دڵتەزێنە ڕوویدا، ئێمە و هاوڕێکانی زۆر بۆی بەداخین، داوا لە بەرپرسان دەکەین کە ئەم دیاردەی چەکهەڵگرتنە قێزەونە نەهێڵن، چونکە هۆکاری سەرەکی هەموو ڕووداوەکانە".

محەممەد، هاوڕێ و هاوپۆلی سەرعێلە، ئەو وێنەی سەرعێلی کردووەتە پرۆفایلی فەیسبووکەکەی خۆی و گوتی "ئاستی فکر و ڕەوشتی سەرعێل زۆر بەرز بوو، خەونەکانی زۆر جوان بوون، بەڵام بووە قوربانیی تۆڵە و شەڕی نێوان دوو بنەماڵە".

رائید عەلی جەمال قەدوری، گوتەبێژی پۆلیسی گەرمیان لەبارەی ئەو کەیسە بە (ڕوودلو)ی گوت: "ڕۆژی 2018/5/10 بەهۆی کێشەی زەویوزار لە ملەسوورەی سەرقەڵا لە گەرمیان لەنێوان دوو بنەماڵەدا شەڕ دروستبووە و گەنجێک بووە قوربانی، پێنج کەس بە تۆمەتی کوشتنی ئەو گەنجە بەپێی ماددەی 406 لە یاسای سزادانی عێراقی دەستگیرکراون".



ئەنجامی نافەرمی کورسی لایەنە کوردستانییەکان:

# پارتی 26 کورسی، یەکێتی 16 کورسی، گۆڕان 6 کورسی

**نەوەی نوێ 5 کورسی، هاوپەیمانی 3 کورسی، کۆمەڵ 3 کورسی و یەکگرتوو 3 کورسی**

**لیستەکەی سەدر و عەبادی براوە و نووری مالیکی دۆڕاوی ئەم هەڵبژاردنە بوو**

**30** کورسیمان هێناوە
پارتی



هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق پاشەکشەی بە ئیسلامییەکانی کوردستان کرد (فۆتۆ: AFP)

**25** کورسیمان هێناوە
یەکێتی

سالح قادر
رووداو – هەولێر

پارتی بە هێزی یەکەمی کوردستان مایەوە، یەکێتی لە شکستێکی گەورەی چاوەڕوانکراو ڕزگاری بوو، گۆڕان پاشەکشەی کرد، نەوەی نوێ سورپرایزی هەڵبژاردن بوو، هێزی ڕاستەقینەی بەرهەم ساڵح دەرکەوت. موقتەدا سەدر پێش عەبادی کەوت و دەنگی تووڕەی شەقامی عێراقی چنییەوە، سوننە زیاتر پەرتەوازە بوون و شەمەندۆفێرەکەی مالیکی تێکشکا. ئەمە تابلۆی دوایین هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق بوو کە ڕۆژی 2018/5/12 بەڕێوەچوو.

بۆ یەکەمجار لە مێژووی عێراقدا، هەڵبژاردن بە سیستمی ئەلیکترۆنی بەڕێوەچوو کە پێش بەڕێوەچوونی پرۆسەکە، بە بڕوای زۆربەی چاودێران و تەنانەت خودی حیزبەکانیش، ئەم سیستمە هیچ بوارێکی بۆ ساختەکاری و گۆڕینی ئەنجامەکان نەهێشتووەتەوە، بەڵام دواتر کاغەزی ئەنجامەکان لە بەرژەوەندی زۆربەی لایەنەکاندا نەبوو. بزووتنەوەی گۆڕان هەر زوو ڕایگەیاند کە سیستمی ئەلیکترۆنی دەنگدان هاککراوە. بەدوای ئەوانیشدا یەکگرتووی ئیسلامی و کۆمەڵی ئیسلامی و هاوپەیمانی بۆ دیموکراسی و دادپەروەری، هەروەها ئەنجوومەنی سەرکردایەتی پارتی لە سلێمانی ڕایانگەیاند کە لە سنووری پارێزگای سلێمانی یاری بە دەنگەکان کراوە.

## پارێزگای دهۆک

بەپێی ئەنجامە بەراییەکانی هەڵبژاردنی گشتی لە پارێزگای دهۆک، دەنگەکانی پارتی بەشێوەیەکی بەرچاو زیادیان کردووە. بەپێی ئەنجامی نافەرمی کە لە دەزگای هەڵبژاردنی پارتی لە دهۆک دراوەتە (رووداو) پارتی لە دهۆک کە لە هەڵبژاردنی ڕابردوو (340977) دەنگ و (8) کورسی هێنابوو، ئەمجارە تەنیا لە دەنگدانی گشتی 315199 دەنگی هێناوە. بەو ئەنجامەش لە 11 کورسییەکەی دهۆک 10 کورسی بۆ پارتی یەکلابووەتەوە.

یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان کە لە هەڵبژاردنی 2014دا لە پارێزگای دهۆک (84464) دەنگ و دوو کورسی هەبوو، ژمارەی دەنگەکانی بۆ زیاتر لە نیوە دابەزیوە و (41690) دەنگی هێناوە، بەو ئەنجامەش یەک کورسی دەبات.

یەکێتی کە لە هەڵبژاردنی ڕابردوو بە بەدەستهێنانی (37457) دەنگ، کورسییەکی هێنا، بەهۆی هاوپەیمانێتییەکەی بەرهەم ساڵح دەنگەکانی لە بادینان پەرت بوون ، تەنیا توانیویەتی 23197 دەنگ کۆبکاتەوە، بەمەش ئەستەمە کورسی بهێنێ. هەروەها قەوارەکەی بەرهەم ساڵح 24280 دەنگی هێناوە. نەوەی نوێ 17318 دەنگ، کۆمەڵ 3522 دەنگ، بزووتنەوەی گۆڕان 3537 دەنگ.

هەر بەپێی بەدواداچوونی (رووداو) بەشێک لە کاندیدەکانی پارتی لە پارێزگای دهۆک دەنگی پێویستیان بۆ گەیشتنە پەرلەمان هێناوە، لەوانەش "د.ئارام بالەتەیی 27402 دەنگ، بەیار دۆسکی 25160 دەنگ، ڤیان سەبری 19136 دەنگ، وەسفیە محەممەد 16 هەزار و 739 دەنگ، هەندرێن لەزگین، 16739 دەنگ، عومەر عەلی ڕێکانی 15490 دەنگ، عەبدولڕەحمان عومەر 14586 دەنگ، دالیا فەرهاد 13899 دەنگ، ئەحمەد سلێمان سەفار 13987 دەنگ". هەروەها جەمال کۆچەر لە یەکگرتووی ئیسلامی دەنگی پێویستی بۆ گەیشتنە پەرلەمان هێناوە.

## پارتی لە مووسڵ سێیەمە

بەپێی ئەو ئەنجامەی لەلایەن کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان دانراوە، ڕێژەی بەشداری لە شاری مووسڵ تەنیا 30% بووە، ئەمەش بە قازانجی پارتی شکاوەتەوە کە بەپێی ئەنجامە نافەرمییەکان سەرەڕای کەمبوونەوەی دەنگەکانی، بەڵام بەراورد بە هەڵبژاردنی ڕابردوو کورسییەکی زیاد کردووە.

پارتی لە هەڵبژاردنی ڕابردوودا لە پارێزگای مووسڵ (185804) دەنگ و شەش کورسی هێنابوو، بەڵام ئەم هەڵبژاردنە (78137) دەنگی هێناوە. عیسمەت ڕەجەب، بەرپرسی لقی 14ی پارتی دیموکراتی کوردستان لە مووسڵ، بە ماڵپەڕی پارتی ڕاگەیاند: "سەرەڕای ئەوەی هێشتا ئەنجامەکان بە تەواوی ئاشکرا نەکراون و دەنگەکانی سنووری مووسڵ هەندێک پەرشوبڵاوە، لەبەر ئەوەی بەشێک لە دەنگەکان لە مووسڵ و بەشێک لە دەشتی نەینەوا و بەشێکیش لەناو ئاوارەکانن لە هەرێمی کوردستان، بەڵام بەپێی ئەنجامە سەرەتاییەکان شەش کورسی دێنین."

یەکێتی لە هەڵبژاردنی ڕابردوو 70145 دەنگ و دوو کورسی لە پارێزگای نەینەوا هێنابوو، ئەم هەڵبژاردنەش 22895 هەزار دەنگی هێناوە، ئەگەرێکی لاواز هەیە کورسییەک ببات. هەر بەپێی ئەنجامە نا فەرمییەکان لیستی نەسری حەیدەر عەبادی لە مووسڵ زۆرترین دەنگی هێناوە، دوای ئەویش لیستی وەتەنییەی ئەیاد عەلاوی دێ، بەڵام لیستەکەی نجێفی چوارەم بووە.

## کورسییەکانی هەولێر

بەپێی ئەنجامە بەراییە نافەرمییەکان، دەنگەکانی پارتی لە پارێزگای هەولێر بەڕێژەیەکی زۆر لە پێش حیزبەکانی دیکەوەیە. پارتی لە هەڵبژاردنی ڕابردوو لەو پارێزگایە 354735 دەنگ و حەوت کورسی هێنابوو، بەڵام ئەمجارە کورسییەکی زیاد کردووە.

سەرجەم حیزبەکانی دیکەش دەنگیان کەمی کردووە، یەکێتیی نیشتیمانی کوردستان کە لە هەڵبژاردنی ڕابردوو لە پارێزگای هەولێر 168688 دەنگ و چوار کورسی هێنابوو، لە چەند بنکەیەکی هەڵبژاردن لە پێش پارتییەوە بوو، بەڵام ئەمجارە دەنگەکانی بەشێوەیەکی بەرچاو دابەزیون، تەنانەت لە هەندێک بنکەدا نەوەی نوێ پێش یەکێتی کەوتووە. بەپێی ئەنجامە نافەرمییەکان یەکێتی 3 کورسی، گۆڕان 1 کورسی، هاوپەیمانی (0-1) کورسی، نەوەی نوێ 2 کورسی، کۆمەڵ 1 کورسییان هێناوە. یەکگرتووش ئەوە دووەم هەڵبژاردنە لە هەولێر کورسی ناهێنێ. بەو پێیە بە بەراورد لەگەڵ هەڵبژاردنی ڕابردوو یەکێتی یەک کورسی، گۆڕان یەک کورسی و کۆمەڵی ئیسلامی یەک کورسییان لە پارێزگای هەولێر کەم کردووە.

کورسیی حیزبەکان بەپێی پارێزگاکان (ئەنجامی نا فەرمی)

| حیزبەکان | هەولێر | سلێمانی | دهۆک | نەینەوا | کەرکووک | دیالە | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| پارتی | 8 | 1 | 10 | 7 | 0 | 0 | 26 |
| یەکێتی | 3 | 6 – 5 | 0 | (1 – 0) | 5 | 1 | 16 – 15 |
| گۆڕان | 1 | 5 – 4 | 0 | 0 | 0 | 0 | 6 – 5 |
| نەوەی نوێ | 2 | 3 – 2 | 0 | 0 | 0 | 0 | 5 – 4 |
| هاوپەیمانی | (1 – 0) | 2 | 0 | 0 | 0 | 0 | 3 – 2 |
| کۆمەڵ | 1 | 2 – 1 | 0 | 0 | 0 | 0 | 3 – 2 |
| یەکگرتووو | 0 | 1 | 2 – 1 | 0 | 0 | 0 | 3 – 2 |

### دەنگی سپی لە هەولێر لە پێش چوار حیزبە

بەپێی ئەو ئەنجامە نا فەرمیانەی لەلایەن ناوچەکانی پارتی لە سنووری لقی دوو کۆکراونەتەوە، لە سنووری ئەو لقە کە دەکاتە سەنتەری شاری هەولێر، 571779 کەس دەنگیان داوە، پارتی 102173 دەنگ، یەکێتی 26734 دەنگ، گۆڕان 16929 دەنگ، هاوپەیمانی 20029 دەنگ، کۆمەڵ 18848 دەنگ، یەکگرتوو 15334 دەنگ، نەوەی نوێ 31139 دەنگ و دەنگی سپیش بریتی بووە لە 25404 دەنگ.

بەپێی ئەو ئەنجامە نافەرمییە، لە سەنتەری شاری هەولێر پارتی یەکەمە، نەوەی نوێ دووەمە و دەنگی سپیش سێیەمە. واتە لە دەنگی یەکگرتوو، گۆڕان، هاوپەیمانی و کۆمەڵ زیاترە.

## سلێمانی سەوز بووەوە

لەدوای دروستبوونی بزووتنەوەی گۆڕان، دەستەواژەی دەڤەری سەوز بۆ نیلی گۆڕا، بەڵام لەو هەڵبژاردنە جارێکی دیکە دەڤەری سلێمانی سەوز بووەوە. یەکێتی سەرەڕای کەمبوونەوەی دەنگەکانی، بەڵام هەر زوو مژدەی سەرکەوتنی لەو پارێزگایە ڕاگەیاند.

یەکێتی کە لە هەڵبژاردنی 2014دا 294265 دەنگ و شەش کورسی هێنا، بۆ ئەم هەڵبژاردنە بە گوێرەی سەرچاوەیەکی باڵای ئەو حیزبە بۆ (رووداو)، ڕەنگە 5-6 کورسی بهێنێ. بزووتنەوەی گۆڕانیش کە هەڵبژاردنی ڕابردوو 347799 دەنگ و 7 کورسی هێنابوو، پێشبینی (4-5) کورسی بۆ دەکرێ. کۆمەڵی ئیسلامی لە هەڵبژاردنی ڕابردوو (57102) دەنگ و یەک کورسی هێنابوو، پێشبینی دەکرێ ئەمجارە (1-2) کورسی بهێنێ. یەکگرتوو پێشتر (81392) دەنگ و یەک کورسی هێنابوو، پێشبینی دەکرێ تەنیا ئەو کورسییە بهێنێتەوە. هەرچی پارتییە کە لە هەڵبژاردنی ڕابردوو بە (93410) دەنگەوە 2 کورسی هێنابوو، پێشبینی دەکرێ کورسییەک لەدەست بدات، بەڵام سایتی فەرمی پارتی دەڵێت سێ کورسییان مسۆگەر کردووە. سەبارەت بە دوو هێزە نوێیەکەش، پێشبینی دەکرێ نەوەی نوێ (2-3) کورسی ببات، هەروەها هاوپەیمانی بۆ دیموکراسی و دادپەروەری 2 کورسی ببات.

بەپێی ئەو زانیاریانەی دەست (رووداو) کەوتوون، ئەم کاندیدانە لە پارێزگای سلێمانی دەنگی پێویستیان بۆ پەرلەمان هێناوە (یەکێتی: جوان ئیحسان، بەختیار شاوێس، بڵێسە جەبار فەرمان، فەرەیدوون نامدار. لە بزووتنەوەی گۆڕان: یوسف محەممەد و عەدنان عوسمان. پارتی: دانای شەهید جەزا عەلی کاتب. یەکگرتوو: موسەننا ئەمین. هاوپەیمانی: د.ڕێبوار کەریم، نەوەی نوێ: سەرکەوت شەمسەددین).

## کورسییەکانی کەرکووک

پارتی بایکۆتی هەڵبژاردنی لە کەرکووک کردبوو، یەکێتیش بەهۆی ڕووداوەکانی 16ی ئۆکتۆبەرەوە پێشبینی کەمبوونەوەی دەنگەکانی بەشێوەیەکی بەرچاو دەکرا، بەڵام بەپێی سەرچاوەیەکی باڵا، یەکێتی کە لە هەڵبژاردنی ڕابردوو لەو پارێزگایە بە بەدەستهێنانی (209964) دەنگ، شەش کورسی بردەوە، ئەم هەڵبژاردنە 5 کورسی بردووەتەوە.

عەرەب و تورکمانەکانی کەرکووک کە لە هەڵبژاردنی ڕابردوو چوار کورسییان هێنابوو، ئەمجارە سێ کورسییان زیاد کردووە، بەڵام هێشتا لە ئەنجامەکە ڕازی نین و پێیانوایە ساختەکاری لە بەرژەوەندی لایەنێکی سیاسی لە کەرکووک کراوە. ڕاکان سەعید، پارێزگاری کەرکووک بە وەکالەت کە عەرەبە، هەرزوو ئەنجامەکانی هەڵبژاردنی ڕەتکردەوە.

## پارتی و یەکێتی: 55 کورسیمان هێناوە

هەرچەندە کۆمیسیۆن بە فەرمی ئەنجامی هەڵبژاردنی ڕانەگەیاندووە، بەڵام پارتی و یەکێتی لە میدیاکانیانەوە ژمارەی کورسییەکانیان بڵاوکردووەتەوە.

د. بڕیار ڕەشید وتەبێژی دەزگای هەڵبژاردنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ئەنجامی دەنگەکانی یەکێتی بۆ میدیای حیزبەکەی ئاشکرا کردووە کە بە گوتەی ئەو بەوشێوەیەیە: پارێزگای هەولێر 3 بۆ 4 کورسی، پارێزگای سلێمانی 7 کورسی، پارێزگای کەرکووک 6 بۆ 7 کورسی، پارێزگای دهۆک 1 کورسی، پارێزگای نەینەوا 2 بۆ 3 کورسی، پارێزگای دیالە 2 کورسی و پارێزگای سەلاحەددین 1 کورسی".

هەروەها "سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراو" ئەنجامی دەنگەکانی پارتی بۆ میدیای حیزبەکەی ئاشکرا کردووە. بە گوتەی ئەو سەرچاوەیە پارتی لە سنووری پێنج پارێزگادا 30 کورسی هێناوە "دهۆک 9 کورسی، نەینەوا 8 کورسی، هەولێر 9 کورسی، سلێمانی سێ کورسی و دیالە 1 کورسی".

## موقتەدا سەدر سەرکەوت

بەپێی ئەنجامی بەرایی 10 پارێزگای عێراق کە شەوی ڕابردوو کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان بڵاوی کردەوە، لیستی سائیرون بە سەرۆکایەتی موقتەدا سەدر زۆربەی دەنگەکانی هێناوە.

لیستی سائیرون لە کۆی 15 پارێزگای عێراق لە شەش پارێزگا یەکەم بووە، فەتح لە چوار پارێزگا و نەسریش تەنیا لە پارێزگای نەینەوا یەکەم بووە.

بەپێی ئەنجامە بەراییەکان لیستی سائیرون 1 ملیۆن و 371 هەزار و 19 دەنگی لە سەرجەم عێراق هێناوە. هەروەها لیستی نەسر بە سەرۆکایەتی حەیدەر عەبادی پلەی دووەمی بەدەستهێناوە بە 1 ملیۆن و 11 هەزار و 602 دەنگ.

## شەش حیزب ئەنجامی هەڵبژاردن ڕەتدەکەنەوە

ئەو حیزبانەی بەراورد بە هەڵبژاردنی ڕابردوو دەنگیان کەمی کرد، هەرزوو تانەیان لە ئەنجامی هەڵبژاردن دا، بزووتنەوەی گۆڕانیش کە لە هەڵبژاردنی ڕابردوو 9 کورسی هێنا و پێشبینی دەکرێ سێ کورسی لە دەست بدات، یەکەم حیزب بوو ئەنجامی هەڵبژاردنی ڕەتکردەوە. هەر بەو هۆیەوە لە شاری سلێمانی پشێوی دروستبوو. میدیای گۆڕان بڵاوی کردەوە کە هێزێکی دژە تیرۆری یەکێتی پەلاماری گردی زەرگەتەی داوە.

بزووتنەوەی گۆڕان لە بەیاننامەیەکدا دەڵێت "ئێمە لە بزوتنەوەی گۆڕان سەرتاپای ئەنجامەکانی ئەو هەڵبژاردنە لە پارێزگاکانی هەرێم و کەرکووک و هەندەران ڕەتدەکەینەوە و... ڕێکاری یاسایی و هەوڵی سیاسی دەگرینەبەر". هەروەها دەڵێت: "دەنگدەرانی بزووتنەوەی گۆڕان دڵنیا دەکەینەوە کە بەهیچ شێوەیەک سازش لەسەر دەنگەکانیان ناکەین و مافەکانیان بۆ دەگێڕینەوە و هەموو بژارەیەکیش لە بەردەم بزووتنەوەی گۆڕاندا کراوەیە".

ڕۆژی 2018/5/13 شەش لایەنی کوردستانی بەشدار لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق کە پێکهاتبوون لە بزووتنەوەی گۆڕان، کۆمەڵی ئیسلامی، یەکگرتووی ئیسلامی، هاوپەیمانی بۆ دیموکراسی و دادپەروەری، شیوعی و بزووتنەوەی ئیسلامی لە بارەگای سەرەکی هاوپەیمانی لە سلێمانی کۆبوونەوە و ئەنجامی دەنگەکانیان لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق ڕەتکردەوە. لە ڕاگەیێندراوێکدا شەش حیزبەکە ڕوونکردنەوەیەکیان بۆ دەزگاکانی ڕاگەیاندن خوێندەوە و دەڵێن "بەڵگەی تەواومان لەبەردەستە کە ساختەکاری کراوە و ئەنجامی هەڵبژاردنەکانیش گاڵتەجاڕییە و دەبێ ئەنجامی هەڵبژاردنەکان هەڵبوەشێندرێنەوە".

ئەنجامی بەرایی دەنگی حیزبە کوردستانییەکان لە شەش پارێزگادا

| حیزبەکان | هەولێر | سلێمانی | دهۆک | نەینەوا | کەرکووک | دیالە | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| پارتی | 282298 | 43866 | 315199 | 78137 | – | 9523 | 729023 |
| یەکێتی | 69561 | 219010 | 23197 | 22895 | 166204 | 25198 | 526065 |
| گۆڕان | 38018 | 144574 | 3537 | – | – | – | 186129 |
| نەوەی نوێ | 67240 | 60444 | 17318 | 1892 | 9638 | 3283 | 159815 |
| هاوپەیمانی | 47066 | 43431 | 24280 | | – | | 114777 |
| کۆمەڵ | 34822 | 48319 | 3522 | | | | 86663 |
| یەکگرتووو | 23402 | 28705 | 41690 | 832 | 3663 | – | 98292 |
| نیشتیمان | | | | 2440 | 10525 | | 12965 |

## کۆمیسیۆن: دەنگەکانی هەرێمی کوردستان بە دەست نازمێردرێنەوە

**رووداو – هەولێر**

سەرەڕای ئەوەی چەند لایەنێک لە هەرێمی کوردستان و عێراق داوادەکەن سەرجەم دەنگەکان بەدەست بژمێردرێنەوە، بەڵام بەڕێوەبەرێکی کۆمیسیۆن ڕەتیدەکاتەوە پلانێکی لەمشێوەیان هەبێت. یوسف سەلمان، بەڕێوەبەری لقی دهۆکی کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان بە (رووداو)ی ڕاگەیاند: "دەنگەکانی هەرێمی کوردستان بەدەست هەژمارناکرێنەوە. تاوەکو ئێستاش لەمبارەیەوە هیچ شتێکمان بەدەست نەگەیشتووە و هیچ شتێکیش لەبارەی هەژمارکردنەوەی دەنگەکان لەئارادا نییە." بزووتنەوەی گۆڕان، یەکگرتووی ئیسلامی، هاوپەیمانی بۆ دیموکراسی و دادپەروەری و کۆمەڵی ئیسلامی دەڵێت ڕایانگەیاند ساختەکارییەکی زۆر بەتایبەت لە پارێزگای سلێمانی کراوە.



# زێباری بۆ نێوانگیریی یەکێتی و گۆڕان چووە سلێمانی



**رووداو– هەولێر**

تەنیا چەند کاژێرێک دوای داخرانی دەرگای بنکەکانی هەڵبژاردن، دۆخی سلێمانی بەهۆی نارەزایەتیی بزووتنەوەی گۆڕان و پێنج هێزی دیکە لە ئەنجامەکانی هەڵبژاردن تێکچوو. هەر شەش هێزەکە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بەوە تۆمەتبار دەکەن کە دەستکاریی دەنگەکانی کردووە و یەکێتیش ڕەتی دەکاتەوە. لە گەرمەی قڵیشانەوەی دۆخی سلێمانیدا، بەرپرسێکی باڵای پارتی لە هەولێرەوە بەرەو سلێمانی بەڕێدەکەوێ بۆ ئەوەی دۆخەکە هێور بکاتەوە.

بەگوێرەی ڕاپۆرتێکی ئاژانسی (ڕۆیتەرز)ی بەریتانی، ئاڵۆزیی دۆخی سلێمانی تاوەکو بەرەبەیانی ڕۆژی یەکشەممەش بەردەوام بووە. دۆخەکە کاتێک تێکچوو کە هەر یەکە لە بزووتنەوەی گۆڕان، یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان، کۆمەڵی ئیسلامی و هاوپەیمانی بۆ دیموکراسی و دادپەروەری و بزووتنەوەی ئیسلامی و حیزبی شیوعی کوردستان، یەکێتییان بەوە تۆمەتبار کرد کە سندوقەکانی دەنگدانی هاک کردووە.

ڕاپۆرتەکەی ڕۆیتەرز ئاشکرای دەکات کە هۆشیار زێباری لە کاتی ئاڵۆزییەکەدا لە هەولێرەوە بەرەو سلێمانی کەوتووەتەڕێ، بۆ ئەوەی نێوبژیوانی بکات. لە گەرمەی گرژییەکەدا زێباری لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە بە ئاژانسە بەریتانیاکەی ڕاگەیاند "هێزە چەکدارەکان لەناو بارەگاکانی بزووتنەوەی گۆڕان و هاوپەیمانی بۆ دیموکراسی و دادپەروەری جێگیرکراون".

زێباری کە ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتییە، بە (ڕۆیتەرز)ی گوت "ئەگەر ئەنجامەکان دروست بوونایە، لەوانەیە یەکێتی چوار کورسی هێنابا، لەوانەیە". بە گوێرەی ئەنجامە نافەرمییەکان کە تاوەکو ئێوارەی یەکشەممە بڵاوکراونەتەوە، یەکێتی لە نێوان 5 بۆ 6 کورسی لە پارێزگای سلێمانی بەدەستهێناوە. ماڵپەری فەرمی یەکێتی ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە 7 کورسییان لەو پارێزگایە هێناوە.

زێباری لەبارەی هەوڵەکانی بۆ هێورکردنەوەی دۆخی سلێمانی دەڵێ "لەگەڵ هەموو لایەنەکان قسەم کرد، لە قسەکانیانەوە وادیار بوو کە ئەگەر لایەنەکان ئەنجامی جێی ڕەزامەندی خۆیان بەدەست نەهێنن، ئەوە پەنا بۆ شەڕی چەکداری لەسەر شەقامەکان دەبەن".

لایەنە نارازییەکان ڕایانگەیاندووە کە ئامادە نین ئەنجامەکانی سلێمانی قەبووڵ بکەن و داوایان کردووە دەنگەکان بە دەست بژمێردرێن، ئەگینا داوا لە بەغدا دەکەن هەنگاوی پێویست بنێ.

بزووتنەوەی گۆڕان و هاوپەیمانیی بۆ دیموکراسی و دادپەروەری لە یەکێتیی جیابوونەوە، لایەنگرانی هەردوو لایەنەکەش بە سەرسوڕمانەوە باسی ساختەکارییەکان بۆ (ڕۆیتەرز) دەکەن. عەبدوڵڵا کوردی، ئەندازیاری تەمەن 33 ساڵ و خەڵکی کەرکووک، لەمبارەیەوە بە ئاژانسە بەریتانییەکەی ڕاگەیاند "ئێمە ناوێکمان دەخستە نێو سندوقەکەوە، کەچی دواتر ناوی دیکە دەرچووە، ئەمە ساختەکارییەکی ڕووتە".

شیرین محەممەد، کاندیدی هاوپەیمانی، بە ئاژانسە بەریتانییەکەی ڕاگەیاندووە "فێڵەکان لە سندوقەکانی دەنگداندا کراون، بۆیەش داوای ژماردنی دەنگەکان بەدەست دەکەین، پارتە دەسەڵاتدارەکان، واتە پارتی و یەکێتی، لە پشت ئەمەن، ئێران و وڵاتانی دیکەش لە پشتیانن".

کۆمیسیۆنی سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق ئاماژەی بۆ ئەوە کردبوو کە ئەو سیستەمە نوێیە دەرچوونی ئەنجامەکان خێراتر و وردبینانەتر دەکا. کاروان ئەنوەر کە کادیرێکی باڵای یەکێتییە وێڕای ڕەتکردنەوەی نارەزایەتییەکان دەڵێ "ئەم تۆمەتانە هەڵەن، کۆمیسیۆنی هەڵبژاردنەکان ڕایگەیاندووە هەڵبژاردنەکان پاک بوون".

هۆشیار زێباری

**بە ئەنجامی دروست ڕەنگە یەکێتی چوار کورسی هێنابا**

# حیزبە نارازییەکان خۆزگە بە کۆمسیۆنەکەی کوردستان دەخوازن

**نەوزاد مەحموود**
**رووداو– سلێمانی**

ئەندامێکی پەرلەمانی کوردستان لە فراکسیۆنی گۆڕان، دەڵێ ئیدی هیچ مانایەک بۆ هەڵبژاردن نەماوەتەوە، تاوەکو بەو جۆرە مامەڵە بکرێ، باشترە بەشداریی هەڵبژاردن نەکرێ، بەرپرسێکی هاوپەیمانیش دەڵێت ساختەکاری لەو هەڵبژاردنانەش هەبوون کە کۆمسیۆنەکەی کوردستان کردوونی، بەڵام ئێستا دەڵێین ڕەحمەت لە کفندز".

زۆر بە باڵای ئەو سندووقە ئەلیکترۆنییانەدا گوتران کە ببوونە شانازی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق. بەڵام هەر دوای داخستنی بنکەکانی دەنگدان، حیزبەکان بەڕووی ئەنجامەکان و سندووقە زیرەکەکاندا تەقینەوە.

بێستوون فایەق، پەرلەمانتاری گۆڕان دەڵێت قەبارەی ساختەکاری لەم هەڵبژاردنەدا گەورەترە لەو هەڵبژاردنانەی لە کوردستان کراون "ساختەکاری لە هەڵبژاردنی ڕابردووش هەبوو، بەڵام ڕێژەکەی کەمتر بوو، چونکە دەنگەکان بە دەست دەژمێردران و ساختەکاری زۆرتر لەوە دەکرا کە دەنگی دووبارە دەدرا، بەڵام لەمەدا گۆڕانکاری لە ئەنجامەکان کراوە".

کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق، دڵنیایی زۆری دا لەبارەی ئەو ئامێرانەوە کە لە کۆریا هێناونی بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردن و ڕایانگەیاند ئامێرەکان لە باشترین جۆرن و پرۆسەی دەنگدان و جیاکردنەوەی ئەلیکترۆنیش بوار بۆ هیچ جۆرە ساختەکارییەک ناهێڵێتەوە. بەڵام عوسمان گوڵپی، ئەندامی ئەنجوومەنی بەڕێوەبردنی هاوپەیمانی بۆ دیموکراسی و دادپەروەری، ئەنجامی ئەو هەڵبژاردنەی ئامێرە زیرەکەکان بەڕێوەیان برد بە "فەزاحەت" ناو دەبات و دەڵێ: "ئەوەی کە کۆمسیۆنی هەڵبژاردن و ڕاپرسی هەرێمی کوردستان ئەنجامی دەدا ساختەکاری بوو، بەڵام ئەم هەڵبژاردنە فەزاحەت بوو".

ئەنجامی هەڵبژاردنەکەی ڕۆژی 12ی ئایار بەدڵی پارتی و یەکێتی و نەوەی نوێ بوو، بەڵام بزووتنەوەی گۆڕان و یەکگرتووی ئیسلامی و هاوپەیمانی و کۆمەڵی ئیسلامی و حیزبی شیوعی، پرۆسەکەیان ڕەتکردەوە و داوای ئەنجامدانەوەی هەڵبژاردن دەکەن.

مەروان گەڵاڵی، سەرۆکی فراکسیۆنی کۆمەڵی ئیسلامی لە پەرلەمانی کوردستان، هەرچەندە پێیوایە هەڵبژاردن جێگرەوەی نییە و جێگرەوەکانی پێشتر تاقیکراونەتەوە "بەڵام نابێ ئەو لایەنانەی دەنگی زۆریان هێناوە سڵ بکەنەوە لە هەژمارکردنەوەی دەنگەکان بەدەست، ئەگەر ئەنجامەکان هەروا دەرچوون، پیرۆزباییان لێدەکەین".

مەروان گەڵاڵی، لەبارەی ئەو هەڵبژاردنانەی کۆمسیۆنی کوردستان بەڕێوەی بردوون، ڕایەکی ئەرێنی هەیە و دەڵێ "ئەوەی کوردستان پرۆفیشناڵتر بوو، هەموو لایەنەکان ئەنجامەکانیان ڕەتنەدەکردەوە و بەدەست ژماردن باشتر بوو"، گوتیشی: "لەم هەڵبژاردنەدا، لەکاتی دەنگداندا ساختەکاری کەم کراوە، بەڵام دواتر ئامێرەکان هاک کراون و ژمارەکان شێوێندراون، من پێشنیاز دەکەم لە هەڵبژاردنی کوردستاندا ئەم ئامێرە زیرەکانە بەکاربهێنرێ، بەڵام دواتر بەدەست ئەژمار بکرێ".

پێشتر ڕزگار حەمە محێدین، جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی باڵای کۆمیسیۆنی سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق بە (رووداو)ی ڕاگەیاندبوو "ئامێرەکە بێ کێشەیە و دوو جار تێست کراوە"، بەڵام ئەیاد عەللاوی، سەرۆکی هاوپەیمانی وەتەنییە یەکێک لەو سەرکردانە بوو کە هەرزوو لەکاتی بانگەشەی هەڵبژاردندا ترسی خۆی دەربڕی کاتێک گوتی "ئامێرەکان بە مانگی دەستکردەوە بەستراونەتەوە و لەوانەشە مانگە دەستکردەکان لەلایەن چەند لایەنێکەوە کۆنترۆڵ کرابن".

موسەننا ئەمین، پاڵێوراوی ژمارە یەکی یەکگرتوو لە پارێزگای سلێمانی کە هێشتا دڵنیا نییە لە سلێمانی ئەوان دەتوانن کورسییەک بهێنن یان نا، دەڵێ دەتوانن بڵێن ساختەکاری بەڕێژەی 70% بووە "ئەگەر ڕێژەی ساختەکاری 15% بووایە تاراددەیەک پەسەند دەکرا. لە هەڵبژاردنەکانی پێشوو بەهەموو ڕێگا جۆراوجۆرەکان ڕێژەی ساختەکارییان دەگەیاندە 30%، بەڵام بەداخەوە ئەمجارە ڕێژەکە 70% بووە".

هەر شەش پارتە نارازییەکە ڕاگەیێندراوی توندیان لەبارەی هەڵبژاردنەکەوە بڵاوکردووەتەوە و چاوەڕوانن کۆمسیۆن ڕێکارێک بگرێتە بەر کە دڵنیایی بۆ ئەوان بگێڕێتەوە. بەڵام هێشتا روون نییە کۆمسیۆن دواهەمین قسەی خۆی لەو بارەیەوە چۆن دەکات.

بەبڕیاری نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ڕۆژی 30 ئەیلوولی ئەمساڵ دیاریکراوە بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان کە کۆمسیۆنی کوردستان سەرپەرشتی دەکات. عوسمان گوڵپی دەڵێ جارێ ئێمە قسە لەسەر ئەو هەڵبژاردنە ناکەین کە بەشدار ببین یان نا. هەریەکە لە بزووتنەوەی گۆڕان و کۆمەڵی ئیسلامی و یەکگرتووی ئیسلامیش لەو بارەیەوە دەڵێن تاوەکو ئەم "ساختەکارییە گەورەیە" چارەسەر نەکرێ، ناتوانن لە بارەی ئەو هەڵبژاردنەوە بڕیار بدەن.



## قۆناغە سەختەکە لە دوای هەڵبژاردنە

# خەڵکی عێراق لە هەڵبژاردن بێهیوا بوون

**رووداو– هەولێر**

ڕۆژی شەممەی ڕابردوو خەڵکی عێراق بۆ یەکەمجار لەدوای تێکشکاندنی داعشەوە بەشداریی هەڵبژاردنی گشتییان کرد، بەڵام ئەنجامە بەراییە نافەرمییەکان دەریدەخەن کە خەڵکی عێراق چیدی بڕوایان بەوە نەماوە پەنجەی مرەکەباوی و تەنانەت سیستەمی ئەلکترۆنیش بتوانێ سەقامگیری بۆ عێراقێک بگەڕێنێتەوە کە 15 ساڵە بەدەست شەڕی تایفی و نێوخۆییەوە دەناڵێنێ.



تەنیا 44%ی عێراقییەکان بەشداری هەڵبژاردنەکەی ئەمجارەیان کرد (فۆتۆ: AFP)

هەڵبژاردنەکەی ئەمجارە بە پێچەوانەی هەڵبژاردنەکانی پێشوو دوور بوو لە تەقینەوە و توندوتیژی گرووپە تیرۆریستییەکان، بەڵام لەهەمانکاتدا بە پێچەوانەی سێ هەڵبژاردنەکەی پێشوو سارد و سڕ بوو، بە جۆرێک لە هەندێک بنکە ژمارەی چاودێرە نێوخۆیی و نێودەوڵەتییەکان لە ژمارەی دەنگدەرانی بنکەکە زیاتر بوون. بە گوێرەی ئامارە بەراییەکانی کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان کە پاش ژماردنی 92%ی دەنگەکان ڕاگەیەندراوە، تەنیا 44.52%ی ئەوانەی مافی دەنگدانیان هەبووە لە پرۆسەکەدا بەشدار بوون. لە هەردوو هەڵبژاردنی 2010 و 2014دا ڕێژەی بەشداریی دەنگدەران نزیکەی 62% بووە.

لە عێراق هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەران، چارەنووسی سەرۆکوەزیران، سەرۆککۆمار و سەرۆکی پەرلەمان و پێکهاتەی حکومەتی داهاتووی عێراقیش دیاری دەکات، هەر بۆیە ئێران، سعودیە و ئەمریکا بە وردی چاودێریی ئەنجامەکانی دەکەن. هەڵبژاردنەکانی عێراق لە کاتێکدا بەڕێوەچوو کە ئیدارەی ئەمریکی لە ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکە لەگەڵ ئێران کشاوەتەوە و چاوەڕێ دەکرێ ئەوە کاریگەری لەسەر پێکهێنانی حکومەتی داهاتووی عێراق و پەیوەندییەکانی داهاتووی حکومەتەکە لەگەڵ ئێران و ئەمریکا و وڵاتانی کەنداویش دابنێ.

بەڵام دوور لە ململانێ ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکان، دەنگدەرانی عێراق چاویان لە خزمەتگوزاری، ئاسایش، هەلی کار و کۆتاییهێنان بەو شەڕە تایفییەیە کە لە چوار ساڵی ڕابردوودا چەندین ملیۆن دانیشتووی عێراقی ئاوارە کردووە و بەشێکی زۆر لە ناوەڕاستی وڵاتەکەی وێران کردووە کە بە گوێرەی مەزندەکانی حکومەت پێویستیان بە 80 ملیار دۆلارە بۆ ئەوەی ئاوەدان بکرێنەوە.

بەپێی ئەو ئامارانەی کە تاوەکو ئێوارەی یەکشەممە ڕاگەیەندراون، هاوپەیمانێتی نەسر بە سەرۆکایەتی حەیدەر عەبادی، لە پلەی یەکەم دێ، دوای ئەویش هاوپەیمانێتی سائیرون، فەتح و دەوڵەتی یاسا بە پلەی دووەم و سێیەم و چوارەم دێن.

ڕێژەی زۆری دەنگەکانی سەدر هیوایەک بە عەبادی دەبەخشێ کە لە داهاتوودا بتوانێ وەکو هێزێکی سیاسیی پشتیوان بۆ پێکهێنانی حکومەت و ڕاگرتنی هاوسەنگی لەگەڵ هێزەکانی نزیک لە ئێران پشتیان پێ ببەستێ.

هاوپەیمانی نەسر بە تەنیا ناتوانێ حکومەت پێکبێنێ، پێویستی بە هاوپەیمان دەبێ. بۆیە ڕاوێژکارێکی حکومەتی ئێستای عێراق بە ڕۆژنامەی (گاردیەن)ی بەریتانی گوتووە: "ئیدارەکردنی کوشتار و وێرانی چەند ساڵی ڕابردوو بەشە ئاسانەکە بووە و بەشە سەختەکەی مەسەلەکە لە ئێستاوە دەستپێدەکات".

حکومەتی داهاتووی عێراق بۆ ڕاکێشانی پارە و وەبەرهێنانی وڵاتانی کەنداو پێویستی بە پاراستنی جۆرێک لە هاوسەنگی تایفییە، بۆ ئەم هاوسەنگییە سەدر (کە شیعەیەکی بڕواپێکراوی سوننەکانی عێراق و سعودیەیە) دەتوانێ ڕۆڵی سەرەکی هەبێ.

لەلایەکی دیکەشەوە بۆ ڕاگرتنی دڵی ئێران و میلیشیا شیعە عێراقییەکانی نزیک لەو وڵاتە پێویستە ڕۆڵ و پۆستی سەرەکی بە لیستەکەی مالیکی یان عامری بدرێ کە ئێران سەرمایەگوزاری زۆری لەسەر کردوون، پشتگوێخستنی عامری و گرووپەکانی دیکەی حەشدی شەعبی کێشەی گەورە لەناو ماڵی شیعە و پەیوەندیی نێوان هێزە ئەمنییەکانی عێراق دروستدەکات، ئەوە جگە لەوەی بۆ پاراستنی ئاسایشی ناوچە تازە ئازادکراوەکان لەدەست داعش، وجوودی هێزەکانی حەشدی شەعبی پێویستن.

شارەزایان بەدووری دەزانن عامری و مالیکی بتوانن تەحەدای گەورە بۆ عەبادی دروست بکەن، لەبەر ئەوەی هیچکامیان سەرەڕای پەیوەندیی نزیکیان لەگەڵ ئێران بڕواپێکراوی ئەمریکا و وڵاتانی کەنداو نین.

هەڵبژاردنەکانی ئەمجارەی عێراق کاریگەری لەسەر چارەنووسی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراقیش دەبێ. عەبادی پشتگیری لە مانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق دەکا، بەڵام عامری و مالیکی خوازیاری کەمکردنەوەی هێزەکانی ئەمریکان. ئێستا ئەمریکا پێنج هەزار ڕاوێژکار و سەربازی لە عێراقدا هەیە.

هەڵبژاردنەکانی پێشووی عێراق جگە لە شەڕی نێوخۆ و ناکۆکی تایفی و سیاسی قووڵ دەستکەوتێکی ئەوتۆیان بۆ عێراقییەکان نەبووە. کەمیی ڕێژەی بەشداری لە هەڵبژاردنی ئەمجارە دەریدەخات عێراقییەکان چاوەڕێ ناکەن هەڵبژاردنی ئەمجارە و کۆی پرۆسە و دامەزراوە دیموکراتیکەکان دەستکەوتێکی جیاواز لە هەڵبژاردنەکانی پێشوویان هەبێ.

# عەفرین؛ تەعریبێک بەبەرچاوی دنیاوە

حوسێن عومەر
ڕووداو – هەولێر

لەگـەڵ بێدەنگبوونی چەکەکان و توندکردنی کۆنتڕۆڵـی سـوپای تورکیـا و میلیشـیا هاوپەیمانەکانـی لەسـەر جوگرافیـای دەڤەری عەفریـن، چەکێکی نوێ کەوتـە کار کە چەکی تەعریـب و گۆڕینـی دیمۆگرافیای ئـەو دەڤەرە کوردنشینەی ڕۆژئاوای کوردستانە.

عەفرین کە پێش ئۆپەراسیۆنی ناسراو بە "چڵە زەیتوون" 95%ی دانیشـتووانەکەی کورد بوون، پـاش ئەوەی هێزەکانی سـووریای دیموکرات لە 18ی ئاداری ڕابردوو لێی کشـانەوە و بە تەواوی کەوتە بندەسـتی گرووپە ئیسلامییەکانی نزیک لـە تورکیا، پەیتا پەیتا لە ناوچە عەرەبییەکانی دیکەی سـووریاوە، خێزانی عەرەب شوێنی ئەو کـوردە ئاوارەبووانە دەگرنـەوە کە ماڵ و حاڵی خۆیان جێهێشتووە.

سەرەتا لە پارێزگای ئیدلیب ـەوە کە لەژێر کۆنتڕۆڵـی گرووپـە توندڕۆکانـی وەک هەیئەی تەحریری شـامە و ئەمانەش لە بنەڕەتدا بەرەی نوسـرەن کە لـە تەمووزی 2016 نـاوی خۆیان بۆ بەرەی فەتحی شـام گۆڕی و لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە وەک ڕێکخراوێکی تیرۆریستی دەناسرێن، خێزانە عەرەبەکان لەو پارێزگایەوە بۆ شـارۆچکەی جندرێس و گوندەکانی دەوروبەری گوازرانەوە. پاشان لە ناوچەکانی (ئعزاز، ئەلباب و جەرابلوس)ـەوە چەندیـن خێزانی تر هێنران و لـە گوندەکانی سـەر بە هەردوو شـارۆچکەی شـەڕان و ڕاجـۆ نیشـتەجێکران. بەشـی زۆری ئەمانـە لە گوندەکانی قەسـتەڵ جندۆ و بافلۆن نیشتەجێکراون کە دوو گوندی ئێزدینشینن.

ئـەم هەڵمەتی نیشـتەجێکردنەی عەرەب لە عەفرین کاتێک بە تەواوی تاوی سەند کە دەست کرا بە گواستنەوەی ئاوارەکانی غوتەی ڕۆژهەڵات بەگوێـرەی ڕێککەوتننامـەی گواسـتنەوەی چەکدارانـی ئۆپۆزسـیۆن و خێزانەکانیـان کـە بە سەرپەرشـتی ڕووسـیا لەنێـوان حکومەت و ئۆپۆزسـیۆندا واژوو کـرا. بەمجـۆرە، هـەزاران خێزانـی عەرەب لـە غوتەی ڕۆژهەڵاتـەوە و بە پاس بەرەو باکووری سووریا، بەتایبەتیش بەرەو عەفرین گوازرانەوە.

## عەفرینی زۆرینە عەرەب!

بە ماوەیەکی کەم پێش ئەوەی سوپای تورکیا و میلیشـیا هاوپەیمانەکانـی لە ئۆپۆزسـیۆنی سـووریا دەسـت بەسـەر سـەنتەری عەفریندا

## ئەو ناوچانەی عەرەبی لێهێنراوە بۆ عەفرین




ئەو خێزانە عەرەبانەی کە پێش ئۆپەراسـیۆنی داگیرکردنـی عەفریـن لـە ناوچەکانـی دیکەی سـووریاوە ئـاوارەی عەفرین بووبوون، بەشـی هەرەزۆریان پاش گەیشـتنی سـوپای تورکیاش شـارەکەیان جێنەهێشـت و هەر لە شوێنەکانی خۆیـان مانـەوە. ئێسـتا ئەوانـە لەگـەڵ ئـەو عەرەبانـەی پـاش ئۆپەراسـیۆنەکە هاتوون، لە عەفریندا بوونەتە زۆرینە.

## موباتا.. عەرەبی نیشتەجێکراو دوو هێندەی خەڵکە ڕەسەنەکەن

بەپێـی ئـەو زانیاریانـەی (ڕووداو) لـە چەنـد سـەرچاوەیەکی دانیشـتووی موباتا ـوە

کچە گەنجە کوردەکان لە گەڕانەوە بۆ ناوچەکانی خۆیان کە ئێسـتا لەژێر دەسـتی چەکدارەکانی سوپای ئازادی سووریایە.

## بلبل.. دەرکردنی دانیشتووانی ڕەسەن بە تۆقاندن

لەڕووی ڕێگەدان بە گەڕانەوەی دانیشـتووانی ڕەسـەن و نیشـتەجێکردنی عەرەبـی هاتـوو، سیاسـەتی تەعریـب لـە ناحیەی بلبـل لەچاو ناوچەکانی دیکەی عەفرین توندتر بەڕێوەدەچێ. ڕەنگـە ئەمـەش بـۆ هەڵکەوتەی شـارۆچکەکە بگەڕێتـەوە کـە نزیکـی سـنووری تورکیایە و ناوچەیەکی ستراتیژیی پڕبەرزاییە. سەرچاوەیەک

گەڕانـەوەی دانیشـتووانە ڕەسـەنەکانیاندا بەبیانـووی ئـەوەی ناوچـەی سـەربازین یـان مینرێژن.

## شەڕان.. ئاوەدانکردنەوەی گوندەکان بە عەرەبی هاتوو

تەنیـا لە حەوت گونـدی ناحیەی شـەڕان، بەپێـی ئـەو ئامـارە وردەی لـە ناوچەکەوە بە (ڕووداو) گەیشـتووە، ژمـارەی خێزانە عەرەبە نیشـتەجێکراوەکان گەیشـتووەتە 345 خێزان (شـەڕان: 60 خێـزان. خەرابـە شـەڕا: 25 خێزان. سینکا: 20 خێزان. مەتینا: 60 خێزان. قتمـە: 35 خێـزان. مەیدانکـێ: 125 خێزان و کەفرجەننـە: 20 خێـزان). ژمـارەی ئەندامانی

کراوە و هەندێکیان قەدەغەن بەڕووی گەڕانەوەی دانیشتووانەکانیاندا، لەوانەش قەستەڵ جندۆ و بافلۆن کە ئێزدیـن و بارفا کە دەکەوێتە ڕۆخی دەریاچەی مەیدانکێ.

## شیێ.. چەکداران دەست بەسەر بازاڕی شارۆچکەکەدا دەگرن

ناحیەی شـیێ کە ناوە تەعریبەکەی شـێخ حەدیـدە، یەکێکە لـەو ناوچانـەی عەفرین کە ئاسـتی نیشـتەجێکردنی خێزانی عەرەب تێیدا نزمە. بەپێی ئەو زانیاریانەی لە سەرچاوەیەکی نـاو شـارۆچکەکەوە بـە (ڕووداو) دراون، هـەر تەنیـا نزیکەی چـل خێزان کـە ئەوانیش



ناوچەکانـی دیکەی سـووریاوە هێنـراون و لەو شارۆچکەیە نیشـتەجێ کراون، نیوەی ژمارەی ئەو خێزانانەیـە کە لەکاتی ئۆپەراسـیۆنەکەدا ئاوارە بـوون و گەڕاونەتەوە سـەر ماڵەکانیان. تـا ڕۆژی 28ی نیسـانی 2018 نزیکـەی 350 خێزانی عەرەب لەو شـارۆچکەیەدا نیشـتەجێ بوونـە، لەکاتێکـدا ئـەو خێزانانەی تا ئێسـتا گەڕاونەتەوە سەر ماڵەکانیان 700 خێزانن. بەڵام زانیارییەکی ئەوتۆ نییـە دەربارەی ژمارەی ئەو خێزانە عەرەبانەی لە گوندەکانی سـەر بە ڕاجۆ نیشتەجێ کراون.

لە گوندی مەیدان ئەکبس کە لەسەر سنوورە، تۆمارێکی دەنگیی سەرنجڕاکێش لەگەڵ هەندێ دیمەنی ڤیدیۆیی ناو گوندەکە بڵاوبووەوە کە وا پێدەچێ چەکدارێکی سەر بە سوپای ئازاد بێ. چەکدارەکە وا دیارە خەڵکی گەڕەکی قابوونە لە ڕۆژهەڵاتی دیمەشـق. داوا لە هاوڕێکانی دەکات خێزانەکانیان بهێنن و بێن بۆ ئەوێ. چەکدارەکە دەڵێت: وەرن لێـرە کۆدەبینەوە و دەیکەین بە قابوونی نوێ. دەشـڵێت کـە پێیانگوتوون ئەو گوندە ئیتر بۆ ئەوانە و دانیشتووانە کوردەکەی جارێکی تر ناگەڕێنەوە.

## جندرێس.. عەرەب 95 %ی دانیشتووانن

ناحیـەی جندرێس بـەوە لە ناحیەکانی تری دەڤـەری عەفرین جیادەکرێتـەوە کە لە کۆنەوە لەناو شارۆچکەکە و هەندێ گوندی دەوروبەریدا عەرەب نیشتەجێ بوونە، واتە پێش هەڵگیرسانی شـەڕی نێوخۆی سـووریاش. لە شەسـتەکانی

## ژمارەی ئەو خێزانە عەرەبانەی هێنراونەتە قەزا و ناحیەکانی عەفرین:

**1668 خێزان**

| | |
|---|---|
| جندرێس | 220 خێزان |
| ڕاجۆ | 350 خێزان |
| شەڕان | 345 خێزان |
| بلبل | 350 خێزان |
| شیێ | 172 خێزان |
| موباتا | 231 خێزان |



(فۆتۆ: AFP)

بگرن، دانیشتووانی شـارەکە بەرەو گوندەکانی شـێراوا، شەهبا و شـارۆچکەکانی نوبل و زەهرا ئـاوارە بووبوون کە ئەم ناوچانە لەژێر کۆنتڕۆڵی حکومەتی سـووریادا بوون. بەوجۆرە سەنتەری عەفرین نیمچە خاڵی بووبوون لە دانیشتووانەکەی کاتێک سوپای تورکیا و گرووپە توندڕۆکان هاتنە ناوی. هەر دوای ئەوە دەستبەجێ ئەو چەکدارانە دەسـتیان بە هێنانی خێزانەکانی خۆیان کرد بۆ شـارەکە. لە ڕۆژانی دواتـردا هاتنی بە قافڵەی خێزانی عەرەب بۆ ناو عەفرین و نیشتەجێبوونیان لە خانووە چۆڵەکاندا بووە دیاردەیەکی ڕۆژانە.

سـەرچاوەیەک لەنـاو شـاری عەفرینەوە کە نەیویسـت نـاوی ئاشـکرا بکـرێ، بـە (تۆڕی میدیایـی ڕووداو)ی ڕاگەیانـد "حاڵـی حـازر لە سـەنتەری عەفرین نزیکـەی 175 تا 200 هەزار کـەس نیشـتەجێن کە عەرەب نزیکـەی 60%ی پێکدێنـن، واتـە نزیکـەی 120 هـەزار عەرەب لەناو عەفریندان". وەک ئەو سـەرچاوەیە گوتی،

دەسـتیکەوتوون، تا ئێستا 231 خێزانی عەرەب تەنیـا لـە سـەنتەری ناحیەکە و سـێ گوندی دەوروبەری نیشتەجێ کراون. 210 خێزان لەوانە لەناو سـەنتەری موباتان، لە بەرامبەریشدا 400 خێزانـی کورد گەڕاونەتەوە سـەر مـاڵ و حاڵی خۆیـان. بە بەراوردێکی سـادە، دەردەکەوێ کە دانیشـتووانە ڕەسـەنەکەی ئەو ناحیەیە نیوەی ژمـارەی خەڵکی هاوردەن، ئاخر کۆی ئەندامانی ئـەو 400 خێزانـە 1025 کەسـن. واتە تێکڕای ژمـارەی ئەندامانـی خێزانە کوردەکان لە سـێ کـەس تێناپەڕێ لەکاتێکدا کۆی ئەندامانی 210 خێزانـە عەرەبـە هاتووەکە 937 کەسـن. واتە تێکـڕای ئەندامانی خێزان لەنـاو ئەوان زیاتر لە چوار کەسە بۆ هەر خێزانێک.

بەشێکی ئەم جیاوازیەش لە ژمارەی ئەندامانی خێزان دەگەڕێتەوە بۆ کۆچی بەردەوامی گەنجانی کورد بۆ دەرەوەی وڵات بە درێژایی ئەم ساڵانەی کە جەنگ بەردەوام بووە، هەروەها ترسی کوڕ و

لـە ناحیـەی بلبـل کە لەبـەر هـۆکاری ئەمنی نەیویسـت ناوی بهێنین، بە (ڕووداو)ی گوت کە تەنیا لەناو سەنتەری بلبل 350 خێزانی عەرەب نیشـتەجێ کراون، لە بەرامبەردا تەنیا کەمتر لە 10 خێزانی کورد ڕێیان پێدراوە لە شارۆچکەکە بمێننەوە.

سـەرچاوەکە دەڵێت هەندێ لە دانیشتووانە ڕەسەنەکە ویستیان بگەڕێنەوە سەر ماڵەکانیان، بەڵام بەرەوڕووی هەڕەشـەی کوشـتن بوونەوە. یەکێک لەوانە ڕەشید محەممەد بوو کە کارمەندی دەرمانخانەیـە و ڕۆژی 2018/5/8 گەڕابـووەوە سەر لە ماڵەکەی بداتەوە لە بلبل بەنیازی ئەوەی بە یەکجـاری بگەڕێنەوە ناوی، بەڵام گرووپێکی چەکدار بە زەبری چـەک دەریانکردبوو. هەمان ڕەفتار لە هەمان ڕۆژدا لەگەڵ ئەندازیار ئەسعەد قاسم دووبارە کرابووەوە لە گوندی قورنە.

بەپێـی زانیارییەکانـی (ڕووداو) 12 گوندی ناحیـەی بلبـل بەتـەواوی داخراون لەبـەردەم



ئـەم خێزانانـە زیاتـرە لە 1725 کـەس. ئەمە جگـە لـە گوندەکانی دیکەی ئـەو ناحیەیە کە ژمارەیەکـی نەزانراو عەرەبیان تێدا نیشـتەجێ

خێزانی چەکدارانی سـەر بە ئۆپۆزسـیۆنن، لە شـارۆچکەکەدا نیشـتەجێن، بـەڵام لـە حەوت گونـدی دەوروبەری شـارۆچکەکە 172 خێزانی عەرەبی هاتوو نیشـتەجێ کـراون (قرمتلق 70 خێـزان. ئەنقلە 30 خێزان. سـنارە 16 خێزان. گونـدی خەلیل 10 خێـزان. ئالکانا 25 خێزان. جقـلا تەحتانی 12 خێزان و جقـلا فەوقانی 9 خێـزان). نزیکەی 500 خێـزان لەوانەی لەکاتی ئۆپەراسیۆنەکەدا شارۆچکەکەیان جێهێشتبوو، گەڕاونەتەوە سەر ماڵی خۆیان.

وەک سـەرچاوەکە دەڵێت، چەکدارانی سەر بە ئۆپۆزسـیۆن لە بازاڕی شارۆچکەکەدا چەند دووکانێکیـان کردووەتـەوە، کەچی تەنیا چەند کەسێکی کەم لەوانەی گەڕاونەتەوە و دووکانیان هەیە، ڕێگەیان پێداون دووکانەکانیان بکەنەوە.

## ڕاجۆ تالان دەکری

لەناحیەی ڕاجۆ، ئـەو خێزانە عەرەبانەی لە

سەدەی ڕابردووەوە کە دەست بە جێبەجێکردنی سیاسەتی چاکسازیی کشـتوکاڵی کرا، هەندێ عەرەب لەو ناوچەیە نیشتەجێ کران، بەجۆرێک عەرەب 15%ی دانیشـتووانی شـارۆچکەکەیان پێکدەهێنـا، بەڵام لە دوای ئۆپەراسـیۆنی چڵە زەیتوونەوە ئەم ژمارەیـە زۆری زیادی کردووە. سـەدان خێزانی عەرەب لە پارێزگاکانی حمس، حەمـا، ئیدلیب و غوتەی ڕۆژهەڵاتەوە هێنراون، کەچی ڕێگە بە دانیشتووانە ڕەسەنە ئاوارەبووەکە نادرێ بگەڕێنەوە شوێنەکانی خۆیان. بەمجۆرە، ئێسـتا عـەرەب 95%ی دانیشـتووانی ناوچەی جندرێـس پێکدێنـن. بەپێی ئـەو ئامارانەی بە (ڕووداو) گەیشـتوون، لە گوندی کەفەر سەفرە زیاتر لە 200 خێزان نیشتەجێ کراون. هەروەها لە گوندی کوردا زیاتر لە 20 خێزان. ئەوە جگە لە دوو خێوەتگە کە بۆ پێشوازی لە ئاوارە لەوێ کراونەتـەوە. یەکەمیان لە گوندی محەممەدیە و ئەوەی دیکە لە دێر بەلووت.

# عەبادی.. لە سەربازی ئیمامەوە بۆ سەرۆکوەزیران

## د.ئەشواق جاف:
## عەبادی ئەندازیاری هەموو پلانەکانی مالیکی بوو



(فۆتۆ: AFP)

**ڕووداو - هەولێر**

"شـەقامی بەغدا زۆر دڵخۆش بوون بە بەڕێز عەبادی، چونکە بەغدایییەکان سکاڵای ئەوەیان دەکـرد کە ماوەیەکی درێژە سـەرۆکوەزیرانێک نەهاتووەتـە سـەر دەسـەڵات خەڵـکی بەغدا بێت". د.واسـق ئەلهاشمی، سەرۆکی کۆمەڵەی عێراقی بۆ لێکۆڵینەوە ستراتیژییەکان وا دەڵێت.

سەلامە خەفاجی، ئەندامی پێشووی ئەنجومەنی حوکمیـش، عەبادی بـە "کوڕی کـەڕادە" ناو دەبات، وەک ئاماژەیـەک بۆ گەڕەکی کەڕادەی شـاری بەغدا کـە زێدی لەدایکبوونـی حەیدەر عەبادییە.

یەک لەسـەر سـێی خاکی عێراق کەوتبووە دەسـتی داعش، نرخی نەوت هـاڕەی کردبوو، عێراق بە دەسـت قەیرانی داراییەوە دەیناڵاند،

> **ئەگەر عەبادی و بارزانی ڕێککەوتبان، عێراقیان دەکردە هێزێکی زۆر گەورەی ناوچەکە**
>
> غالب شابەندەر

ئیدی لەو کاتەدا گلۆڵەی نووری مالیکی کەوتە لێـژی و ئەسـتێرەی بەختی حەیـدەر عەبادی گەشایەوە.

عەبادی ناوێکی دیار نەبوو لە میدیادا، ئەو لە ئەنجوومەنی نوێنەران سـەروکاری لەگەڵ ژمارە هەبـوو، بەو پێیەی سـەرۆکی لیژنـەی دارایی بوو. لـە خولی ڕابـردووی پەرلەماندا جیاوازی دەنگەکانی عەبادی لەگەڵ مالیکی، ئاسـمان و ڕێسمان بوو، مالیکی 721782 دەنگ و عەبادی 5151 دەنگی هێنابوو، بەڵام چی وایکرد بازەکە بەسەر شانی عەبادییەوە بنیشێتەوە؟

دوای تێپەڕبوونـی 105 ڕۆژ بەسـەر هەڵبژاردنـی پەرلەمانی عێراق، ململانێی نێوان عەبادی و مالیکی لەسـەر وەرگرتنی پۆسـتی سـەرۆک وەزیـران کۆتایی هـات، دوای ئەوەی ڕۆژی 2014/8/15 لـە پرێـس کۆنفرانسـێکدا ڕایگەیاند "بەربژێربوونی خـۆم بۆ بەرژەوەندی برام دکتۆر حەیدەر عەبادی دەکێشمەوە، لەگەڵ گشت ئەو ڕێکارانەی بەهۆیەوە پێویست دەبن، لەپێناو پاراستنی بەرژەوەندییە باڵاکانی وڵات".

حەیدەر جەواد کازم عەبود (حەیدەر عەبادی) ساڵی 1952 لە شاری بەغدا لەدایک بووە، باوکی پزیشـکێکی ناسراوی ئەو شارە بوو. دەرچووی زانکۆی ئەمریکی بوو لە بەیرووت، هاوژینەکەشی لوبنانی بوو. جەواد هیچ کات نەچووە ژێر ڕکێفی بەعسـییەکانەوە، ساڵی 1979 خانەنشین کرا، ئیدی عێراقی جێهێشت و ڕووی کردە بەریتانیا، بەڵام کاتێک مرد، بەعسـییەکان ڕێگەیان نەدا تەرمەکەی بهێنرێتـەوە عێراق، بۆیە لە لەندەن بە خاک سپێردرا.

د. سەلامە ئەلخەفاجی کە یەکێک بوو لە 21 ئەندامەکەی مەجلیسی حوکم لە 2003، پێیوایە پـەروەردەی خێزان کاریگەریـی زۆری هەبووە لەسەر پێگەیشتنی عەبادی. ئەو دەڵێت: "خەڵک و دراوسێیەکانیان ئەم خێزانەیان خۆشدەویست. بێگومـان پـەروەردەی ئەو خێزانە ڕۆشـنبیرە کاریگەریی زۆری هەبووە لەسەر پێگەیاندنی ئەم کەسایەتیە و دەرکەوتنی بەم شێوەیە".

حەیـدەر عەبـادی سـاڵی 1970 خوێندنی دواناوەندی تەواو کردووە، لە زانکۆی تەکنیکیی بەغـدا بەکالۆریۆسـی وەرگرتووە، ماسـتەر و دکتۆراکەشی لە زانکۆی مانچستەری بەریتانیا لە بواری ئەندازیاری و تەکنیکی کارەبا وەرگرتووە.

ئەوانەی سەروکاریان لەگەڵ ئەو پیاوەدا هەیە، نایشارنەوە کە عەبادی کاریگەریی ئینگلیزەکانی لەسەرە. فازڵ نەبی، کە ماوەیەکی زۆر لە بەغدا بریـکاری وەزیری دارایی بـووە، دەڵێت: "ئەو پیـاوە بە زیرەکیی خـۆی لایەنی دارایی زۆر بە باشی کۆنترۆڵ کرد، لەلایەنی سیاسیشەوە ئەو پیاوە سیاسەتێکی ئینگلیزیی پیادە دەکات".

### ▼ عەبادی و دەعوە

عەبـادی سـاڵی 1967 کـە تەمەنـی 15 سـاڵان بـووە، پەیوەندی بە حیزبـی دەعوەی ئیسلامییەوە کردووە، سەرەتا وەک ئەندامێکی ڕێکخسـتنی حیزب دەسـتبەکار بووە، پاشان عێراقـی جێهێشـت و ڕووی کـردە بەریتانیـا، عەبـادی لـە سـاڵی 1977 دەبێتـە یەکێک لە بەرپرسانی ڕێکخستنەکانی حیزبی دەعوە.

غالب شـابەندەر کە نووسەرێکی عێراقییە، باسـی پەیوەندی عەبادی بـە حیزبی دەعوەوە دەکات و دەڵێـت: "حەیـدەر عەبـادی چـووە ڕیزەکانی حیزبی دەعوەی ئیسـلامی لە عێراق لـە کەڕادەی ڕۆژهـەڵات، دواتر پەیوەندی کرد بە کوتلەیەکی دیاریکراو لەنێو حیزبی دەعوە کە دواتر ناویان نا "سەربازانی ئیمام" ئەوسا سامی ئەلبـەدری هزرێکی دیاریکـراوی هەبوو بەپێی هزرەکە، پێویسـت ناکات ئامـادەکاری بکرێت بـۆ دامەزراندنـی دەوڵەتـی ئیسـلامی، بەڵکو ئامـادەکاری بکرێت بۆ هاتنی ئیمامی مەهدی، بێگومان ئەمە لە فکری مەزهەبیی شیعەدایە".

بە گوتەی شـابەندەر، دەعـوە دژایەتی ئەو هێڵـەی کردووە، واتە هێڵی سـامی ئەلبەدری، بەڵام دواتر توانییان عەبادی رابکێشنەوە بۆ نێو هێڵی گشتیی حیزب.

عەبادی ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بەرپرسیارێتی نوێ لەنێو دەعوە وەردەگرێ، ئەو کاتەی لە بەریتانیا بوو، کرایە گوتەبێژی حیزب، بەو هۆیەوە توانی کۆمەڵێک لە تاوانەکانی ڕژێمی بەعس بگەیەنێتە میدیای جیهانی و بەشداری چەند دانیشتنێکی گرنگی نەتەوەیەکگرتووەکان بکات.

غالـب شـابەندەر دەڵێـت: "کاتێـک چووە لەندەن ئەندامێکی ئاسایی حیزبی دەعوە بوو، هەنگاو بەهەنگاو بەرەو پێشەوە چوو. پێموایە دکتۆر ئیبراهیم جەعفەری ڕۆڵێکی زۆری هەبوو لە پێشکەوتنی حەیدەر عەبادی لەنێو حیزبدا".

### ▼ گەڕانەوەی عەبادی بۆ عێراق

سـاڵی 2003 ئەمریـکا و هاوپەیمانەکانـی حکومەتی سەدام حوسێنیان ڕووخاند. حەیدەر عەبادی لەگەڵ کۆمەڵێک لە بەرپرسـانی پارتە ئۆپۆزسیۆنەکانی عێراق گەڕانەوە و بەشدار بوون لە دامەزراندنی حکومەتی نوێی عێراق. عەبادی هەر لەو ساڵەدا لە حکومەتەکەی ئەیاد عەلاویدا، پۆستی وەزیری تۆڕی پەیوەندییەکانی وەرگرت.

د.واسـق ئەلهاشـمی، سـەرۆکی کۆمەڵەی عێراقی بۆ لێکۆڵینەوە ستراتیژییەکان دەڵێت: "ئـەم وەزارەتـە تەمەنـی کـورت بـوو. بۆیـە بەشـێوەیەکی بەرچـاو ڕۆڵـی گـەورەی بەڕێز عەبادی دەرنەکەوت. زۆر کەس بیری نایەت کە عەبادی وەزیر بووبێت".

سـاڵی 2005، حەیـدەر عەبـادی دەبێتـە ڕاوێـژکاری سـەرۆکوەزیران لـە حکومەتەکەی نووری مالیکی و وەک سەرۆکی لیژنەی ئابووری و وەبەرهێنـان و ئاوەدانکردنەوە لە پەرلەمانی عێـراق هەڵدەبژێردرێـت ، سـاڵی 2010ش سەرۆکایەتی لیژنەی دارایی لە پەرلەمانی عێراق دەگرێتە دەست.

د.فازڵ نەبی ئاماژە بە شارەزایی عەبادی لە بواری دارایی دەدات و دەڵێت: "شـارەزاییەکی زۆر تەواوی لە لایەنی دارایی هەبوو، زۆر وردبینە لە ژمێریاری، حیسـابی فلسـت لەگەڵ دەکات، ئـەوە جیاوازیی عەبـادی و خەڵکانی دیکەیە، خەڵکانی دیکە ئاسـانتر بوون لە مامەڵەکردن، بـەڵام عەبـادی حیسـابی یەک فلسـت لەگەڵ دەکات".

غالـب شـابەندەر، هۆکاری ئەو وشـکییەی عەبادی ڕوون دەکاتەوە و دەڵێت: "ڕاسـتە ئەم تێبینییانە هەبوون، بەڵام بەشێک لەو تێبینیانە دەگەڕێتـەوە بۆ ئەوەی کە خـۆی ئەندام بووە لە حیزبێکدا. بەڵام لەهەمانکاتدا، تەواو یاسایی بـوو، تـەواو پابەند بـوو، بـە وردی مامەڵەی لەگەڵ دەسـتوور و یاسـا و ڕێساکانی وەزارەت و دەزگاکانی بەڕێوەبردن دەکرد".

### ▼ عەبادی چۆن بوو بە سەرۆک وەزیران؟

لە ماوەی دەسەڵاتی نووری مالیکی سەرۆک وەزیرانی پێشوودا، پێکهاتە جیاوازەکانی عێراق ڕووبەڕووی ململانێی سیاسی و گرژی و ئاڵۆزی بوونـەوە، بە تایبەت لـە دوای بڕیاری ڕاگرتنی بودجەی هەرێمی کوردسـتان، کورد بە هەموو شـێوەیەک دژ بـە مانـەوەی نـووری مالیکـی لە دەسـەڵات وەسـتانەوە. هەر لە سـەردەمی مالیکیدا، داعش یەک لەسەر سێی خاکی عێراقی داگیـر کرد. ئەمەش وایکرد لایەنە عێراقییەکان بیـر لـە سـەرۆکوەزیرانێکی دیکـە بکەنەوە، جارێکی دیکە عەبادی ناوی کەوتەوە نێو ناوان.

د.موسەننا ئەمین، ئەندامی خولی ڕابردووی

> **حکومەتەکەی عەبادی یەکێکە لە حکومەتە هەرە گەندەڵەکانی عێراق**
>
> موسەننا ئەمین

پەرلەمانـی عێـراق دەڵێـت: "دوای ئـەوەی کۆمەڵێک کاراکتەری کاریزمی بەهێزی سیاسی عێراقیان بەرەو تەنگژەی زیاتر برد، ویسـتیان دوای ئـەوان کارەکتەری دیکـە بێنن. من ناوم لێنـاوە حوکمی عێراق بە لاوازەکان، ویسـتیان سـەرۆک وەزیرانێک بێنـن زیاتر لە هونەرییەوە نزیک بێت نەک کاریزمای سیاسی".

د. فازڵ نەبی لەوبارەیەوە دەڵێت: "ئینگلیز و ئەمریکا عەبادییان پێ باش بوو، چونکە وایان بیـر دەکردەوە کە عەبـادی تۆزێک دوورترە لە ئێران وەک لە مالیکی و خەڵکانی دیکە".

بـەڵام غالب شـابەندەر دەڵێت "قسـەیەکی زۆر هەیە گوایـە بەریتانییەکان ڕۆڵیان هەبووە لـە دەرخسـتنی و بەرەوپێشـبردنی بەڕێـز عەبـادی. ئەگەر ئەمە ڕاسـتیش بێت، پێموایە لە سەردەمێکی درەنگی حەیدەر عەبادی بووە، نەک لە سەردەمی زووی".

ئەگەرچی کورد متمانەی بە عەبادی دا، بەڵام عەبادی درێژەپێدەری هەمان سیاسەتی مالیکی بـوو لـە دژی کورد، بە تایبەتی لە مەسـەلەی بڕینـی بودجـە، ئەمەش پاڵی بە کـوردەوە نا کـە بەبێ گەڕانەوە بۆ بەغـدا نەوتی کەرکوک بفرۆشێ.

د.موسـەننا ئەمین پێیوایە بڕینی بودجەی هەرێمـی کوردسـتان پەیوەندی بـە کۆمەڵێک شتەوە هەبوو "نەوتی کەرکوک کەوتە دەستی کـورد، ئەمـەش دەسـەڵاتدارانی عێراقـی وا لێکرد هەڵوێسـتی جدی وەربگرن، شـێوازێکی سیاسـییان پەیڕەو دەکرد بە ئاراستەی ئەوەی بودجەی هەرێمی کوردسـتان کـەم بکرێتەوە. ڕێکەوتنێکیان کردبوو من ناوم نابوو ڕێککەوتنی بێدەنگی لەیەکتریکـردن، ئەمان نەوتەکە ببەن بەوەی کەرکووکیشـەوە چـی لێدەکەن بیکەن، ئەوەش لەبەر شەڕی داعش کە نەیدەتوانی بێت کەرکوک بگرێتەوە، ئەمانیش لێرە چۆن یاری بەو سامانە دەکەن بیکەن".

ئەشواق جاف، عەبادی بە ئەندازیاری هەموو ئـەو پلانانە دەزانێ کـە مالیکی دژ بە هەرێمی کوردسـتان جێبەجێی دەکـردن ، بۆیە دەڵێت "کە بووە سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران، گوتم هێشـتا زووە بڕیار لەسـەر باشـیی ئەو پیاوە بدەن".

ئـەم کێشـەیە و کێشـەی ناوچـە ناکۆکی لەسـەرەکان بەهۆی شەڕی داعشـەوە لەلایەن هەردوولاوە بێدەنگی لێکرا، بەڵام دوای شـەڕی داعـش، ئیـدی هەڕەشـەکانی بەغدا بۆ سـەر هەرێمی کوردستان دەستیانپێکرد.

د.موسـەننا ئەمیـن دەڵێت: "عەبـادی لەو ژینگە نادروستەی پاش داعش سوودی وەرگرت. پێویسـت بوو عێراق بڕیاری ڕوونی هەبێت لەو هەموو گەندەڵییە، سوودی بینی لەوەی کە ئەم هەیکەلـە ئیدارییە گەورەیـەی حکومەت دەبێت لادرێت، دەبێت چاکسـازی بکەیـت، گەندەڵی نەهێڵی. هەموو ئەم دروشـمانە و شـەقامێکی تووڕە لە گەندەڵی، مەترسـیی گەورەی تیرۆر، ئەمانـە وایان کرد کـە خەڵک بڵێن قەیناکە با سەرۆک وەزیران دەستکراوە بێت".

کـورد چاوەڕێی دەکـرد عەبادییەک ببینێ، جیاواز بێ لە مالیکی، بـەڵام چاوەڕوانییەکەی بێهودە بوو، ئەشـواق جـاف دەڵێت: "عەبادی گوتی حکومەتێکی تەکنۆکرات تەشکیل دەکەم، نابێت حیزبایەتی بکرێت، فەرموو سەیرکەن کێی هێنا، هەمووی سەر بە پارتەکانە، تەنیا پلانێک بوو بۆ لێدانی وەزیرەکانی کورد."

موسـەننا ئەمین پێیوایـە عەبادی نەک هەر چاکسازی نەکرد "بەڵکو حکومەتەکەی یەکێکە لە حکومەتە هەرە گەندەڵەکانی عێراق".

بەڵام د.واسق ئەلهاشمی بەرگری لە عەبادی دەکات و دەڵێت: "دەسەڵاتی وڵاتێکی وەرگرت، یەک لەسەر سێی لەلایەن داعشەوە داگیرکرابوو، بودجەیەکـی بەتـاڵ و کێشـەی لەگـەڵ چەند وڵاتێک لە ناوچەکەدا هەبوو، لەگەڵ گۆڕانکارییە سـتراتیژییەکان و بانگەشـە بۆ دابەشـکردنی عێـراق کە نابێت لەیاد بکرێـت، ئەجێندایەکی ئەمریکی هەبوو بۆ دابەشـکردنی عێراق بۆ سێ دەوڵەتـی بچووک و ئەجێنـدای تورکیا و ئێران و سـعوودیە هەبوو. هەروەها کاتێک دەسەڵاتی وڵاتێک دەگریە دەسـت کە سوپاکەی هەرەسی هێنابێت، ئەوا پێویسـتت بە 10 بۆ 15 سـاڵ دەبێت بۆ ئەوەی وڵات بنیات بنێیتەوە".

سـەردەمی حوکمی عەبادی دەستکەوتێکی گەورە بوو بۆ عێراقییەکان، ئەگەرچی نەیتوانی چاکسازی بکات و خزمەتگوزاری دابین بکات و بەرەورووی گەندەڵی ببێتەوە، بەڵام بە پاڵپشتی پێشـمەرگە و هاوپەیمانـان، توانـی ناوچـە داگیرکراوەکان لە چنگی داعش دەربێنێ.

دکتۆر واسـق ئەلهاشـمی، پێیوایە عەبادی فەرشی سـووری بۆ ڕاخراوە بۆئەوەی جارێکی دیکـە ببێتەوە بە سـەرۆک وەزیـران "عەبادی لـە سـێ کەیسـی زۆر گرنگـدا سـەرکەوت. ئـەوەش ڕێـگای بۆ خۆشـکرد تاوەکـو خولی داهاتووی هەڵبژاردنی بە گوڵ و فەرشـی سوور بڕازێنرێتەوە، ئەوانیش بریتی بوون لە: کەیسی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر و سەرکەوتنی بەسەر داعـش، کەیسـی پەیوەندییەکانـی دەرەوە و کەیسی پاراستنی یەکڕیزیی عێراق".

بـەڵام غالب شـابەندەر هەموو سـەرکەوتن و دەسـتکەوتەکان بـۆ عەبـادی ناگێڕێتەوە و دەڵێـت: "ئەو سـەرکەوتنانەی بەسـەر تیرۆر بەدەسـتهاتوون، ئەمانە سـەرکەوتنی عەبادی نین. بەڵکو سـەرکەوتنی ئەو کات و دۆخە بوو لـە سـەردەمی عەبـادی دا. دینامـۆی پلان و ستراتیژی و کارگێڕیی و هەتا دوایی بریتی بووە لە هاوکاریی نێوان فەرماندەکانی سوپای عێراق کـە فەرماندەی پێشـەگەرن، هەروەها لەنێوان هێزەکانی ئەمریکادا، کە لە عێراقن".

### ▼ سەرهەڵدانەوەی کێشە

دوای شـەڕی داعش جارێکی دیکە کێشە و ناکۆکییەکانی هەولێر و بەغداد سەریهەڵدایەوە ، پرسـی نەوت و ناوچە ناکۆکی لەسـەرەکان، بیانـووی حکومەتـی ناوەنـد بوون بـۆ ئەوەی مەسەلەی بودجە بە هەڵواسراوی بمێنێتەوە .

حەیدەر عەبادی ئەوکات ڕایگەیاند "بڕیارمان بـۆ هەموو ناوچە ناکۆکی لەسـەرەکان ئەوەیە ، فەرمانـم دەرکـردووە بـە بەرزکردنـەوەی ئاڵای عێراق لەسـەرجەم ناوچـەکان و چوونی هێـزە فیدراڵییـەکان بۆ هەموو ئـەو ناوچانە. ڕێکارەکانیش بەردەوام دەبن".

عەبـادی بەڵێنەکـەی بـردە سـەر و 16ی ئۆکتۆبەر بـە زەبری هێز گەڕایـەوە کەرکووک و چەنـد ناوچەیەکـی دیکە، ئەمـەش لەلایەن عێراقییەکانـەوە بەسـەرکەوتن لێکدرایـەوە، کوردیش بە داگیرکاری دەزانێ.

غالـب شـابەندەر لـەو بارەیـەوە دەڵێـت :"بەدیدێکی عەرەبی پێیان باشـە. وەک خۆیان باسـی دەکەن، سـەرەڕۆیی کوردی ڕاگرتووە، بەڵام بەدیدێکی کوردیش دەسـتدرێژیکردنە بۆ سەر مافی کورد.

پێموایـە هەڵوێسـتێکی زۆر نەرێنـی هەیە بەرامبەر سیاسەتڤانانی کورد، بۆیە ڕاستییەکەی جۆرێـک لـە دڵەڕاوکێ و هەروەهـا جۆرێک لە عینادی هەبوو لە نێوان هەردوولادا. من پێشتر گوتوومە، ئەگـەر عەبادی و مەسـعود بارزانی لەنێوان خۆیـان ڕێککەوتبان لـە بەڕێوەبردنی عێراقـدا، ئـەوا عێراقیان دەکـردە هێزێکی زۆر گەورەی هەرێمی لە ناوچەکەدا".

عەبـادی یارییەکـی زۆر ناشـیرینی کـرد، کاتێـک ڕایگەیانـد ڕووبـەڕووی دوو تەحەددای گـەورە بوونـەوە، ئەویش داعـش و ڕێگری لە دابەشکردنی عێراق، ئەمەشی ناونا سەرکەوتن، کورد بەمە زۆر ئیستیفزاز بوون.

> **عەبادی کوڕی بەغدایە**
>
> سەلامەخەفاجی

د.موسـەننا ئەمیـن دەڵێـت "ژینگەیەکـی ناتەبا هەیە لە عێراقـدا کە زەبوونکردنی کورد وەکو سـەرکەوتن بەسـەر داعش سەیر دەکات ، زۆر بەبێ شـەرمانە زۆرجار سەرۆکوەزیرانیش ئەم دوو شـتەی دەلکاند بەیەکـەوە، دەیگوت سـەرکەوتن بەسـەر داعـش و پارێـزگاری لە یەکبارچەیـی عێراق، کە ئەمەی دەخسـتە پاڵ داعشـەوە ئیسـتیفزازێکی زۆر ناشـرین بوو بۆ کـورد، کە وەک ئـەوە وایە بڵێ کوردیش وەکو داعشە".

### ▼ گشتپرسی

پاش ئەزمونێکـی دوورودرێژی کورد لەگەڵ حکومەتەکانـی عێـراق و دواجاریـش لەگـەڵ حکومەتی نوێی عێراقی فیدراڵ ، سەرکردایەتی کورد گەیشـتنە ئەوەی بڕیاری گشـتپرسـی بۆ سـەربەخۆیی کوردستان بدەن. کورد تاکلایەنە بڕیاری دا ڕۆژی 25ی ئەیلوول گشتپرسی بکات.

هەر ئـەوکات عەبادی ڕایگەیانـد "بڕیارێکی تاکلایەنە کە دەسـت دەبات بۆ یەکێتیی عێراق و ئاسایشـەکەی کاریگـەری دەبێـت بۆ سـەر هەمـوو هاوڵاتییـان، هەروەها کاریگەریشـی دەبێت بەسـەر ئاسایشـی ناوچەکە. ئەمانە لە ڕێگـەی گشتپرسـییەکی تاکلایەنـە بەمەرامی جیابوونەوە. ئەمە بڕیارێکە پێچەوانەی دەستوور و پێکەوەژیانە".

پاش گشتپرسـی دەسـەڵاتدارانی عێراق بە سەرۆکایەتی عەبادی دەستیان کرد بە هەڕەشە و بەرپاکردنی شەڕ دژ بە کوردکرد.

دکتـۆر موسـەننا پێیوایـە "ئەگـەر کـورد سنووری داخستایە و بیگوتبایە تەواو ئیدی ئێمە بووینە دەوڵەتێکی سەربەخۆ و جیابووینەوە لە عێـراق، مەفهـووم بوو کە عێـراق هەڵمەتێکی سـەربازی بکردایـە دەڵێم مەفهـووم بوو بەس مەقبـوول نەبوو، بـەڵام بەداخـەوە ئەوەی کە کردی پێچەوانەی یاسـا و دەسـتووری عێراقی بوو".

دکتـۆر واسـق ئەلهاشـمی"ئەو پەیوەندییە فراوانەی برایانی کـورد لەگەڵ جیهانی دەرەوە دروسـتیان کردبوو، بەهۆی ئەم گشتپرسییەوە هەمووی لەباربرا".

بەڵام ئەشـواق جاف ئەمـە ڕەتدەکاتەوە و دەڵێت "ئەوەی کە لە کوردستان ڕوویدا، بەهۆی ڕیفراندۆمەوە نەبوو، من دوو خول لە پەرلەمان بووم، لە سـەرەتای خولی دووەم بە ئاشکرا بە ئێمەیان دەگوت دوای داعش سـەرەی ئێوەیە، دەتانێرینەوە بۆ شاخەکان".

د.فازڵ نەبی بەسەرسـوڕمانەوە باسـی ئەو هەڵوێسـتەی عەبـادی دەکات و دەڵێـت "لـە ماوەی شەڕی داعشدا، لە هەموو کۆبوونەوەکانی ئەنجوومەنـی وەزیـران عەبـادی چارەکێک تا بیست خولەک، باسـی ئازایەتیی پێشمەرگەی دەکرت، بەڵام چیبوو وای لە عەبادی کرد دوای ڕیفراندۆم بەو شێوەیە ڕەفتار بکات".

دکتۆر موسـەننا لەو باوەڕەدایە "ئەگەر ئەو گەلەکۆمەکیـەی ئێران و تورکیا نەبووایە کە لە هەرێمـی کوردسـتان کرا ، عەبـادی جورئەتی ئەوەی نەبوو پەلاماری کوردستان بدات".

### ▼ عەبادی دەبێتەوە سەرۆکوەزیران؟

عەبـادی لـە پەیامێکدا دەڵێـت "دەخوازین خزمەتی هەموو هاووڵاتیـان بکەین. دەمانەوێ پاڵپشـتی هاووڵاتیانی کورد بکەین وەک چۆن پشـتگیری هاوڵاتیانی عەرەب دەکەین"، بەڵام ئایـا کـورد جارێکـی دیکە پاڵپشـتی عەبادی دەکات ببێتەوە بە سـەرۆک وەزیران؟ یان ئایا عەبـادی بەری "سـەرکەوتن"ەکەی دەچنێتەوە هێندە کورسـی دێنێ، پێویسـتی بە پاڵپشتی کورد نەبێ؟

دکتـۆرە سـەلامە دەڵێـت: "نەخشـەی هاوپەیمانێتییـەکان ئـەوە دیـاری دەکات، کێ ببێتە سەرۆکوەزیرانی قۆناغی داهاتوو، نازانرێت عەبادی دەبێت یان نا".

غالـب شـابەندەر، هەڵبژاردنـەوەی عەبادی بەدوور نازانێ و دەڵێت: "وەک بنەمایەکی گشتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاسـت و ڕەنگە تاڕادەیەک لە جیهانیش، سـەختە سـەرۆکوەزیرانێک هەبێت و ویلایەتـی دووەمـی دووبارە نەبێتـەوە، بۆیە پێموایـە ئـەو پۆسـتە هـەر لە دەسـت ئەودا دەمێنێتەوە لە قۆناغی داهاتوودا".



# نووری مالیکی
# لە لووتکەوە بەرەو لێژی

**ڕووداو – هەولێر**

بەپێچەوانەی حەیدەر عەبادی کە بە کەسێکی تەکنۆکرات ناسراوە، نووری مالیکی بیرکردنەوەیەکی ئایینی و خێڵەکیانەی هەیە، ئەمەش هەندێکجار بە خێر بۆ دۆست و نەیارانی شکاوەتەوە، هەندێکجاریش بە شەڕ. ئەو دوو خول سەرۆکوەزیرانی عێراق بوو، بەڵام سیاسەتە تایفی و جیاکارییەکانی وایکرد، عەبادی هاوڕێی کە بە ئەندازیاری پلانەکانی دادەنرێ، شوێنی بگرێتەوە.

## مالیکی و حیزبایەتی

نووری کامل محەممەد حەسەن ئەبوو ئەلمحاسن (نووری مالیکی)، ساڵی 1950 لە نزیک حیللە لەدایک بووە، بەکالۆریۆسی لە ئوسوڵی دین لە بەغدا و ماستەری لە زمانی عەرەبیدا لە زانکۆی سەلاحەددین وەرگرتووە. باپیری مالیکی، شاعیر و شۆڕشگێڕێکی دژە ئینگلیز بووە، بۆیە کاریگەریی باپیری لە مەسەلەی ئاین و نەتەوایەتیدا بەسەرییەوە دیارە.

> **بیرکردنەوەی مالیکی بەڕاستی خێڵەکیانە بوو**
> فازڵ نەبی

واسق ئەلهاشمی لەوبارەیەوە دەڵێت: "بەڕێز مالیکی لەوانەیە لەژێر کاریگەریی شیعردا بووبێت. بەڵام لەوم بیستووە کە لەژینگەیەکی ئاینیدا پەروەردە بووە. ئەوەش پاڵی ناوە بۆ ئەوەی هەنگاو بەرەو حیزبی دەعوە بنێت".

ئەشواق جاف کە دوو خول لە پەرلەمانی عێراق بووە، پێیوایە کاریگەریی کولتووری بە ئاشکرا بە مالیکییەوە دیارە "سیاسەتی مالیکی سیاسەتێکی عێراقی ڕوونە، واتە کاریگەری کولتووری عێراقی لەسەر مالیکی لە هەڵسوکەوتیدا دیارە، بۆ نموونە مالیکی ئەگەر دژایەتی یەکێک بکات ڕاستەوخۆ دژایەتی دەکا، هەڵچوون و شڵەژانی ئاشکرایە".

هەر لەوبارەوە فازڵ نەبی کە لە ماوەی حوکمی نووری مالیکدا جێگری وەزیری دارایی بووە، لەبارەی کەسایەتی مالیکییەوە دەڵێت: "مالیکی هەردوو لایەنەکەی تێدابوو، واتە ڕۆحیەتی نیشتمانیشی تێدابوو، بەڵام مەزهەبگەراییەکە تۆزێک زاڵتر بوو بەسەر نیشتمانپەروەرییەکەی".

فازڵ نەبی پێیوایە مالیکی دەوڵەتمەدارێکی گونجاو نەبوو "زەحمەتە بۆ کەسێک لە ژینگەیەکی خێڵەکییەوە بێت و دەوڵەتداری بکات، بۆیە دەوڵەتدارییەکەی زۆر خراپەکاری تێکەوت". فازڵ نەبی باسی لایەنە ئەرێنییەکەی ئەو خەسڵەتەشی دەکات و دەڵێت: "کارکردن لەگەڵ مالیکی ئاسانتر بوو لەوەی تۆ لەگەڵ کەسێکی تەکنۆکرات قسە بکەی. نەفەسێکی خێڵەکی هەبوو لە کارکردندا، بە ئاسانی دەتتوانی بیهێنیتە قەناعەت. لە هەندێک بابەتدا کە توند بوو، دەتتوانی ساردی بکەیتەوە. کاتێکیش کە باوەڕی دەهێنا خاوەنی بڕیار بوو، بڕیاری دەدا".

سەلامە خەفاجی ئەندامی پێشووی مەجلیسی حوکم، باسی بوێریی مالیکی دەکات لە بڕیارداندا و دەڵێت: "ئەو بەتایبەتمەندییەکی زۆر گرنگ ناسراوە کە بوێرە، بڕیاری بوێرانە دەدات. هەندێک کەس بۆ ئەوەی بڕیار بدەن ڕاوێژ دەکەن، بەڵام ئەو وا نەبوو، لە بڕیارداندا بوێر بوو".

غالب شابەندەر کە نووسەرێکی عێراقییە، لە وەسفی مالیکیدا دەڵێت: "بڕوای بە بیرکردنەوەی جددی نییەو پێی ناڕەحەت دەبێ و پێیوایە بەهەدەردانی کاتە. ئەو کاتێک گەنگەشە لەگەڵ خۆی دەکات، خۆی بەخۆی دەڵێت، من پیاوی نێو گۆڕەپانم، من کەسێکی کرداریم و من پیاوی کارکردنم".

نوری مالیکی، ساڵی 1968 کە قوتابی کۆلێژ بوو، بە ناسناوی (جەواد مالیکی) پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی حیزبی دەعوەوە دەکات. کاتێک حیزبی دەعوە لە ساڵی 1979 بەیعەتیان بە ئایەتوڵڵا خومەینی دا. ئەم هەڵوێستە سەدام حوسێنی تووڕە کرد و دەستیکرد بە گرتن و کوشتن و ڕفاندنی ئەندامەکانیان. ساڵی 1980 محەممەد باقر سەدر و خوشکێکی گیران و لەسێدارەدران، زۆربەی ئەندامەکانیان هەڵاتن بۆ سووریا و ئێران و شانەی چەکداری جیهادییان پێکهێنا، مالیکی بوو بە سەرپەرشتیاری ئەو شانە جیهادییانە.

واسق ئەلهاشمی ئاماژە بە کاریگەریی حیزبی دەعوە بەسەر مالیکییەوە دەدات و دەڵێت: "هزر و بیری ئایینی حیزبی دەعوە، کاریگەرییان بەسەر بیرکردنەوەی مالکییەوە هەبوو، سەرجەم ستراتیژییەتەکان و جموجۆڵەکانی ئەو لە سۆنگەی ستراتیژییەتی ئاینییەوە سەرچاوەیان دەگرت. کاتێکیش کە بۆ ماوەی دوو خول بووە سەرۆکوەزیران، هەر لەنێو هەمان ئەو چوارچێوەیەدا هەنگاوی دەنا."

فازڵ نەبی، قسەکانی د.واسق پشتڕاست دەکاتەوە و دەڵێت: "ڕۆحیەتی حیزبی دەعوە ڕەنگی دابووەوە لە کەسایەتی مالیکیشدا. مەزهەبگەرایی لای ئەوان زۆر گرنگ بوو".

بەڵام مالیکی پێچەوانەی بۆچوونەکانی حیزبی دەعوە ڕەفتاری کرد. وەک غالب شابەندەر دەڵێت "حیزبی دەعوە زۆر شتی بە مالیکی بەخشی، بەڵام لەدوای خولی دووەمی سەرۆکایەتی حکومەت و تاوەکو ئێستاش زیانی زۆری بە ناوبانگە ناوازەکەی حیزبی دەعوە گەیاند کە بەر لە ڕووخانی ڕژێمی بەعس و بەر لە دەستپێکی گۆڕانکاری هەیبوو".

> **دروشمی زۆرینەی سیاسی ڕێخۆشکەر دەبێت بۆ سەرهەڵدانی شەڕی نێوخۆ**
> غالب شابەندەر

## چالاکییە چەکدارییەکانی مالیکی

لیژنەی سەربازیی هێزە جیهادییەکان بەسەرپەرشتی نووری مالیکی دەستیان بە چالاکیی سەربازی کرد. ساڵی 1980 هەوڵی تیرۆرکردنی تاریق عەزیزیان دا لە بەغدا، هەروەها تەقاندنەوەی سینما نەسر، وەزارەتی پلاندانان و وەزارەتی ڕاگەیاندن لە بەغدا، تەقاندنەوەی سەنتەری بازرگانی و باڵیۆزخانەی ئەمەریکی و فەرەنسی لە کوێت.

ساڵی 1981 ئەبوو مریەم کە هاوڕێیەکی مالیکی بوو، بە ئۆتۆمبێلێکی بۆمبڕێژکراوەوە، باڵیۆزخانەی عێراقی لە بەیروت تەقاندەوە و 60 کوژراو و 200 بریندراری لێکەوتەوە. یەکێک لە قوربانییەکان بەلقیس ئەلڕاوی خێزانی شاعیر نزار قەببانی بوو.

نزار قەببانی دەڵێت: "سوپاستان دەکەم، سوپاستان دەکەم، خۆشەویستەکەم کوژرا، بۆتان هەیە پێکێک شەراب لەسەر گۆڕی شەهید نۆش بکەن. شیعرەکەشم تیرۆر کرا. ئایا لە جیهاندا، جگە لە ئێمە، نەتەوەیەک هەیە شیعر تیرۆر بکات؟".

غالب شابەندەر لەبارەی ئەو چالاکییانەی مالیکییەوە دەڵێت: "زۆربەی ئەو پلان و ئۆپەراسیۆنە سیاسی و سەربازییانەی حیزبی دەعوە کە مالیکی دایڕشتبوون، ڕووبەڕووی شکستی گەورە بوونەوە. ڕۆڵێکی گەورەو ئەوتۆیان نەبوو، بەڵکو بەپێچەوانەوە بە زیانی حیزب دەشکانەوە، ئەوەی دەڵێت ئەو ئۆپەراسیۆنانە کۆڵەگەکانی ڕژێمیان لەرزاند یان ڕێخۆشکەر بوون بۆ ڕووخاندنی ڕژێم. ئەم جۆرە قسانە تەنیا پاساو هێنانەوەن".

## گەڕانەوەی مالیکی

لەدوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس، مالیکی وەکو سەرکردەکانی دیکەی ئۆپۆزیسیۆنی عێراق گەڕایەوە و بووە گوتەبێژی بەرەی حیزبە شیعییەکان کە زۆربەی کورسییەکانی پەرلەمانی عێراقیان لە ساڵی 2005 بردەوە.

چاودێران دەڵێن مالیکی ڕۆڵێکی دیاری لە ڕووخاندنی ڕژێمی بەعسدا نەبووە. واسق ئەلهاشمی دەڵێت: "بەپێی لێدوانەکانی خۆی کە باسی کردووە، سەرکردایەتی باڵای لایەنەکان بەشدارییان لە کۆنگرە و کۆبوونەوەکاندا کردووە و ئەو خۆی ئامادە نەبووە. کەسانێکیش هەن، بەدیاریکراوی حەسەن عەلەوی کە دەڵێن بەڕێز مالیکی دوای گۆڕینی ڕژێم خاوەنی هیچ پێگەیەکی بەهێز و تایبەتی نەبوو لەنێو حیزبی دەعوەشدا. لەوانەیە لەسەر ئاستی دووەم و سێیەمی کەسایەتییەکانی حیزب بووبێت".

## مالیکی و دۆسیەی بەعسییەکان

لە 16ی نیسانی 2003، پۆڵ بریمەر، حاکمی مەدەنیی عێراق، پرۆژەی ڕیشەکێشکردنی بەعسی پەسەند کرد، نووری مالیکی کردە بەرپرسی ئەم پرۆژەیە، لە یەکەمین کاریدا تەواوی وەزارەتی بەرگریی عێراقی هەڵوەشاندەوە و ناردنییەوە بۆ ماڵەوە، دواتر دەستکرا بە داماڵینی تەواوی بەڕێوەبەرایەتییەکانی دەوڵەت لە بەعسییەکان و کار گەیشتە ڕفاندن و ونکردنی هەندێکیان.

بۆچوونی جیاواز لەسەر پرۆژەکە سەری هەڵدا، بە تایبەتی کە بووە هۆی هەڵوەشانەوەی تەواوی سوپای عێراق و وەزارەتی بەرگری، چونکە بەرپرسە باڵاکانی بەعسی بوون.

سەلامە ئەلخەفاجی وەڵامی ئەو کەسانە دەداتەوە کە ڕەخنەیان لە پرۆژەکە هەیە و ددەڵێت: "کەس باسی ئەوانەی نەکرد کە لە زیندانەکاندا خەڵکیان ئەشکەنجە دەدا، خانوویان بەسەردا دەڕووخاندن و خەڵکیان تیرۆر دەکرد".

موسەننا ئەمین نکۆڵی لە تاوانەکانی بەعس ناکات، بەڵام دەڵێ: "ستراکچەری سوپای عێراق بە دەیان ساڵ دروست بووە، بەشێکی زۆر لە فەرماندەکانی سوپای عێراق پیشەیی بوون و لە پێشکەوتووترین زانکۆکانی دونیادا ڕەنگە زانستی سەربازییان خوێندبێت، دەتوانرا ئەوانەی تاوانبار و جەلادن لابرێن، ستراکچەرەکە بهێڵرێتەوە، بەڵام ئەمان ویستیان میلیشیای مەزهەبی دروست بکەن".

## نیشتنەوەی بازەکە لەسەر شانی مالیکی

دوای ناڕەزایییە زۆرەکانی کورد و سوننەی عێراق لە خراپ بەکارهێنانی دەسەڵاتەکانی، ئیبراهیم جەعفەری کە ئەوکات سەرۆک وەزیران بوو، لە دەسەڵات دوورخرایەوە، پاشان سەرۆک کۆمار، مالیکیی ڕاسپارد بۆ پێکهێنانی حکومەتێکی نوێ لە ساڵی 2006 دا، ئەوکات کوشتن، ڕفاندن، تەقینەوە و ململانێی سیاسی زۆربەی شارەکانی ناوەڕاستی عێراقی گرتبووەوە.

لەو سەردەمەدا کورد و شیعە لە مانگی هەنگوینیدا بوون، بەهێزترین پەیوەندییان هەبوو، کورد کارەکتەرێکی بەهێز بوو لە گۆڕەپانی عێراقدا و بگرە هاوپەیمانانیش، بۆ ئەوەی کورد ڕازی بکەن، بڕیاریان دا کە پێویست بەوە دەکات جەعفەری بگۆڕدرێت.

فازڵ نەبی دەڵێت: "ئەوەی کە پاڵێوراو بوو، زیاتر مالیکی بوو کە پەیوەندی لەگەڵ کورد باش بوو. ئەوکات بەڕێز عەلی ئەدیبیش هەبوو، بەڵام لەبەر هەندێک هۆکار هەڵنەبژێردرا".

بەڵام واسق ئەلهاشمی پێیوایە ناکۆکییەکانی نێو ماڵی شیعە کە دواتر جیابوونەوەی جەعفەری لێکەوتەوە، بووە هۆی ئەوەی مالیکی ببێتە سەرۆکوەزیران.

غالب شابەندەر، باسی چۆنیەتی وەرگرتنی ئەو پۆستە لەلایەن مالیکییەوە دەکات و دەڵێت: "ئەمریکییەکان بانگهێشتیان کرد و پێشنیازی ئەوەیان کرد کە ببێتە سەرۆکوەزیران، ئەویش لە کۆبوونەوەیەکدا ئەو پەیامەی بە شیعەکان گەیاند، ئەوانیش لارییان نەبوو، مالیکی کاغەزێکی بەدەستەوە بوو کە مەرجی ئەمریکییەکانی تێدابوو، شیعەکان لیژنەیەکیان پێکهێنا، گفتوگۆیەکی زۆریان کرد، لە کۆتاییدا پەیوەندییان بەمەرجەعی ئاینی کرد و ئاگاداریان کردەوە کە قایلن مالیکی ببێتە سەرۆکوەزیران. واتە مالیکی بەپێشنیازی ئەمریکییەکان بووە سەرۆکوەزیران، ئەگینا شیعەکان هەموویان لەو قەناعەتەدا بوون کە مالیکی لە ئاستی وەرگرتنی پۆستی سەرۆکوەزیراندا نییە".

واسق هاشمی دەڵێت: "مالیکی کاتێک کە بووە سەرۆکوەزیران، زۆر گۆڕا. ئیتر وەک سەرکردەی دەوڵەتێک مامەڵەی لەگەڵ دەوروبەری دەکرد، تەنانەت هەڵوێستی دژبەیەک لەگەڵ سەرکردەکانی حیزبی دەعوەش بەدی دەکرا. ئەوەی شیعە بێت و پۆستێکی سیادیی وەرگرتبێت، هەر عەقڵی شیعەگەری بەسەریدا زاڵە و ناتوانێت لە قاڵبەکەی دەربچێت و ببێتە سەرۆکوەزیرانی هەموو عێراق".

هەر لەوبارەوە غالب شابەندەر دەڵێت: "هەندێک کەس هەبوون لەخوا نەدەترسان. کارێکی زۆریان کرد بۆ گەورە نیشاندانی بەڕێز مالیکی و خۆیشی ئەم گەورەکردنەی پێ خۆش بوو، ئەمەش ئاکامی پێچەوانەی هەبوو".

## مالیکی و دۆسیەی ئەمنی

یەکێک لەو دەستکەوتانەی بەخاڵی بەهێز ئەژمار دەکرێت بۆ مالکی، ڕووبەڕووبوونەوە و کەمکردنەوەی کردەوە تیرۆریستییەکان بوو، ئەویش لە ژێر ناوی سەپاندنی یاسادا.

بەڵام غالب شابەندەر ئەمە بە دەستکەوتی مالیکی نازانێ و دەڵێت: "ئەوە بەهۆی لێهاتوویی ئەو نەبوو، بەڵکو لە سایەی هێزە ئەمریکییەکانەوە بووە".

بەبڕوای چاودێرانی سیاسی، یەکێک لە هەڵەکانی مالیکی ئەوە بوو کە جگە لە پۆستی سەرۆکوەزیران، زۆربەی پۆستە ئەمنییەکانیشی لە دەستی خۆیدا هێشتنەوە، لەوانەش فایلە ئەمنییەکانی ناوخۆ و بەرگری و ماوەیەک ئاسایشی نیشتمانیشی لەئەستۆ بوو. د.واسق ئەلهاشمی دەڵێت: "هەموو ئەم بابەتانە بەتایبەتی لە وڵاتێکی وەک عێراق هەرگیز ناتوانرێت کۆنترۆڵ بکرێت، عێراق ڕووبەڕووی تەحەددای گەورە دەبووەوە وەک قاعیدە و دواتر داعش. بۆیە فایلی ئەمنی کێشەی تێدا هەبوو، سەرباری ئەوەی کە توانی دەستکەوت تۆمار بکات".

بەڵام سەلامە خەفاجی پێیوایە مالیکی لە دۆسیەی ئەمنیدا سەرکەوتوو بووە "مالیکی لە ماوەی دەسەڵاتیدا توانی لەڕێگەی پلانی سەپاندنی یاساوە، ڕێگری لەتەشەنەکردنی قاعیدە و چالاکیی هەندێ گرووپی چەکدار بکات".

خەفاجی پێیوایە ئەوەی کێشەی بۆ مالیکی دروستکرد دوو شت بوون، یەکەم: حکومەت بەپێی تەوافوق دامەزرا، لایەنەکان پێیانوابوو مافی دەستوەردانیان هەیە. هەروەها فراکسیۆنەکان لە پەرلەمان بەرگرییان لە هەڵەی وەزیرەکانیان دەکرد، بۆیە دەبێ گلەیی ئاراستەی سەرجەم لایەنە بەشداربووەکانی حکومەت بکەین، نەک بە تەنیا مالیکی".

د.واسق ئەلهاشمی کە شارەزایەکی زانستە سیاسییەکانە، پێیوایە کێشەکە نەبوونی ئۆپۆزیسیۆنە "ئەگەر ئۆپۆزسیۆنمان لەپەرلەماندا هەبووایە، ئەوسا ئۆپۆزسیۆن بەدواداچوونی بۆ کارەکانی حکومەت دەکرد و ڕێکاری باشتر دەگیرانەبەر و کارەکان باشتر بەڕێوەدەچوون".

نووری مالیکی لەو ماوەیەی سەرۆکوەزیران بووە، لە زۆر کاری گەندەڵی و تاوانکاریی دژ بە مرۆڤایەتی تێوەگلاوە، بەپێی ڕاپۆرتی ڕێکخراوی شەفافیەتی نێودەوڵەتی، عێراق یەکێکە لە گەندەڵترین وڵاتانی جیهان. مالیکیش تۆمەتبارە بە بەدەستەوەدانی مووسڵ.

ئەشواق جاف دەڵێت: "لەسەردەمی مالیکیدا گەورەترین گەندەڵی کرا، بینیمان کە تیرۆرستانی داعش هاتن و مووسڵیان گرت، ئەگەر تێبینی ئەو ژمارە زۆرەی هێزە ئەمنییەکان بکەی، مەحاڵە پارێزگایەکی گەورەی وەکو مووسڵ بکەوێتە دەستی داعش".

د.موسەننا بە گومانەوە لە کەوتنی مووسڵ دەڕوانێ و دەڵێت: "کەوتنی مووسڵ گومانی گەورەی لەسەرە کە ڕەنگە مالیکی بۆ ئەوەی بووبێت لە دەسەڵاتدا بمێنێتەوە و ئەم هەڕەشەیە وا بکات کە شیعە بیر لە گۆڕانکاری نەکەنەوە لە عێراقدا، عێراقییەکانیش ئەو ئەمری واقیعە قبوڵ بکەن".

> **گەڕانەوەی مالیکی بۆ پۆستی سەرۆکوەزیران، بووە بەشێک لە ڕابردوو**
> واسق ئەلهاشمی

## مالیکی و کورد

لە شوباتی 2014دا نووری مالیکی بودجەی هەرێمی کوردستانی بڕی. پاشان بەناوی سەپاندنی ئاسایش هێزی ئۆپەراسیۆنی دیجلەی دروستکرد و ڕەوانەی ناوچە ناکۆکی لەسەرەکانی کرد. ئەمەش هێندەی دیکە درزی خستە نێوان کورد و شیعە.

غالب شابەندەر لەوبارەوە دەڵێت: "مامەڵەکردنی لەگەڵ پرسی کورد ناجێگیر بوو. سیاسەتێکی ستراتیژی نەبوو، ئەوەندەی تاکتیکی بوو. هەر کاتێک پێویستی پێیان هەبووایە بۆ هەڵبژاردن و بۆ سەپاندنی هەژموونی خۆی، لەگەڵ بەڕێز مەسعود بارزانی ڕێکدەکەوت. ئەمە ڕوون و ئاشکرا بوو. بەپێچەوانەش هەرکاتێک بیزانیایە دژایەتیکردنی بەڕێز مەسعود بارزانی لە بەرژەوەندی ئەودایە، دەستی بەدژایەتی دەکرد".

د.واسق ئەلهاشمی پێیوایە هۆکارەکە بە تەنیا مالیکی نەبوو "هەندێک ناکۆکی لەخولی دووەمدا هەبوون کە دواتر بوونە ناکۆکیی قووڵ، لەوانەش پرسی هەناردەکردنی نەوت، پرسی ماددەی 140، یاسای نەوت و گاز و چەندین یاسا کە پێموایە هەموو لایەنەکان لە زیادکردنی گرژییەکان بەرپرسیار بوون".

> **مالیکی لە بڕیارداندا زۆر بوێرە**
> سەلامە خەفاجی

د.فازڵ نەبی کوردیش بە هەڵە دەزانێ و دەڵێت: "کێشەکە ئەو کاتە سەری هەڵدا کە وەزارەتی سامانە سروشتییەکان کاریگەریی زۆریان لەسەر سەرکردایەتی سیاسی کورد دانا، بەتایبەتی وەزیری سامانە سروشتییەکان کە پێداگری دەکرد لەسەر ئەوەی کورد نەوتی خۆی بفرۆشێ. من ئەوکاتە گوتم جارێ وەختی ئەوە نییە، چونکە تووشی ڕۆژێکی ڕەشی وەکو ئەمڕۆ دەبین".

## مالیکی و زۆرینەی سیاسی

هەوڵەکانی مالیکی بۆ مانەوە لەسەر کورسی سەرۆکوەزیران بۆ خولی سێیەم لە ئابی 2014 دا شکستی هێنا، دوای چوار ساڵی نیمچە خامۆش، مالیکی بە لیستێکی نوێ و بە دروشمی زۆرینەی سیاسی بەشداری هەڵبژاردنەکانی 2018ی کرد.

د.واسق ئەلهاشمی دەڵێت: "پێموایە ئاراستەی ئەمڕۆی عێراق بەرەو ئەوە دەچێت، بەڵام گەڕانەوەی مالیکی بۆ پۆستی سەرۆکوەزیران بووەتە بەشێک لە ڕابردوو". هەر لەوبارەوە د.سەلامە دەڵێت: "ئەگەر زۆرینەی سیاسی هەموو پێکهاتەکانی عێراق لەخۆبگرێت، ئێمە پێمانوایە ئەمە خاڵی چارەسەرە بۆ قۆناغی داهاتوو".

هەرچی غالب شابەندەرە، لەبارەی زۆرینەی سیاسییەوە دەڵێت: "چیدی هیچ شتێکی نوێیان پێ نییە بۆ ئەوەی لەناوخۆدا پشتی پێ ببەستن و کاری لەسەر بکەن. بەچی بچنە گۆڕەپانەکانەوە؟ پێویستی بەوە دەکرد کە دەست بە شتێکی نوێوە بگرن و لە شەقامدا کاری لەسەر بکەن. پێموایە ئەمە هەر دروشمێکە و بەڕێز مالیکی جگە لەمە هیچ شتێکی نییە و نەماوە هەستی شەقامی پێ بجوڵێنێ. من پێموایە گەورەترین مەترسی کە ڕووبەڕووی عێراق دەبێتەوە پرۆژەی زۆرینەی سیاسییە، چونکە زۆرینەی سیاسی واتە زۆرینەی شیعە. ئەمەش ڕێخۆشکەر دەبێت بۆ سەرهەڵدانی شەڕی ناوخۆ".

## ئەمریکا گەمارۆی خستەسەر 9 کەس و کۆمپانیای ئێرانی

**ڕووداو- هەولێر**

ئەمریکا 6 کەس و 3 کۆمپانیای ئێرانی بۆ لیستی گەمارۆکانی زیادکرد. هەروەها ڕاگەیەندراوە، ئیماراتیش گەمارۆی خستووەتە سەر چەند کەس و کۆمپانیای ئێرانی. ئەستیو منوچین، وەزیری گەنجینەی ئەمریکا ڕایگەیاندووە، ئەو 6 کەس و 3 کۆمپانیایە پارەیان بۆ سوپای پاسدارانی ئێران دابین کردووە، سەدان ملیۆن دۆلاریان بە دراوەکانی دیکە گۆڕیوەتەوە و بانکی ناوەندیی ئێرانیش هاوکاریان بووە. بەگوتەی ناوبراو بانکی ناوەندی هاوکاری کردوون بۆ ئەوەی دەستیان بە ژمارە حسابی بانکی لە دەرەوەی وڵات بگات. هەروەها هاتووە گەمارۆخستنەسەر ئەو 9 کەس و کۆمپانیایە هیچ پەیوەندی بە کشانەوەی ئەمریکا لە ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکە نییە.



ئابووری
ڕووداو
ژمارە ( 505 ) - دووشەممە 2018/5/14

### بەهۆی دابەزینی بەهای تومەن

# هاوردنی کاڵای ئێرانی بۆ کوردستان 20% زیاد بووە

**ڕەوا عەبدوڵڵا**
**ڕووداو- هەولێر**

سەرۆکی یەکێتیی هاوردە و ناردنکارانی هەرێمی کوردستان دەڵێت، بەهۆی دابەزینی بەهای تومەن و ئاسانکارییەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ پەرەپێدانی ئاڵوگۆڕی بازرگانی لەگەڵ هەرێمی کوردستان، ئێستا زیاتر لە جاران بازرگانان ڕوو لە هاوردنی کاڵای ئێرانی دەکەن، بەو هۆیەشەوە بازاڕەکانی کوردستان پڕبوون لە کاڵای ئێرانی و نرخیش دابەزیوە.

کشانەوەی ئەمریکا لە ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکەی ئێران کە بە ڕێککەوتنی 5+1 ناسراوە، بەهای تومەنی زۆر دابەزاند، بە جۆرێک ئێستا بەهای 100 دۆلاری ئەمریکی گەیشتووەتە سەرووی 700 هەزار تومەن. ئەمەش وای کردووە بازرگانانی هەرێمی کوردستان زیاتر لە جاران ڕوو لە هاوردنی کاڵای ئێرانی بکەن، هەر بەهۆی دابەزینی بەهای تومەنیشەوە، نرخی کاڵای ئێرانی دابەزیوە.

مستەفا شێخ عەبدولڕەحمان، سەرۆکی یەکێتیی هاوردە و ناردنکارانی هەرێمی کوردستان بە (ڕووداو)ی گوت: "کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەو زیانەی لە داخستنی سنوورەکانی لەگەڵ هەرێمی کوردستان وەک کاردانەوەیەک بەرامبەر گشتپرسی کردی، ئێستا دەیەوێ ئاسانکاری بۆ بازرگانانی بکات".

سەبارەت بە دابەزینی بەهای تومەن و کاریگەری لەسەر ئاڵوگۆڕی بازرگانی لەگەڵ ئێران. شێخ مستەفا گوتی: "دابەزینی نرخی تومەن و هەرزانیی نرخی کاڵای ئێرانی، جموجۆڵێکی باشی خستووەتەوە ئاڵوگۆڕی بازرگانیی هەرێمی کوردستان و ئێران، ئاسانکارییەکانی ئێرانیش بۆ بازرگانان وای کردووە ئێستا زیاتر لە جاران بازرگانان ڕوو لە هاوردنی کاڵای ئێرانی بکەن، بەو هۆیەشەوە بازاڕەکانی هەرێمی کوردستان پڕبوون لە کاڵای ئێرانی و نرخیش دابەزیوە".

لە داتاکانی وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی هەرێمی کوردستان دەردەکەوێت کۆی ئاڵوگۆڕی بازرگانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ 15 وڵات چڕبووەتەوە، لەنێو ئەو 15 وڵاتەش بە ڕێژەی 72% ئاڵوگۆڕ لەگەڵ چوار وڵاتە کە بریتین لە تورکیا بەڕێژەی 37.280%، چین بەڕێژەی 15.372%، ئێران بەڕێژەی 12.503%، کۆریای باشوور بەڕێژەی 6.844%.

یوسف باپیری، سەرۆکی بەشی هەرێمی کوردستان لە ژووری بازرگانیی هاوبەشی ئێران و عێراق پێشتر بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاندبوو کە 10%ی کۆی ئەو کاڵایانەی ئێران هەناردەی دەکات، بۆ هەرێمی کوردستان دەچێت.

شێخ مستەفا دەڵێت: "ماوەی چەند ساڵێکە تورکیا هەوڵێکی زۆر دەدات بۆ گەشەپێدانی پەیوەندیی ئابووری و بازرگانی لەگەڵ هەرێمی کوردستان، بەمەش تاڕادەیەکی باش توانیوییەتی بازاڕەکانی هەرێمی کوردستان و عێراق بۆ خۆی پاوان بکات، تەنانەت بینیمان دوای ڕیفراندۆمیش بەهۆی بەرژەوەندییە ئابوورییەکانی، سنووری بەڕووی هەرێمی کوردستان دانەخست، بەپێچەوانەوە ئێران وەک کاردانەوە بەشێک لە سنوورەکانی داخست، ئەمەش بەزیانی خۆی تەواوبوو، بۆیە ئێستا لەهەوڵی پێداچوونەوەیە بە پەیوەندییە ئابووری و بازرگانییەکانی لەگەڵ هەرێمی کوردستان".



10%ی کۆی ئەو کاڵایانەی ئێران هەناردەی دەکات، بۆ هەرێمی کوردستان دەچێت (فۆتۆ: ڕووداو)

### فرۆشمان 20% زیادیکردووە

حوسێن بیجۆ، بازرگانێکی شاری هەولێرە، هاوردەکارێکی کاڵای ئێرانییە و گرێبەستی لەگەڵ ژمارەیەک کارگەی ئێرانی هەیە. حوسێن دەڵێت "بەهۆی کەمکردنەوەی پاشەکەوتی مووچەی فەرمانبەران و دابەزینی نرخی تومەن و هەرزانبوونی کاڵای ئێرانی، فرۆشمان بەڕێژەی 20% زیادیکردووە، ئەمەش وایکردووە 20% لە جاران زیاتر کاڵا هاوردە بکەین".

ئەم بازرگانە زیاتر جەرەزات و کێک و چوکلێت و چیپس و شەربەت و شیرەمەنییەکان لەئێران هاوردە دەکات، بۆ ساغکردنەوەی کاڵاکانیشی پێشەنگای تایبەتی بەناوی شوان لە بازاڕی شێخەڵڵای شاری هەولێر کردووەتەوە، زیاتر لە100 جۆر کاڵای تێدا نمایش کردووە.

حوسێن بیجۆ دەڵێت: "دابەزینی نرخی تومەن کاریگەری زۆر لەسەر دابەزینی نرخی کاڵای ئێرانی هەبووە، چونکە کارگەکانی ئێران بە پێچەوانەی تورکیا و وڵاتان دیکە کە کاڵا بەدۆلار دەفرۆشن، ئەوان کاڵاکانیان تەنیا بەتومەن دەفرۆشن، ئەمەش وایکردووە نرخی کاڵای ئێرانی دابەزێت".

حوسێن نموونە بەنرخی کارتۆنێک فستق دەهێنێتەوە دەڵێت "پێشتر کارتۆنێک فستق بە 28 تاوەکو 30 دۆلار لەسەر ئێمە دەکەوت، ئێستا بەهۆی دابەزینی نرخی تومەن بەرامبەر بەدۆلار، نزیکەی 20 دۆلار لەسەرمان دەکەوێت، ئەمەش وایکردووە ئێمە بتوانین بۆ کڕیارەکانمان نرخ دابەزێنین و فرۆشمان زیاد بێت".

بەپێی ئامارێکی وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی هەرێمی کوردستان کە پشتی بە داتای هەناردەی وڵاتان بۆ عێراق و هەرێمی کوردستان بەستووە، لە ساڵی 2016 کۆماری ئیسلامی ئێران تەنیا لە ڕێگەی وشکانی بەبەهای 6 ملیار و 131 ملیۆن و 416 هەزار دۆلار کاڵای هەناردەی عێراق و هەرێمی کوردستان کردووە، نزیکەی 80%ی کاڵاکانیش لەڕێگەی خاڵە سنوورییەکانی هەرێمی کوردستان هاوردەکراوە. بەشداری بازرگانانی هەرێم لەم ئاڵوگۆڕییە بازرگانییە 3 ملیار و229 ملیۆن و477 هەزار دۆلار بووە.

لەساڵی 2017 کۆماری ئیسلامی ئێران، وەک کاردانەوەیەک دژی گشتپرسییەکەی 25ی ئەیلوول، بەشێک لە سنوورەکانی لەگەڵ هەرێمی کوردستان داخست، بەم هۆیەشەوە هاوردەی کاڵای ئێرانی بۆ عێراق لەو ساڵە بۆ 5 ملیار و 230 ملیۆن و 883 هەزر دۆلار کەمیکردووە، نزیکەی 55%ی کاڵاکانیش لەڕێگەی خاڵە سنوورییەکانی هەرێمی کوردستان هاوردەکراوە. بەشداری بازرگانی کوردستان لەم ئاڵوگۆڕییە بازرگانییەدا 2 ملیار و 44 ملیۆن و 441 هەزار دۆلار بووە، واتە ساڵی ڕابردوو داخستنی سنوور، چالاکی بازرگانی ئێران لەگەڵ هەرێمی کوردستان و عێراق بەڕێژەی 36.7% کەمی کردووە. هەروەها هاوردەی کاڵای ئێرانی بەڕێژەی 14.7% کەمی کردووە.

بەڵام هاوردنی کاڵای تورکی لە ڕێگەی دەروازەی ئیبراهیم خەلیل لە ساڵی ڕابردوودا بەڕێژەی 37.8% زیادی کردووە. بەجۆرێک لەساڵی 2016 کۆی هەناردەی کاڵای تورکی بۆ عێراق و هەرێمی کوردستان 7 ملیار و636 ملیۆن و 669 هەزار دۆلار بووە، لەساڵی 2017 بۆ 9 ملیار و 56 ملیۆن و 662 هەزار دۆلار زیادبووە.

نەوزاد ئەدهەم، بەڕێوەبەری گشتیی بازرگانی لە وەزارەتی پیشەسازی و بازرگانی هەرێمی کوردستان بەوەکالەت، دەڵێت "لە چوارەمین کۆنفراسی گەشەپێدانی پەیوەندیی ئابووری و بازرگانی هەرێمی کوردستان و ئێران، بۆمان دەرکەوت کۆماری ئیسلامی ئێران مەبەستییەتی ئاڵوگۆڕی بازرگانی لەگەڵ هەرێمی کوردستان و عێراق پەرەپێبدات تا ئەو ئاستەی کاڵای ئێرانی لە بازارەکانی هەرێمی کوردستان و عێراق لەفرۆش و نرخدا کێبڕکێی کاڵای تورکی بکات".

نەوزاد ئەدهەم گوتیشی: "ئاسانکارییەکانی ئێران و دابەزینی نرخی تومەن، تەکانێکی باشی بەزیادبوونی هاوردنی کاڵای ئێرانی بۆ هەرێمی کوردستان داوە، ئێستا بازرگانانی هەرێمی کوردستان زیاتر لەجاران داوای مۆڵەت بۆ هاوردەکردنی کاڵای ئێرانی دەکەن".

### دوای 10 ساڵ لە قەدەغەکردنی

# وەزارەتی کشتوکاڵ جارێکی دیکە ڕێ بە هاوردنی جگەری مریشک دەدات

**ڕەوا عەبدوڵڵا**
**ڕووداو- هەولێر**

دوای 10 ساڵ لە قەدەغەکردنی بەهۆی زیانە تەندروستییەکانی، وەزارەتی کشتوکاڵ جارێکی دیکە ڕێگە بە هاوردنی جگەری مریشک دەدات، ئەنجوومەنی باڵای پیشەسازیی پەلەوەر و خاوەن کوشتارگەکانی کوردستانیش داوایان لە ئەنجوومەنی ئابووریی هەرێمی کوردستان کردووە لە پێناوی پاراستنی بەرهەمی خۆماڵی و پاراستنی تەندروستیی هاووڵاتیان ڕێ لە هاوردنی جگەری مریشک بگرن.

جگەری مریشک بەهایەکی خۆراکیی بەرزی هەیە، ئەگەر بەتازەیی بخورێت و زێدەڕۆیی لە خواردنی نەکرێت، ڕێژەیەکی باش ڤیتامین B12ی تێدایە کە چارەسەرە بۆ کەمخوێنی. لەپێکهاتەی جگەردا ڕێژەیەکی باش ڤیتامین A هەیە کە چاو بەهێز دەکات و دەیپارێزێ، پارێزەرێکی بەهێزیشە بۆ ڕێگری لە تووشبوونی مرۆڤ بە نەخۆشیی ئەنیمیا، جگەر بەرگری لەش بەهێز دەکات و دەبێتە هۆی ڕێگری لە هەڵوەرینی قژ و نینۆک.

سەرەڕای سوود و بەها خۆراکییەکانی، بەڵام پێویستە زێدەڕۆیی لە خواردنی جگەر نەکرێت، چونکە جگەر دەوڵەمەندە بە ماددەی بیورینات کە ترشی یۆریک لە جەستەدا دروست دەکات و بە تێپەڕبوونی کات مرۆڤ تووشی نەخۆشیی (میرانە) دەکات. هەروەها جگەر ڕێژەیەکی باشی کۆلیسترۆڵی تێدایە، بۆیە خواردنی گونجاو نییە بۆ تووشبووانی نەخۆشیی دڵ و بەرزبوونەوەی پاڵەپەستۆی خوێن و نەخۆشیی شەکرە.

حەیدەر فەرحان، سەرۆکی ئەنجوومەنی باڵای پیشەسازیی پەلەوەر بە (ڕووداو)ی گوت: "هاوردنی جگەر جگە لەوەی لە داهاتوودا وەک مریشکی هاوردە کێشە بۆ ساخکردنەوەی بەرهەمی ناوخۆ دروست دەکات، لەلایەکی دیکەشەوە ئەگەری ئەوەی هەیە ببێتە هۆی بڵاوبوونەوەی دەیان نەخۆشیی ڤایرۆسی لە کێڵگەکانی پەلەوەر".

جگەر لە جەستەی مریشکدا ڕۆڵی پاڵاوتن دەبینێ، بۆیە زۆربەی ئەو ژەهرانەی لەڕێگەی بەکارهێنانی دەرمان و کوتان و ئالیکەوە دەچێتە جەستەی مریشک لەنێو جگەر کۆدەبێتەوە، بەخواردنی زیان بە تەندروستیی مرۆڤ دەگەیەنێ و دەبێتە هۆی بڵاوبوونەوەی دەیان نەخۆشی بۆ مرۆڤ. حەیدەر فەرحان دەڵێت: "بۆیە هاوردنی جگەر جگە لەوەی دەبێتە هۆی چوونە دەرەوەی پارەی وڵات، زیانی ئابووری و تەندروستی بەدواوەیە، هەر لەسەر ئەو بنەمایەش داوامان کردووە، هاوردنی قەدەغە بکرێ".

لە هەرێمی کوردستان حەوت کوشتارگەی هاوچەرخی سەربڕین و چاککردنی مریشک هەیە کە وزەکەیان لە کاژێرێکدا نزیکەی 30 هەزار مریشکە، بەڵام لەبەر ئەوەی نزیکەی 90%ی مریشکی کێڵگە خۆماڵییەکان بە زیندوویی دەفرۆشرێن، زۆربەی گوشتارگەکانی هەرێمی کوردستان بێکارن.

دەوەن موحسین، بەڕێوەبەری گشتیی کوشتارگەی ئیعتماد بۆ سەربڕین و چاککردنی مریشک، بە (ڕووداو)ی گوت "کوشتارگەکەمان مانگانە نزیکەی 75 تۆن جگەر بەتازەیی دەخاتە بازاڕ و توانیومانە پێداویستی بەشێک لە هاووڵاتیان و ڕێستۆرانتەکانی پارێزگای هەولێر پڕبکەینەوە، بەهەمانشێوە بەڕێژەی جیاواز کوشتارگەکانی دیکەش بەرهەمیان هەیە، ئەگەر داواکاری هەبێت، دەتوانین زیاتریش بەرهەم بخەینە بازاڕ".

> **لە ترسی جگەری قاچاخ، مۆڵەتی هاوردنی جگەرمان دایە بازرگانان**
>
> بەرپرسێکی وەزارەتی کشتوکاڵ

دەوەن موحسین ڕەتیکردەوە هاوردنی جگەر، دوای 10 ساڵ لە قەدەغەکردنی، بۆ پڕکردنەوەی پێداویستی ناوخۆ و هاوسەنگیی نرخ بێ "بەڵکو بەهۆی گوشاری هەندێک بازرگان بووە لەسەر بەرپرسانی وەزارەتی کشتوکاڵ".

بەپێی ئامارێک کە لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی سامانی ئاژەڵ و ڤێترنەری دراوەتە (ڕووداو)، وەزارەتی کشتوکاڵ تەنیا بۆ پێویستی سێ مانگی هەردوو شاری هەولێر و سلێمانی مۆڵەتی هاوردنی 6.150 تۆن جگەری مریشکی داوەتە بازرگانان کە لە تورکیا هاوردەی بکەن. ئەمەش پێویستی بە سەربڕینی مریشکێکی زۆرە، چونکە جگەری مریشک نزیکەی 45 — 50 گرام دەبێ.

دەوەن، گومان دەخاتە سەر کواڵیتی ئەو جگەرەی بازرگانان هاوردەی دەکەن و دەڵێت: "کوشتارگەکانی تورکیا لەتوانایاندا نییە لە ماوەی سێ مانگدا ئەم هەموو جگەرە بۆ بازرگانانی کوردستان دابین بکەن، بۆیە بەشی زۆری ئەو جگەرەی بازرگانان بەناوی تورکیاوە دەیهێنن، لە بنەڕەتدا بەرهەمی وڵاتانی ئۆکراین، مۆڵداڤیا، جۆرجیا، ڕۆمانیا و چین و هەندێ وڵاتی دیکەیە کە بەهۆی کۆنی و خراپی کۆگاکردنی، کواڵیتییان زۆر دابەزیوە و بەشێکیان ئێکسپایەریان زۆر نزیکە، بەڵام بازرگانان لە تورکیا کیسەکەی دەگۆڕن و ئێکسپایەری تازەی لێدەدەنەوە، بۆیە دڵنیام ئەگەر بەشێوەیەکی دروست لە تاقیگە پشکنینیان بۆ بکرێ، هیچیان دەرناچن".




مۆڵەتی هاوردنی 6150 تۆن جگەری مریشک دراوەتە بازرگانان

جگەر یەکێکە لە ئەندامە ناسکەکانی مریشک، ئەگەر بەشێوەیەکی دروست لەنێو ساردکەرەوە هەڵنەگیرێ، بەماوەیەکی کەم تێکدەچێت.

دکتۆر سەلاح مستەفا، سەرۆکی ڕێکخراوی پەرەپێدانی پیشەسازیی پەلەوەر لە کوردستان، دەڵێت "هاوردەکردنی جگەر زۆر هەستیار و مەترسیدارە بۆ تەندروستی، چونکە جگەر وەک پاڵاوگەیەک وایە لە جەستەی مریشکدا، هەر مادەیەکی کیمیایی بدرێتە مریشک، ژەهرەکەی لە جگەر کۆدەبێتەوە، بۆیە لەزۆربەی وڵاتان ناخورێت و بەنرخێکی زۆر هەرزان دەفرۆشرێ".

دکتۆر سەلاح مستەفا کە پزیشکی ڤێترنەرییە، هەروەها دەڵێت: "سیفەتێکی دیکەی جگەر ئەوەیە دەبێت بەتازەیی بخورێت، ئەو مریشکەش نەخۆش نەبووبێت، ئەگەر لە بەفرگریش هەڵبگیرێت نابێت بۆ چەند جارێک بتوێنرێتەوە، چونکە بەها خۆراکییەکەی نامێنێ".

بەرپرسانی وەزارەتی کشتوکاڵ دەڵێن ئامانجیان لە ڕێگەدان بە هاوردنی مریشک، هاوسەنگی نرخە لە بازاڕدا.

ئازاد ئەحمەد، بەڕێوەبەری گشتیی سامانی ئاژەڵ و ڤێترنەری بە وەکالەت بە (ڕووداو)ی گوت: "دەمانەوێ نرخی جگەر لە بازاڕ لەگەڵ توانای دارایی خەڵک هاوسەنگ بکەین، جگەریش بەکواڵیتیی باش بۆ هاووڵاتیان دابین بکەین، چونکە دوای بەدواداچوون بۆمان دەرکەوت کوشتارگەکانی ناوخۆ توانای دابینکردنی پێداویستیی ناوخۆیان نییە، بەهۆی کەمیی جگەر لە بازاڕەکاندا، گوشتارگەکان جگەر بە نرخی بەرز دەفرۆشن".

ئازاد ئەحمەد دەڵێت چەندین مەرجیان لەسەر بازرگانان داناوە بۆ هاوردنی جگەر "هەر بازرگانێک جگەر لە دەرەوە بهێنێ، داوای پشکنینی تاقیگەیی و پشتگیری شوێنی بەرهەمهێنانی لێدەکەین، دەبێت جگەرەکەش بەپێی تایبەتمەندییەکانی عێراق و دەستەی پێوانەسازی و کۆنترۆڵی کوردستان بێت بە ئۆتۆمبیلی تایبەت لە شوێنی بەرهەمهێنان بۆ سنووری کوردستان بگوازرێتەوە. دواتریش لە تاقیگەی باوەڕپێکراوی خۆشمان لە زاخۆ پشکنینی بۆ دەکەین ئەگەر دڵنیابووین لەسەلامەتی جگەرەکە ئینجا ڕێگەی پێدەدەین".

# بەرزبوونەوەی نرخی نەوت و داهاتووی نەوتی کوردستان




عومەر ئەحمەد




کۆمپانیا نەوتییەکانی هەرێمی کوردستان گەڕاونەتەوە سەر سکەی قازانجکردن

لە ناوەڕاستی 2014 دا، بەهۆی زۆریی ئەو نەوتەی کە خرابووە بازاڕەوە، نرخی نەوت لە 100 دۆلارەوە دابەزی بۆ 60 دۆلار. قەیرانی دابەزینی نرخی نەوت بە درێژایی ساڵی 2015 بەردەوام بوو. وای لێهات لە مانگی شوباتی 2016دا، نرخی نەوتی برێنت دابەزی بۆ 26 دۆلار بۆ هەر بەرمیلێک و نەوتی کوردستان لەو کاتەدا بە 17 دۆلار فرۆشرا. دابەزینی ئێجگار زۆری نرخی نەوت لە 2016دا، حکومەتی هەرێمی کوردستانی تووشی شۆکێکی گەورەی دارایی کرد. ناچاری کرد قەرزێکی زۆر لە کڕیارانی نەوتی خۆی بکات و پێدانی حەقدەستی کۆمپانیا نەوتییە کارکەرەکان لە هەرێمی کوردستان دوابخات.

دواکەوتنی حەقدەستی کۆمپانیا نەوتییەکان دەستبەجێ کاری کردە سەر چالاکییەکانیان، بە جۆرێک زۆربەیان کارەکانیان لە کێڵگە نەوتییەکان ڕاگرت، ئەمەش بووە هۆکار بۆ ئەوەی ئاستی بەرهەمهێنانی نەوتی کوردستان نەک زیاد نەکات، بەڵکو ناجێگیر بێت و کەمیش بکات.

جگە لەوەش بەهۆی دابەزینی نرخی نەوت و هێرشی داعش، کۆمپانیا نێودەوڵەتییە نەوتییەکان هەر پێشتر وەبەرهێنانەکانیان لەو بلۆکە نەوتییانە ڕاگرتبوو کە هێشتا نەگەیشتبوونە قۆناغی بەرهەمهێنان.

## زیانی کۆمپانیا نەوتییەکان

هەر یەکە لە کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکانی وەک DNO و Genel Energy و Golf Keystone کە زۆرترین نەوتیان لە هەرێمی کوردستان بەرهەم دەهێنا، بەهۆی دابەزینی نرخی نەوت و دواکەوتنی حەقدەستەکانیان، ڕووبەڕووی کێشەی دارایی گەورە بوونەوە. لەبنەڕەتدا بەهۆی گرێبەستی هاوبەشکردنی بەرهەم، ئەو کۆمپانیایانە لە هەناردە و فرۆشتنی نەوت بە ڕێژەیەک بەشدار دەبن لە داهاتی نەوت. بەهۆی کەمیی نرخی نەوتیش ئەو ڕێژەیە کە وەک حەقدەست بۆ ئەو سێ کۆمپانیا نەوتییە دەمایەوە تا ئاستێکی بەرچاو کەمی کرد. سەرباری ئەوەش، ئەو بڕە کەمەی حەقدەست لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بەهۆی قەیرانی دارایی ڕاگیرا. ئەوەش بووە هۆکاری ئەوەی کۆمپانیا نەوتییەکان سیاسەتی کەمکردنەوەی خەرجی بگرنەبەر کە یەکێک لەوانە کەمکردنەوەی ژمارەی کارمەندانیان بوو. بەوجۆرە شەپۆلی بێکاربوونی کارمەندە نەوتییەکان لە دوای 2014 زیادی کرد. بەپێی ڕاپۆرتی دارایی هەر یەکە لەو کۆمپانیایانەی سەرەوە، لە ساڵانی 2015 و 2016 و 2017 لەجیاتی قازانج زیانیان کردووە و نەیانتوانیوە تەنانەت خەرجییەکانیان قەرەبوو بکەنەوە.

## ڕێککەوتن لەگەڵ ڕوسنێفت

ساڵی ڕابردوو کە هێشتا قەیرانی دابەزینی نرخی نەوت بەردەوام بوو، ڕووسیا لەڕێی کۆمپانیای ڕۆسنێفتەوە کە بە کۆمپانیای نیشتمانیی نەوتی ئەو وڵاتە ئەژمار دەکرێت، لە هەنگاوێکی چاوەڕواننەکراودا لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان چووە ناو ڕێککەوتنێکی درێژخایەنی ستراتیژی لە بواری نەوت و گازدا.

لە کاتێکدا کە لەسەر ئاستی جیهان کەمتر کۆمپانیایەکی نێودەوڵەتی نەوت ئامادەبوو وەبەرهێنانی نوێ لەو بوارە بکات، کۆمپانیا ڕووسییەکە بە واژۆکردنی چەندین گرێبەست لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان توانی کەرتی نەوت و گازی هەرێمی کوردستان لە قەیرانێکی جددی ڕزگار بکات.

یەکێک لە گرێبەستەکانی نێوان ڕوسنێفت و حکومەتی هەرێمی کوردستان، گرێبەستی کڕینی نەوت بوو بە شێوازێکی ڕاستەوخۆ لە حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە. کۆمپانیاکە بەپێی ئەو گرێبەستە بەشێک لە نەوتی هەرێمی کوردستانی بە شێوازی پێدانی پارەی پێشەکی بۆ ماوەی سێ ساڵ و لەنێوان 2017 بۆ 2019 بە مەبەستی دابینکردنی نەوتی خاو بۆ پاڵاوگەکەی لە ئەڵمانیا کڕی. بەوپێیەش ڕووسیا یەکەم وڵاتە کە بەبێ گوێدان بە هەڕەشەکانی بەغدا، ڕاستەوخۆ نەوت لە هەرێمی کوردستان بکڕێ.

گرێبەستەکانی دیکەی کۆمپانیای ڕووسنێفت لە ساڵی 2017 کە پەیوەست بوون بە وەبەرهێنان لە بۆڕیی گواستنەوەی نەوتی کوردستان بۆ بەندەری جەیهان و هەروەها دامەزراندنی بۆڕی گواستنەوەی گازی سرووشتیی هەرێمی کوردستان و پەرەپێدانی 5 بلۆکی نەوتی لە هەرێمی کوردستان، هەموویان بوونە هۆکار بۆ ئەوەی لە سەردەمێکی زۆر سەختدا بۆ کەرتی نەوت، متمانەیەکی زۆر بۆ کەرتی نەوتی هەرێمی کوردستان بگەڕێتەوە.

کۆمپانیای ڕووسنێفت لە کاتێکدا هاتە هەرێمی کوردستان کە کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکانی دیکەی وەک ئێکسۆن مۆبیل، شێڤرۆن، تۆتاڵ و ماراسۆن قەبارەی سامان و بلۆکە نەوتییەکانی خۆیان لە هەرێمی کوردستان کەمدەکردەوە. هۆکارەکەشی بۆ ئەو قەیرانە دەگەڕێتەوە کە دابەزینی نرخی نەوت دروستیکرد و بووە هۆکاری کەمبوونەوەی وەبەرهێنانە نەوتییەکان بەبڕی 500 ملیار دۆلار لەسەر ئاستی جیهان. ئیدی لێرەوە گرنگیی گرێبەستەکانی ڕووسنێفت لەگەڵ هەرێمی کوردستان دەردەکەوێ.

## بەرزبوونەوەی نرخی نەوت

لە سەرەتای 2018 و بەهۆی بە ئەنجام گەیشتنی هەوڵە جددییەکانی سعودیە و ڕووسیا لە چوارچێوەی ڕێککەوتنی نێوان بەرهەمهێنەرانی ئۆپێک و دەرەوەی ئۆپێک، بۆ سەقامگیرکردنی بازاڕ و بەرزکردنەوەی نرخی نەوت، دواجار بازاڕی نەوت گەڕموگوڕیی تێکەوت و نرخی نەوتیش گەڕایەوە بۆ سەرووی 60 دۆلار.

ڕێکخراوی ئۆپێک ڕایگەیاندووە کە ئامانجی سەرەکیی ئەوان کەمکردنەوەی قەبارەی نەوتی کۆگاکراوی جیهانە بۆ تێکڕای 5 ساڵی ڕابردوو کە بەپێی چاودێران و ڕاپۆرتی ئاژانسی نێودەوڵەتیی وزە، لە بەدیهێنانی ئەو ئامانجەدا سەرکەوتوو بووە. لە مانگی چواردا بۆ یەکەمجار نرخی نەوتی ئۆپێک توانی بگاتە سەرووی 70 دۆلار کە بەرزترین ئاستی خۆی بوو لە سێ ساڵی ڕابردوودا.

هەفتەی ڕابردوو بڕیاری دۆناڵد ترەمپ، سەرۆکی ئەمریکا لە کشانەوەی لە ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکەی ئێران نیگەرانی لای وەبەرهێنەران دروستکرد و نرخی نەوتی برێنتی بەرزکردەوە بۆ سەرووی 77 دۆلار. ئەمانە هەموو بوونە هۆکار کە شرۆڤەکارانی نەوت پێشبینییەکانی خۆیان بۆ نرخی نەوت لەمساڵدا بەرز بکەنەوە. هەندێ لە شرۆڤەکاران دەڵێن نرخی نەوتی برێنت تا 90 دۆلاریش بەرز دەبێتەوە. ئەمەش کاریگەریی باشی لەسەر کەرتی نەوتی هەرێمی کوردستان دەبێت.

ساڵی 2018 ساڵی بووژانەوەی داهاتی کۆمپانیا نەوتییەکانە لەسەر ئاستی جیهان بە گشتی و بەتایبەتی لە هەرێمی کوردستاندا. باشبوونی ڕەوشی دارایی کۆمپانیا نەوتییەکان لە هەرێمی کوردستان لەو ڕووەوە گرینگە کە ئەو کۆمپانیایانە هێندە کۆمپانیای گەورە نین و بەرزبوونەوەی نرخی نەوت یارمەتیان دەدات ڕەوشی دارایی خۆیان ڕێکبخەنەوە. دیارە کۆمپانیا نەوتییە گەورەکانی دیکەی جیهان بەهۆی گەورەیی ئەو سەرچاوە داراییە گەورەیە کە لە بەردەستیاندایە، توانای خۆڕاگریی زیاتریان هەیە لە بەرامبەر قەیرانی دابەزینی نرخەکانی نەوت.

هەر یەکە لە کۆمپانیا نەوتییەکانی دی ئێن ئۆ، گەنەڵ ئینێرجی، گەڵف کیستۆن و تاقەی ئیماراتی، ڕاپۆرتی دارایی چارەکی یەکەمی ئەمساڵی خۆیان بڵاوکردووەتەوە. بەپێی ئەو ڕاپۆرتانە، بە خۆشحاڵییەوە ئەو کۆمپانیا نەوتییانە دوای چەندین ساڵ لە زیانکردن، گەڕاونەتەوە سەر سکەی قازانج. هەندێ لەو کۆمپانیایانە ڕایانگەیاندووە کە ئەو پارەیەی وەک حەقدەست وەریدەگرن، خەرجی کێڵگە نەوتییەکانی دەکەن و دەست بە وەبەرهێنانەکانیان دەکەنەوە. ئەمە نە تەنیا لە ماوەی چەند ساڵێکدا دەبێتە هۆکاری بەرزبوونەوەی بەرچاوی ئاستی بەرهەمهێنانی نەوتی هەرێمی کوردستان، بەڵکو دەبێتە هۆکاری بووژانەوەی کاری بازرگانی و ڕەخساندنی هەلێکی کاری زۆریش لە هەرێمی کوردستان. ئەمانە هەمووی کاریگەری بەرزبوونەوەی نرخی نەوتن کە لە داهاتوویەکی نزیکدا لە ئابووریی هەرێمی کوردستاندا ڕەنگدانەوەی دەبێت.

## محەممەد بن سەلمان لە پشت ئەو پلانەیە

# سعودیە دەیەوێت نرخی نەوت 80 دۆلار بێت


ڕووداو- هەولێر


حکومەتی سعودیە هەوڵەکانی چڕکردووەتەوە بۆ ئەوەی نرخەکانی نەوت تاوەکو کۆتایی ئەمساڵ بگەنە 80 دۆلار بۆ هەر بەرمیلێک، محەممەد بن سەلمان، شازادەی جێنشینی پاشای سعودیە، لە پشت هەوڵەکەیە و دەیەوێ لەو ڕێگەیەوە داهاتی حکومەت بۆ گۆڕینی سیستەمی ئابووریی سعودیە بەکاربهێنێ. ئەم هەنگاوە جۆرێک لە دابڕانە لە سیاسەتی لەمێژینەی سعودیە کە هەمیشە هەوڵی سەقامگیرکردنی بازاڕە جیهانییەکانی نەوتی داوە.

لە دوو ساڵی ڕابردوودا، حکومەتی ڕیاز بە هاوکاریی مۆسکۆ نرخی نەوتی بە ڕێژەی 50% لەچاو 2015 بەرز کردووەتەوە، بەڵام بە گوتەی بەرپرسانی سعودیە، بن سەلمان بەوەندە ڕازی نییە و پێیوایە نرخ دەکرێ لەوەی ئێستاش بەرزتر بکرێتەوە. لە کۆتایی ساڵی 2016، ئۆپێک بە سەرکردایەتیی سعودیە لەگەڵ ڕووسیا و نۆ وڵاتی دیکەی دەرەوەی ڕێکخراوەکە، ڕێککەوتنی کەمکردنەوەی بەرهەمهێنانی نەوتیان واژۆ کرد. بە گوێرەی ئەو ڕێککەوتنە، ئۆپێک و 10 وڵاتەکەی دیکە ڕۆژانە 1.8 ملیۆن بەرمیل لە بەرهەمهێنانی جیهانی کەم دەکەنەوە.

بەرپرسێکی باڵای حکومەتی سعودیە بە ڕۆژنامەی (وۆڵ ستریت جورناڵ)ی ئەمریکی ڕاگەیاند: "سعودیە نیازی نییە بەرزبوونەوەی نرخەکان ڕابگرێ، بە پێچەوانەوە ڕێک ئەوەی دەوێ کە نرخەکان بەرزتر ببنەوە". بە گوتەی بەرپرسەکە کە ناوی خۆی ئاشکرا نەکردووە، سعودیە دەیەوێ نرخی یەک بەرمیل نەوت لانیکەم تاوەکو 80 دۆلار بەرز ببێتەوە.

ئەم هەنگاوەی محەممەد بن سەلمان گۆڕانێکی بنەڕەتی لە پەیوەندی نێوان نەوت و سیاسەتی دەرەوەی سعودیەدا دروست دەکات، چونکە ساڵانێکە ڕیاز لە بەرامبەر وەرگرتنی هاوکاری و گەرەنتی ئەمنیدا، نرخەکانی نەوت بۆ ئەمریکا و وڵاتە بەکارهێنەرەکانی دیکەی نەوت هاوسەنگ دەکات، بەڵام ئێستا هاوکێشەکان گۆڕاون و بەرپرسانی سعودیەش هەستیان بەوە کردووە کە ڕۆڵی جارانی سعودیە لە بازاڕەکانی نەوت دەستکەوتی جارانی بۆیان نابێ.

لەلایەکەوە پیشەسازیی نەوتی لیتەی ئەمریکا، وای کردووە نەوتی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست ئەو بایەخە زۆرەی جارانی نەمێنێ، بەم هۆیەوە سەقامگیری و ئارامیی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستیش ئەو گرنگییەی نامێنێ کە لە سەدەی ڕابردوودا بۆ پیشەسازیی ئەمریکای هەبوو، جیا لەمە بن سەلمان لە سێ ساڵی ڕابردوودا دەستی بە مێگاپڕۆژەی "ڕوئیای 2030"ی سعودیە کردووە کە هەم ئابووریی سعودیە نوێ دەکاتەوە و هەمیش سەرچاوەی نوێی داهات لە دەرەوەی نەوت بۆ شانشین دروست دەکات، جێبەجێکردنی ئەم پڕۆژەیەش پێویستی بە داهاتێکی زۆرە.

سعودیە بۆ هەر یەک دۆلار کە دەچێتە سەر نرخی بەرمیلێک نەوت، داهاتی ساڵانەی بە بڕی 3.1 ملیار دۆلار بەرز دەبێتەوە، ئەمەش بۆ وڵاتێک کە زیاتر لە 90%ی ئابوورییەکەی لەسەر نەوتە داهاتێکی زۆرە.

بە گوێرەی بەرپرسانی سعودیە، بەرزبوونەوەی نرخەکانی نەوت کات و داهاتی زیاتر بە حکومەت دەدا بۆ ئەوەی هێواشتر ئەو چاکسازییە ئابوورییانە جێبەجێ بکەن کە بەشێکی کەمکردنەوەی هاریکارییەکانی حکومەت بۆ خەڵکی سعودیە لەخۆدەگرێ. حکومەتی سعودیە ماوەی دوو ساڵ دەبێ سیاسەتی نیمچە دەستپێوەگرتن جێبەجێ دەکا و ژمارەیەکی زۆر لە یارمەتییە حکومییەکانی لە خەڵکی سعودیە گرتووەتەوە. حکومەتی ڕیاز نیگەران بوو لەوەی درێژەکێشانی ئەم سیاسەتە ناڕەزایەتی نێوخۆیی دروست بکات. بۆیەش بەرپرسانی سعودی دەڵێن بەرزبوونەوەی نرخی نەوت هەناسەیەک وەبەر هەمووان دەهێنێتەوە.

مانگی حوزەیرانی ئەمساڵ ئۆپێک و 10 وڵاتەکەی دەرەوەی ئۆپێک کۆدەبنەوە، چاوەڕێ دەکرێ تاوەکو ئەوکات بەهۆی دەرچوونی ئەمریکا لە ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکەی ئێران، نرخی نەوت هێندەی دی بەرز ببێتەوە.

پێشتر گومان دەکرا بەرزبوونەوەی نرخی نەوت کاریگەری نێگەتیڤ لەسەر ئاستی گەشەی ئابووریی جیهان و خواستی سەر نەوت دابنێ، بەڵام مانگی ڕابردوو خالید فالح، وەزیری وزەی سعودیە ڕایگەیاند: "تاوەکو ئێستا هیچ کاریگەرییەکی بەرزبوونەوەی نرخەکان لەسەر ئاستی خواست بەدی ناکرێ. جیا لەمە لە ڕابردوودا نرخی نەوت زۆر لەوەی ئێستا بەرزتر بووە و خواستیش هەر هەبووە".

زیادبوونی ژمارەی دانیشتووان و بەتایبەتیش دانیشتووە گەنجەکانی سعودیە وایکردووە خەرجییەکانی حکومەت بەرز ببنەوە. بەگوێرەی ڕاپۆرتێکی سندوقی نێودەوڵەتیی دراو، حکومەتی سعودیە لە نێوان ساڵانی 2000 بۆ 2014 پێویستی بەوە بووە نرخی هەر بەرمیلێک 75 دۆلار بێ، بۆ ئەوەی بتوانن خەرجییەکانی حکومەت پڕبکەنەوە. هەمان سندوق لە ساڵی 2018دا ڕایگەیاند کە ڕیاز بۆ هاوسەنگکردنەوەی بودجە پێویستی بەوەیە نرخی هەر بەرمیلێک 87 دۆلار بێ.

بەرپرسانی ڕیاز بە ڕۆژنامە ئەمریکییەکەیان ڕاگەیاندووە کە شانشین بە وریاییەوە مامەڵە دەکا و نایەوێ نرخەکانی نەوت تاوەکو 100 دۆلار بچن، لەبەر ئەوەی ئەمە هەم دەرفەتێکی باش بە پیشەسازیی نەوتی لیتەی ئەمریکا دەدا و هەمیش کاریگەریی گەورە لەسەر گەشەی ئابووریی جیهان دادەنێ. جیا لەمە ئێران و ڕووسیا پێیانوایە نرخەکانی نەوت لە سەرووی 60 دۆلار بۆ ئەم قۆناغە باشن. بۆیەش لە ئێستاوە چاوەڕێ دەکرێ لە کۆبوونەوەکەی مانگی حوزەیراندا، سعودیە لە نێوخۆی ئۆپێک و دەرەوەی ئۆپێکەوە ڕووبەڕووی ناڕەزایەتی ببێتەوە.

بۆب مەکناڵی، سەرۆکی ڕەپیدن ئینێرجی گرووپ، پێیوایە بەشێک لەو پلانەی سعودیە بۆ بەرزکردنەوەی نرخەکانی نەوت بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ڕیاز دەیەوێ وەبەرهێنانی بیانی لە کەرتی نەوتی وڵاتەکەی بەرزبکاتەوە، جیا لەمەش نرخی پشکەکانی ئارامکۆ بەرز بکاتەوە کە سعودیە بەنیازە بۆ دابینکردنی خەرجییەکانی پڕۆژەی "ڕوئیای 2030" بەشێکی بفرۆشێ.

بۆیەش بە گوێرەی ڕاپۆرتەکەی (وۆڵ ستریت جورناڵ)، سیاسەتی بەرزکردنەوەی نرخەکانی نەوت تەنیا سیاسەتێکی کورتخایەنی سعودیە دەبێ و لەدوای جێبەجێکردنی قۆناغە بەراییەکانی "ڕوئیای 2030"، سعودیە جارێکی دیکە هەوڵی دابەزاندنی نرخی نەوت دەدا.

سندوقی نێودەوڵەتیی دراو لە ڕاپۆرتێکی هەفتەی ڕابردوویدا هۆشداری دا کە ئەگەر نرخی نەوت بە ڕێژەیەکی بەرچاو بەرز ببێتەوە، ئەوە "بەرپرسانی سعودی هاندەدا چاکسازیی ئابووری خاو بکەنەوە".



یەک دۆلار کە دەچێتە سەر نرخی بەرمیلێک نەوت، داهاتی ساڵانەی سعودیە 3.1 ملیار دۆلار بەرز دەکاتەوە

## زوڵفی لەیلێ بە کەلهووری تۆمار دەکرێت



**رووداو– هەولێر**

هەردوو هونەرمەندی کورد کاروان حەمید و بافل سـەرهەنگ لەگەڵ کۆمەڵێک هونەرمەندی بیانی لە هۆڵەندا گۆرانییەکی کەلهووری کلیپ دەکەن. کاروان حەمید بە (رووداو)ی راگەیاند" کاری ئەمجارەمان لەسەر شێوەزاری کەلهوورییە، چونکە ستایل و شێوازی گۆرانی و مەقاماتی کەلهـووری جـوان و سەرنجراکێشـە". کاروان دەشـڵێت :"مەبەسـتمان لـەم کارەدا خزمەتکردن و ئاشـنابوونە بە هەمـوو زاراوەکان و لێکنزیک کردنەوەی کولتوورەکانە، بۆیە لەم بەرهەمدا چەند هونەرمەندێکی بیانی بەشداریان کردووە، گۆرانیی زوڵفی لەیلێ کە لە ئاواز و تێکستی فولکلۆری کەلهوورییە، بافل سەرهەنگ دابەشکردنی میوزیکی بۆ کردووە، بڕیارە لە جەژنی رەمەزانی ئەمساڵ بڵاوببێتەوە".

## بۆران محەممەد زازا، خانمە پیانۆژەنی کورد بۆ (رووداو):

# پڕۆژەیەکی مەزنم بۆ میوزیک و گۆرانیی کوردی هەیە

بۆران محەممەد زازا، خانمە پیانۆژەنی خەڵکی رۆژئاوای کوردستان، دەرچووی بەشی میوزیکی پەیمانگەی هونەرەجوانەکانی هەولێرە. هەروەها بەشی میوزیکی کۆلیژی هونەرەجوانەکانی لوبنانیشی تەواو کردووە و ئێستا خوێندکاری ماستەرە و لە رابەرایەتی کۆراڵ و پیانۆ لە کەنەدا دەخوێنێ. ئەو ئێستا سەرقاڵی بە نۆتەکردنی ملیۆدییە کوردیەکانە و لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (رووداو) زیاتر لەبارەی ئەو پرۆژەیە قسە دەکات.

**هەڤپەیڤین: هیوا سەلاح**
**رووداو- هەولێر**

**رووداو: تۆ لە لوبنان خوێندووتە، لوبنانییەکان لەبارەی میوزیک و گۆرانیی کوردییەوە چی دەڵێن؟**

**بـۆران:** پێموایە ئەگـەر بتەوێت زیاتر میوزیک و گۆرانی خۆت بە دونیا بناسـێنی، میکسـکردن و تێکەڵکێشکردنی میوزیکی کوردی بە میوزیکی ئـەم ناوچەیـە کارێکی گرنگە. منیـش لە رێگەی تێکەڵکێشـکردنی میوزیکـی کـوردی و لوبنانی توانیومە میوزیکی کوردی بە لوبنانییەکان بناسێنم، هونەرمەنـد ئیبراهیـم شـێخۆ کۆراڵێکـی کوردی نووسی و منیش پێشکەشی لوبنانییەکانم کرد، لای ئەوان ئەم کارە زۆر باش پێشوازی لێکرا.

**رووداو: ئێستا لە کەنەدا دەخوێنی، چۆن بوو ئەوێت هەڵبژارد بۆ خوێندنی میوزیک؟**

**بـۆران:** چوونی من بۆ کەنەدا بەشـێکی لەبەر ئەوە بوو کە بەشـێوەیەکی ئەکادیمی توێژینەوە و لێکۆڵینەوە لەسـەر میوزیکی کوردی و ئەرمەنی و گەلانـی دیکە بکەم. هەروەها ئەرشـیفی هونەری میوزیـک و گۆرانیی کـوردی دەوڵەمەنـدتـر بکەین. بەداخـەوە بەهـۆی ئـەوەی سـەرچاوەی کتێبی میوزیـک و گۆرانیی کوردی بـە زمانی جیاواز زۆر زۆر کەمە، ئەگەر هەشبێت کورد نەینووسیوە، بۆیە لەوێ کەمتر زانیاریان لەسەر کولتوور و فەرهەنگ و میوزیکی کوردی هەیە.

**رووداو: لـە کەنەدا هیـچ پرۆژەیەکی هونەریت نەبووە؟**

**بـۆران:** بەڵـێ، چەند کۆنسـێرتێکی میوزیکم پێشـکەش کرد، چەند پارچە میوزیکی کوردیشم بە پیانۆ ژەنیوە، دواتر کەنەدییەکان دەیانگوت ئەو پارچە میوزیکە کوردییە کاریگەری زیاتری لەسەر ئێمە هەبوو، زوو چووە نێو دڵانەوە.

**رووداو: پـڕۆژەی نووسـینەوەی میوزیـک و گۆرانیی کوردیت بەشێوازی ئەکادیمی نییە؟**

**بۆران:** من خۆم پسپۆڕییەکەم لە ژەنینی ئامێری پیانۆ و کۆڕاڵە. ئاوازدانان و نووسـینەوەی نۆتەی میوزیـک کاری من نییە، بەڵام لەگەڵ میوزیکژەن و ئاوازدانـەری کورد ئیبراهیم شـێخۆ پڕۆژەیەکی گەورەمـان هەیـە، چەنـد گۆرانییەکـی کـوردی بەشـێوازی ئەکادیمی و فوول هارمۆنی نووسـیوە و لـە ئەلبوومێکـدا لـە ماوەیەکی نزیکـدا بڵاوی دەکەینـەوە، بەشـێکی زۆر لـە گۆرانییە کوردییە بەناوبانگەکانی بۆ پیانۆ سـۆلۆ داناوە و بڕیارە لە کەنەدا لە ستۆدیۆ بەشێوازێکی پرۆفیشناڵ تۆماری بکەم، تاوەکو شـتێکمان هەبێت پیشانی خەڵکی بدەین کە ئەمەش میوزیک و گۆرانیی کوردییە.

**رووداو: دوای ئـەوەی بڕوانامـەی ماسـتەرت وەرگرت دەگەڕێیتەوە کوردستان؟**

**بۆران:** هێشـتا بڕیاری کۆتاییم نەداوە، چونکە بارودۆخـی ئێسـتای هەرێمی کوردسـتان جێگیر نییـە، منیش خەونـی مەزنم هەیـە، بۆیە رەنگە بەیەکجاری نەگەڕێمەوە کوردستان، بەڵام بەردەوام سەردانی کوردستان دەکەمەوە هەر هاوکارییەک و یارمەتییەک لە من بخوازن دەیخەمە سەرچاوان.

**رووداو: بۆ کچێکی کورد سەخت نەبوو بە تەنیا لە لوبنان بخوێنێ و دواتریش کەنەدا؟**

**بـۆران:** بەهۆی ئـەوەی هەمـوو خانەوادەکەم هونەرمەنـد و هونەردۆسـتن، هەمیشـە هاوکار و پاڵپشتم بوون و نەیانهێشتووە هیچ کەموکوڕییەکم هەبێت. لەگەڵ ئەوەشـدا مـن پێموایە ئێمەی کچ خۆمان خەتابارین، چونکە ئێستا کۆمەڵگا بەرەو کرانەوە و پێشـکەوتن دەڕوات، بەڵام بەشـێک لە کچەکان هێشتا وادەزانن سەردەمی جارانە و ناوێرن هەنگاوی نوێ هەڵێنن. من پێموایە کچ ئەگەر هەوڵ بدات دەتوانێت هەموو کارێک بکات.

**رووداو: نە نووسینەوەی نۆتەی حەیران و لاوک و هەنـدێ مەقاماتـی کـوردی تا چەنـد زیانی لە هونەری کوردی داوە؟**

**بـۆران:** پێشـتر دەیانگوت بەهـۆی هەبوونی چارەگە تۆن لە حەیران و هەندێ مەقاماتی کوردی، نۆتەی بۆ نانووسرێتەوە، بەڵام من پێوایە دەکرێت حەیرانیش وەکو گۆرانییەکانی دیکە بنووسرێتەوە، بەهۆی نەنووسینەوەی گۆرانی و حەیران و مەقامات بەشێکی زۆر لە گۆرانی و حەیران و میلۆدی کوردی لەناوچـوون. ئەوانەی ماون نەوە بۆ نەوە گوتراوە و ماوەتـەوە. هەر ناوچەیەکیـش گۆڕانکاری تێدا کردووە و رەسەنایەتی خۆی لەدەستداوە. وڵاتانی ئەورووپی و ئەمریکی ئەرشیفێکی مەزنیان لە گۆرانی و میوزیک هەیە، چونکە لەڕێگەی نۆتەوە هەموویان ئەرشیف کردووە.

**رووداو: کورد خۆی بەخاوەنی هەندێ لە ئامێرە میوزیکییـەکان دەزانێـت لەکاتێکـدا نەتەوەکانی دیکەش بەکاری دەهێنن، ئایا کورد خاوەنی ئامێری میوزیکی تایبەت بەخۆیەتی؟**

**بـۆران:** بەحوکمی ئەوەی من لە چەند وڵاتێک ژیـاوم، هەموو نەتەوەکان کۆمەڵێک لە ئامێرەکان بەهـی خۆیـان دەزانـن، مـن پێموایـە ئامێـرە میوزیکییـەکان هی هەموومانە، کـەس ناتوانێت خـۆی بکاتـە خاوەنـی، چونکە دەمێکـە هەموو نەتەوەکان بەکاریدێنن و مێژووەکەشی دیار نییە، بەڕای من ئەمە کێشە نییە.

**رووداو: جیـاوازی چـی بوو لە نێـوان زانکۆ و پەیمانگـەی هونەرەجوانەکانـی کوردسـتان و لوبنان؟**

**بـۆران:** ناکرێـت زانکـۆ و پەیمانگەکانـی کوردسـتان و لوبنان بـەراود بکەی. من پێموایە زۆر جیاوازن.

**رووداو: بەشـێک لـە خوێندکارانـی زانکۆ و پەیمانگەکانـی کوردسـتان تەنیا بـۆ بڕوانامە دەخوێنن، تۆ ئەمە چۆن دەبینی؟**

**بـۆران:** بەداخـەوە راسـتە و بەشـێک تەنیـا بـۆ بڕوانامە دێنـە زانکـۆ و پەیمانگەی هونەرەجوانەکان. ترسـناکتر لەوە ئەوەیە کە ئەوانـە دەبنە مامۆسـتا لـە قوتابخانەکان، ئەمەش کێشـەکە قووڵتر دەکاتەوە، چونکە ناکرێت هەموو کەسێک ببێتە مامۆستا، بۆیە بەداخـەوە ئەم دیاردەیـە بەردەوامە و ئەمە راستییە.

> هەندێک کەس تەنیا بۆ بڕوانامە هونەر دەخوێنن

> بەهۆی بەنۆتەنەکردنیانەوە، زۆربەی ملیۆدییە کوردییەکان لەنێوچوون



## خانمە گۆرانیبێژ دینا بۆ (رووداو):

# ئەلبوومەکەم ستایلی جیاوازی رۆژهەڵاتی و رۆژئاوایی لەخۆگرتووە



**دەریاز یونس**
**رووداو – هەولێر**

هەفتـەی رابردوو لە شـاری هەولێر، لە رێورەسـمێکی تایبەتدا نۆبەرەی ئەلبوومی گۆرانییەکانـی خـۆی بەنـاوی "شـای وڵات" بڵاوکـردەوە، دینـا کچێکـی کوردی دانیشـتووی هەولێـرە، ئـەو دەیەوێـت لە رێگەی کارە هونەرییەکانییەوە بناسـرێت، لـە هەڤپەیڤینێکـی تایبەتـدا وەڵامـی پرسیارەکانی (رووداو) دەداتەوە.

**رووداو: بۆچی ئەلبوومەکەت ناونا شای وڵات؟**

**دینـا:** شـای وڵات یەکەمین گۆرانی بوو کە بەشێوەی کلیپ بڵاوم کردەوە، خەڵکی لـە رێگەی ئـەم گۆرانییـەوە منیان ناسـی، ناوەکەش ناوێکی خۆشە و گۆرانییەکەش زۆر تایبەتە، بۆیە حەزم کرد یەکەم ئەلبوومیشـم هەر بەو ناوە بڵاوبکەمەوە.

**رووداو: پێشـتر بڕیارت دابـوو لە نەورۆزدا ئەلبوومەکـەت بڵاوبکەیتـەوە، بۆچـی وا دواکەوت؟**

**دینا:** راستە، زۆر هەوڵمدا لە جەژنی نەورۆز بـڵاوی بکەمەوە، بەڵام زۆر جار هەندێ شـت دێنە پێش کە پێشـتر چاوەڕێـت نەکردوون. ئامادەکـردن و چاپ و بڵاوکردنەوەی ئەلبووم کار و کاتی زۆری پێویستە. کاری زۆری مابوو کـە نەمتوانی هەموویان بکـەم و لە نەورۆزدا بـڵاوی بکەمەوە، بۆیە نزیکەی مانگ و نیوێک کاتی بڵاوکردنەوەکەی دواکەوت.

**رووداو: ئەگەر باسی ناوەڕۆکی ئەلبوومەکەت بکەین؟ بە چ ستایلێک گۆرانیت گوتووە؟**

**دینـا:** ئەلبوومەکـەم لـە هەشـت تـراک پێکهاتـووە، حەوت لە گۆرانییـەکان کوردین و گۆرانییەکـی عەرەبـی خەلیجـی تێدایـە، پێموابێت من یەکـەم هونەرمەندی کوردم کە گۆرانیی خەلیجی بڵێم، هەروەها ئەلبوومەکەم سـتایلی رۆژهەڵاتـی و رۆژئاوایـی تێدایـە، هەوڵمداوە بەشـێوازی جۆراوجۆر بە کرمانجی و سۆرانی گۆرانی بڵێم.

**رووداو: بـۆ بڵاوکردنـەوەی ئەلبوومەکەت لـە کافتریایەکی هەولێر رێورەسـمێکت کرد، مەبەستت لەم کارە چی بوو؟**

**دینا:** مەبەسـت لێی گەیشتن بە هەواداران و بەخشـینی ئەلبوومەکەم بـوو بە دیاری لە نزیکەوە، ئـەم کارەم پێ باش بوو بۆ ئەوەی خەڵکەکە لە نزیکەوە ئەلبوومەکەم وەربگرن.

**رووداو: پێشـوازی خەڵک لە ئەلبوومەکەت چۆن بووە؟**

**دینـا:** بەڕاسـتی چاوەڕواننەکـراو بوو ئەو هەموو خەڵکە پێشـوازی لێ بکـەن، من زۆر سوپاسیان دەکەم، سوپاس بۆ پشتگیرییان.

**رووداو: چەنـد کلیپێکـت بڵاوکردووەتەوە، بەنیازیت کلیپی دیکەش بکەی؟**

**دینا:** بەڵـێ لە داهاتـوودا کلیپی دیکەش بڵاودەکەمەوە، کە وێنەیان گیراوە.

**رووداو: کلیپی داهاتووت کەی بڵاودەبێتەوە؟**

**دینـا:** گۆرانییەکمـان بۆ رەمـەزان ئامادە کـردووە کـە لە شـاری بەیـروت لـە لوبنان کلیپـی بۆ کراوە. هـەر لە مانگـی رەمەزاندا بڵاودەکرێتەوە.

**رووداو: تەواوی ئاوازەکانی ئەم ئەلبوومەت هەڵکـەوت زاهیر ئامادەی کردووە، پلان هەیە لە داهاتووشدا کاری دیکە بەیەکەوە بکەن؟**

**دینـا:** بێگومـان. هەڵکـەوت زاهیـر وەک مامۆسـتا و وەک هاوکارێـک هەمیشـە لەگەڵمدابـووە، زۆر هاوکارمە لە کارەکانم، بە بەردەوامی بەیەکەوە کار دەکەین، ئێسـتاش پلانی کاری داهاتوومان داناوە.

**رووداو: لە پلانتدا هەیە کۆنسێرت بکەیت؟**

**دینـا:** بێگومـان هەمـوو هونەرمەندێـک حەز دەکات کۆنسـێرتی گۆرانی بکات، بەڵام پێموابێـت لەم کاتەدا بۆ من زووە، بەتایبەتی کە بارودۆخی سیاسیی هەرێمی کوردستان لەبـار نییە، بەڵام لە داهاتوودا بێگومان کۆنسـێرت دەکەم و لـە نزیکەوە زیاتر ئاشنای هەوادارانم دەبم.

**رووداو: لـە داهاتـوودا گۆرانـی دیکـە بـە زمانـی عەرەبـی بڵاودەکەیتەوە؟**

**دینـا:** بەڵـێ بۆچی نا، زۆر حـەزم بـە گۆرانیی عەرەبییـە، گۆرانیـی عەرەبیش دەڵێم.

> مامۆستا هەڵکەوت زاهیر لە هەموو کارەکانم پاڵپشت و هاوکارمە

> یەکەم هونەرمەندی کوردم کە گۆرانیی خەلیجی بڵێم



تاراوگە
ڕووداو
ژمارە ( 505 ) – دووشەممە 2018/5/14

## پۆلیسی بەریتانیا مێرمنداڵێکی کورد بریندار دەکا

**ڕووداو – هەولێر**

ڕۆژی 2018/5/13 ژمارەیەک پۆلیسی بەریتانیا لە نزیک شاری ریدینگ خۆپیشاندەرێکی کوردی گەنجیان بریندارکرد و تاوەکو ئێستا بارودۆخی دیار نییە. بە پێی راپۆرتێکی (بی بی سی)ی بەریتانی گەنجەکە لەگەڵ کۆمەڵێک خۆپیشاندەر بەنیازی ڕێگەگرتن لە کاروانی ئۆتۆمبێلەکەی سەرۆکی تورکیا بوون. گەنجەکە ڕەوانەی نەخۆشخانەکراوە، بەڵام پۆلیس هیچ وردەکارییەکی لەسەر دۆخی تەندروستی گەنجەکە نەخستووەتەڕوو. ڕەجەب تەیب ئەردۆغان، سەرۆکی تورکیا، بە گەشتێکی سێ ڕۆژە لە بەریتانیایە. ئەلیس ساریجان، یەکێک لە خۆپیشاندەران، بە کەناڵە بەریتانییەکەی ڕاگەیاندووە "پۆلیس لەخۆڕا ئەو هێزە زۆرەی لەدژی ئەو مێرمنداڵە بەکارهێنا".



# کارەکانی کۆچبەرێکی کورد بە وڵاتاندا دەگەڕێن

**ڕووداو– هەولێر**

هیوا، خەڵکی شاری سلێمانی، لە 1996 بەپێ لە ئێرانەوە بەرەو تورکیا و لەوێشەوە بەرەو یۆنان ڕێگەی بڕی و دواجار لە ئەڵمانیا گیرسایەوە. ئەوکات گەرمەی شەڕی نێوخۆی کوردستان بوو، تەمەنی هیواش 25 ساڵی تێپەڕ نەکردبوو. ئێستا هیوا لە بەرلین نیشتەجێیە و سەرقاڵی کاری هونەرییە. ئەزموونی کۆچ و مێژووی کۆڵۆنیالیزم و سیاسەتی هاوچەرخ بابەتی سەرەکیی کارە هونەرییەکانی هیوان.

لە ناوەڕاستی دوو هەزارەکاندا، هیوا لە ئەکادیمیای هونەریماینز دەستی بە خوێندنی هونەر کرد. هەر لەو کاتەشدا دەستی بە نمایشکردنی پڕۆژە هونەرییەکانی خۆی کرد و لەژێر چاودێریی پاکۆ پێنیا، ئاوازدانەری ئیسپانی، دەستی بە ڕاهێنانی گیتاری فلامینکۆی ئیسپانی کرد. تاوەکو ئێستاش میوزیک بەشێکی سەرەکی کارەکانی هیوان.

بەگوێرەی راپۆرتێکی ڕۆژنامەی (The Art Newspaper)، هیوا لە ساڵی 2011 بۆ پیشانگایەکی تایبەت بە هونەری عەرەبی لە نیومیوزیەم لە نیویۆرک بانگێشت کرا. ناونیشانی پێشانگاکە "ئێرە و هەر شوێنێکی دی" بوو، هیواش بە ڤیدیۆیەک بەناونیشانی "ئەم لیمۆیە تامی سێو دەدات" بەشداری پێشانگاکەی کردبوو. بەشێک لە ڤیدیۆکە تایبەت بوو بەو خۆپیشاندانەی لە ڕۆژگاری بەهاری عەرەبیدا لە کوردستان سازکران، بەشێکی دیکەشی تایبەت بوو بە هێرشی کیمیایی هەڵەبجە و هەڵمەتی جینۆسایدی کورد لە کۆتایی هەشتاکان.

بۆ ساڵی دواتر هیوا بانگهێشتی پێشانگایەکی هونەری لە نایجیریا کرا، لەو پێشانگایەشدا کارێکی هونەری بەناوی "زەنگ" لە گەلەرییەکە دانا. ئەو کارە هونەرییە بەرهەمی ساڵانێک هاوکاری لەگەڵ هونەرمەندێکی کوردی باشوور بەناوی نەژاد بوو کە پاشماوەی تانک و چەکی ساڵانی شەڕی ئێران و عێراق و شەڕی یەکەمی کەنداوی تواندبوووەوە.

ئەم کارە هونەرییە و کۆمەڵێک کاری هونەریی پێشتری هیوا ئێستا لە نیومیوزیەم نمایش دەکرێن. بەگوێرەی راپۆرتێک کە لە ماڵپەڕی گەلەرییەکە بڵاوکراوەتەوە، ناوی پێشانگاکە "کوێر وەکو زمانی دایکییە".

پارساڵ هونەرمەندە کوردەکە ڤیدیۆیەکی بەهەمان ناونیشان لە ئەسینا نمایش کرد، شوناس و کۆچ دوو تەوەری سەرەکیی ڤیدیۆکە بوون. ڤیدیۆکە نمایشکردنی بەسەرهاتی هونەرمەند خۆیەتی لە ڕێگەی قاچاخ. هیوا لەمبارەیەوە بە (زە ئارت نیوزپەیپەر) دەڵێ: "ئەو بەرهەمە بەو ڕێگەیەدا دەڕوا کە زیاتر لە 20 ساڵ لەمەوبەر کۆچبەرێک پێیدا ڕۆیشتووە، گەشتێک کە لە ئەڤرۆس لە یۆنانەوە تاوەکو ڕۆما لە ئیتاڵیا بەناو هەموو گوندەکاندا بەردەوام بوو".

بەرهەمە هونەرییەکەی هیوا فۆکەس لەسەر ئەو نادڵنیاییە دەکات کە ڕێگەی قاچاخ دەیخاتە بەردەم کۆچبەران، وەکو خۆیشی دەڵێ: "من باسی تاریکی و کوێری دەکەم، لە ڤیدیۆکەدا ساتێک هەیە کە تێیدا کەی (کاراکتەری سەرەکیی ڤیدیۆکە) لەناو چادری لۆرییەک لەسەر کەشتییەکە و نازانێ لە کوێیە و بۆ کوێ دەچێ".

لە ڕێگەی قاچاخ ئەوە تەنیا پێناسەی شوێنەکان نییە کە ون دەبن، بەڵکو کاتیش ئەو پێناسە و دیاریکراوێتییەی جارانی نامێنێ، تاکە شتێک کە لەو هەموو تاریکی و نادڵنیاییەدا ون نابێ، شوناس و زمانی دایکی کەسەکەیە. هونەرمەندە کوردەکە لە ڕوونکردنەوەی ئەو دیمەنانەی ناو ڤیدیۆکەدا دەڵێ: "ئەو کاتژمێری پێ نییە، نازانێ تاوەکو کەی لەو شوێنە دەمێنێتەوە، تاکە کاتژمێرێک کە پێی مابێ سکیەتی، بەهۆی تاریکیشەوە زمانی لە ئینگلیزییەوە بۆ کوردی دەگۆڕێ، کە زمانی دایکیەتی".

بەڵام پێشانگاکەی هیوا تەنیا لەسەر پرسی کۆچبەرانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و کێشەی ناسنامە چڕ نەکراوەتەوە، بەڵکو کۆڵۆنیالیزم و ئەو وێنەیەی هێزە کۆڵۆنیاڵەکان بۆ خۆیان و ئەوانی دی دروست دەکەن، لە پەیکەرێکی پۆڵاییندا نمایش دەکرێ. پەیکەرەکە ئاماژەیە بەو کاتەی ئیسپانییەکان لە سەدەی 16دا دەست بەسەر ئەمریکای باشووردا دەگرن.

بە گوتەی هیوا خەڵکی ڕەسەنی ناوچەکە پێیانوابوو ئیسپانییەکان ئاژەڵی لامان، چونکە هیچکات پیاویان بە ریشی هێندە درێژەوە نەبینیبوو، بەڵام ئیسپانییەکان پێیانوابوو خەڵکە ڕەسەنەکە ئەوان وەکو خواوەند دەبینن. بە بۆچوونی هیوا "ئەمە بیرۆکەیەکی باوە لە هەموو کۆمەڵگاکاندا، هەموو بیانی یان کۆڵۆنیالێک خۆی وەکو خواوەندێک دەبینێ کە کۆمەڵێک بیرۆکەی بۆ ئەو خەڵکە هێناوە".

هیوا لەم ماوەیەی دوایی خەریکی کێشانەوەی کۆمەڵێک نیگاریشە کە ئەو "بە ئەنجامی بیرکردنەوە و لێکۆڵینەوە"ی خۆی لە کاتی ئامادەکردنی پڕۆژەکەی دەیناسێنێ. بەشێک لە بیرۆکەی نیگارەکان لە کاتی سەردانی هیوا بۆ ماڵی فرانسیسکۆ پیزارۆ گۆنزالێس لە ئیسپانیا بۆی دروست بوون. گۆنزالێس یەکێک لەوانە بوو کە لە داگیرکردنی باشووری ئەمریکادا دەستی هەبووە.

مۆسیقا بەشێکی سەرەکی پێشانگاکانی هیوا پێکدێنن، بە تایبەتیش گیتاری فلامینکۆ. هیوا لەوبارەیەوە بە ڕۆژنامە هونەرییە بەریتانییەکە دەڵێ: "کارەکانی من پەیوەندییان بە توێژاڵەکانی مێژووەوە هەیە، کاتێک موسڵمانەکان دەستیان بەسەر ئیسپانیادا گرت، مۆسیقایەکی زۆری کوردییان لەگەڵ خۆیان بردە ئەو وڵاتە. گیتاری فلامینکۆ ئەنجامی بەشداریی چەندین کولتووری جیاوازە، بەڵام کولتووری ئیسپانی بە یەک توێژاڵ ئەو هەموو توخمە جیاوازە بەشدارەی داپۆشیوە. لای من فلامینکۆ مۆسیقای منیشە کە سەرلەنوێ خەریکە ڕەگوڕیشە دەردەکاتەوە".

کارەکانی هیوا لە دوای پرۆسەیەکی دوورودرێژی لێکۆڵینەوە دروست دەبن، بۆیەش وەکو خۆی دەڵێ، ساڵانە تەنیا یەک بەرهەمی سەرەکی هەیە. بە بۆچوونی هیوا "هونەر هەمیشە داوای ئەوەت لێدەکات بەرهەمی زیاترت هەبێ، بەڵام بە بڕوای من لەم سەردەمەی خۆماندا کە ژمارەی بەرهەمەکان لە هەژمار دەرچوون ئەمە چیدی پێویست نییە".

سەبارەت بە پەیامی پێشانگاکەی، هیوا بە ڕۆژنامەی (زە ئارت نیوزپەیپەر) دەڵێ: "دەمەوێ خەڵک بیر لە دۆخی جیهان بکەنەوە، کاتێک سیاسییەکانی ئەمریکا دەیانەوێ ڕێگە لە هاتنی خەڵک بۆ وڵاتەکەیان بگرن یان دیپۆرتیان دەکەنەوە، ئەوە دەبێ ئەوەیان لەبیربێ کە خۆیان (واتە خەڵکی ئێستای ئەمریکا) پێش هەموو کەسێک دەبێ بگەڕێنەوە وڵاتەکانی خۆیان. چونکە ئەمریکییە سپی پێستەکان خۆیان کۆچبەرن".



مێژووی کۆڵۆنیالیزم و سیاسەتی هاوچەرخ بابەتی سەرەکیی کارە هونەرییەکانی هیوان

# گرتووخانەی کۆچبەران لە بولگاریا دەبێتە شوێنی کێشانی حەشیش

**زامدار ئەحمەد**
**ڕووداو– بولگاریا**



سێ قاچاخچیی کورد لە زینداندا پلانی دوای ئازادبوونیان دادەڕێژن

ئارام، لە نێوان تورکیا بولگاریادا، ڕێبەری 42 کۆچبەری کوردی ئێزیدی بوو، لە دوای 22 کاژێر سەرجەم کۆچبەرەکان دەگەیەنێتە نێو خاکی بولگاریا. لە شوێنی چاوەڕوانی دەوەستن و چاوەڕێی هاتنی قاچاخچییەکانی بولگاریان کە بە ئۆتۆمبێل بێن و کۆچبەرەکان بگەیەننە سۆفیای پایتەخت، بەڵام لە کاتی چاوەڕێکردنی قاچاخچییەکان، پۆلیسی بولگاریا بەسەریاندا دەدەن و دەستگیریان دەکەن. لەو کاتەدا ئارام خۆی لەپاڵ دار و دەوەن دەشارێتەوە، بەڵام وەک ئەوەی پۆلیسەکان بزانن ڕێبەرەکە لەو ناوەدا خۆی شاردووەتەوە، بە وردی بۆ دەگەڕێن و دواجار دەیدۆزنەوە و دەستگیری دەکەن، گشتیان بەیەکەوە دەگەیەننە زیندانی لۆبۆمێز لە باشووری بولگاریا.

دوای لێکۆڵینەوە و پشکنینی پۆلیس و وەرگرتنی گوتەی کۆچبەران، دەردەکەوێ کە ئارام قاچاخچییەکەیە، بۆیە لە دادگایەکی ئەو وڵاتە حوکم دەدرێ. ئارام لە مانگی ئەیلولی ڕابردوو، تاوەکو سەرەتای مانگی ئاداری ئەمساڵ لە زیندانی لۆبۆمێز مایەوە.

هەر لەهەمان ئەو مانگەی ئارام-ی تێدا دەستگیرکرا، ڕێبەرێکی دیکەی کورد، بە ناوی ئەحمەد لەنێوان سنووری تورکیا و بولگاریا لای تەلەبەندی سنوور، لەلایەن پۆلیسی سنووری بولگاریاوە دەستگیر کرا و دواتر برایە زیندانی لۆبۆمێز، لەگەڵ ئارام سەر بەیەکەوە دەنێن، ئەوان هاوڕێ و دۆستی یەکدین.

هەر لەو زیندانەدا قاچاخچییەکی دێرینتر لە ئارام و ئەحمەد هەیە، ئەویش ئاکامە کە لە سنووری نێوان بولگاریا و سربیا دەستگیر کرابوو. ئەو، نۆ مانگ زیاتر بوو لە زیندان بوو، لەدوای شەش مانگی یەکەمی زیندانی، شەش مانگی دیکەی بۆ درێژ کرابووەوە.

تیمی قاچاخچییان لە زیندان پەیوەندی خۆش و باشیان لەگەڵ یەکدی دروست کردووە، دەیانەوێ تۆڕێکی جاڵجاڵۆکەیی فراوان دروست بکەن، خۆیان زۆرترین کۆچبەرانی ڕێگەی ئەوروپا بگوازنەوە و ڕیکۆردی نوێ تۆمار بکەن، لەبەرئەوە بەرنامە و پلان بۆ دوای ئازادکردنیان لە زیندان دادەنێن. کاتێک گوێیان لێدەبێ ڕێگەی نێوان بولگاریا و سربیا ئازاد کراوە و ئاسانتر بووە، دڵخۆشی سەرتاپای گیانیان دەگرێ و دەخوازن زوو ئازاد بکرێن. ئەحمەد و ئارام لە تورکیاوە کۆچبەر دەگەیەننە بولگاریا، لەوێشەوە ئاکام بەرەو سربیا دەیانگوازێتەوە، ئەمە تەنیا خەیاڵی وێناکراوی خۆیانە، بۆ دوای دەرچوونیان لە زیندان، لەکاتێکدا دڵنیان، دەشێ ئازاد بکرێن و دەشێ شەش مانگی دیکەیان بۆ درێژ بکەنەوە.

پیشە و کاری سەرەکیی ئەم قاچاخچیانە لە زیندان، کێشانی حەشیش بوو، ڕۆژانە و شەوانە، بەپێی کات و گونجان و ڕێککەوتن حەشیشیان دەکێشا. ئاکام و ئەحمەد و ئارام، لەگەڵ دوو سێ کەسی دیکەی نێو زیندان، دوور لە چاوی کامێرای نێو ژووری زیندانەکە کۆدەبوونەوە و بە بیانووی یاریی دامە و تاوڵە و شەترەج و دۆمینە دادەنیشتن.

ئاکام، جگەرەیەک لەنێو پاکەتەکەی دەردێنێ و ناوی خاڵی دەکات لە توتن و جوان پاکی دەکاتەوە. لەو کاتەشدا یەکێک لە زیندانییەکان لەسەر دەرگای ژووری زیندان وەستاوە، بۆ ئەوەی لە هاتنی پۆلیس ئاگاداریان بکاتەوە. ئینجا حەشیشەکە دەخەنە نێو پەڕەی جگەرەکە و وەک جگەرەی ئاسایی دایدەگیرسێنن، قومی لێدەدەن و هەڵیدەمژن، دانە دانە ئەمدەست و ئەودەستی پێدەکەن، ئەوان یەکی دوو قومیان لەو حەشیشە بەردەکەوێ. لەدوای تەواوکردنی پاشماوە و ئاسەوارەکەی جوان پاک دەکەنەوە و لەگەڵ پاشماوەی دیکە تێکەڵی دەکەن و دەیخەنە نێو تەنەکەی خۆڵەوە.

لەدوای کێشانی حەشیشەکە، دەستدەکەن بە قسەکردن و پێکەنین بەسەریاندا زاڵ دەبێ و هەرچی بەزاریاندابێ دەیڵێن، بە قسەی خۆیان بەرەو دونیایەکی دیکە دەچن، لەوکاتەدا هیچ شتێک بە جددی وەرناگرن و بەیەکدی دەڵێن شەش مانگ چییە؟ با شەش ساڵ لە زیندان بین.

ئەوان هەوڵ دەدەن هەمیشە حەشیش یان مادەی هۆشبەری دیکەیان هەبێ، لەوێ لە کەسێکی فارسی دەکڕنەوە کە هەمیشە بەشی فرۆشتنی پێیە، زمانی بولگاری دەزانێ و لەگەڵ دوو پۆلیس ڕێککەوتووە، ئەوان لە دەرەوە هۆشبەری بۆ دەهێنن و بەبڕە پارەیەکی زۆر بەوی دەفرۆشنەوە. ئەو پۆلیسانە بۆ هەر جارێک هێنانی مادەی هۆشبەر، بە ئەندازەی مووچەی مانگێکیان پارەیان دەستدەکەوێ، ئەمەش ڕێگەیەکی باشە بۆ پەیداکردنی پارە، چونکە بەهای دراوی بولگاری نزمە.

ئارام و ئاکام و ئەحمەد، لەبارەی خووگرتنیان بە کێشانی مادەی هۆشبەر دەڵێن چۆن کەسێک ئاڵوودەی جگەرە دەبێ و ناتوانێ تەرکی بکات، ئێمەش بەهەمانشێوە ئاڵوودەی بووین و ناتوانین تەرکی بکەین.

# بە چەکێکی بڕنەو خۆی دەکوژێ

**رووداو – رانیە**

هاوپۆلەکانی سەرقاڵی خۆئامادەکردن بوون بۆ تاقیکردنەوەی کۆتایی ساڵ کە هێلین لە رووداوێکی تەمومژاویدا کۆتایی بە ژیانی هات. کەسوکارەکەی دەڵێن رووداوەکە قەزا و قەدەر بووە، بەڵام پۆلیس و پزیشکی دادوەری دەڵێن خۆی کوشتووە.

کاژێر یەکی دوای نیوەڕۆی رۆژی 2018/5/6 لە گوندی قەڵا سەیدەی سەر بە ناحیەی سەرکەپکانی قەزای رانیە، دەنگی گوللەیەک، ئەندامانی خێزانی (هێلین.م.ح) ی راچڵەکاند، کاتێک چوونە ژووری نووستن، دەبینن کچەکەیان لەنێو خوێنی خۆیدا کەوتووە و چەکێکی برنەویش لە تەنیشتی کەوتووە.

کەسوکاری هێلین هێندە پەسنی ژیری و زیرەکیی کچەکەیان دەدەن، مەحاڵە باوەڕ بکەی کە خۆی کوشتبێ، بەڵام لێکۆڵینەوەکانی پۆلیس و پشکنینەکانی پزیشکی دادوەری، دەریدەخەن کە ئەو کچە بەدەستی خۆی کۆتایی بە ژیانی خۆی هێناوە.

کەسە نزیکەکانی هێلین ئامادە نەبوون قسە لەسەر ئەو رووداوە بکەن، تەنیا گوتیان رووداوەکە قەزاوقەدەرە، بەڵام سەرچاوەیەک لە گوندەکەی هێلین بە مەرجی بڵاونەکردنەوەی ناوی قسەی بۆ (رووداو) کرد.

ئەو سەرچاوەیە گوتی "هێلین کچی بچووکی ماڵەوەیان بوو، قوتابییەکی زۆر زیرەکیش بوو. لە پۆلی 10ی ئامادەیی بوو، هەموو ئاواتی ئەوە بوو ببێتە پزیشک، بەڵام خۆزگە و ئاواتەکانی لەگەڵ خۆی بردنە ژێر گڵ".

سەبارەت بە هۆکار و چۆنیەتی رووداوەکە، ئەو سەرچاوەیە گوتی: "ئەو رۆژە دایک و خوشکێکی لەماڵەوە بوون، هەر یەکەیان بە کاری خۆیەوە سەرقاڵ بووە، وەک باسی دەکەن هێلین ئەو رۆژە هیچ کێشەیەکی لەگەڵ کەسدا نەبووە، زۆریش ئاسایی بووە و کەس گومانی هیچی لێنەکردووە، لە ناکاو دەنگی گوللەیەک هاتووە، کاتێک خوشک و دایکی بەدوای دەنگی گوللەکەدا چوونەتە ژووری نووستن، دەبینن هێلین لەسەر زەوی کەوتووە و خوێنی لەبەر دەڕوات. ئەوان فریانەکەوتبوون قسە لەگەڵ هێلین بکەن، چونکە یەکسەر گیانی دەرچووبوو".

سەرچاوەکە گوتیشی: "کەسوکاری هێلین پێیانوایە رووداوەکە قەزاوقەدەرە، چونکە هێلین کێشەی لەگەڵ کەس نەبووە، ئەوان ئاژەڵدارن و بەردەوام ئەو چەکە لە ماڵەکەیان هەبووە، لەو باوەڕەدان چەکەکە کە بەدیواردا هەڵواسراوە، کەوتبێتە خوارەوە و گوللەکەی لێ دەرچووبێ و بەر هێلین کەوتبێ".

بەڵام پۆلیس و پزیشکی دادوەری وا ناڵێن و دەڵێن هێلین خۆی کوشتووە. فەرمان ئەحمەد پیرۆت، بەڕێوەبەری کارگێڕیی نەخۆشخانەی گشتیی رانیە بە (رووداو)ی راگەیاند: "تەرمی ئەو کچە هێنرایە بەشی دادپزیشکی لە نەخۆشخانەکەمان، گوللەیەک بەر گەردنی کەوتبوو لە پشتی سەری دەرچووبوو. نیشانەکان و شوێنی برینەکە دەریدەخەن کە ئەو کچە خۆی کوشتووە".

رائید شۆڕش ئیسماعیل، گوتەبێژی پۆلیسی رانیە سەبارەت بەو کەیسە بە (رووداو)ی گوت: "رۆژی 2018/5/6 لە گوندی قەڵا سەیدەی سەر بە ناحیەی سەرکەپکان کچێک لەماڵەکەی خۆیاندا بەهۆی بەرکەوتنی گوللەیەکی برنەو گیانی لەدەستدا. دوای رووداوەکە پۆلیس دەستی بە لێکۆڵینەوە کرد، هەرچەندە هۆکاری رووداوەکە دیار نییە، بەڵام ئەوە روون بووەتەوە کە رووداوەکە خۆکوشتنە، دەبێت هۆکارێک لە پشت ئەو رووداوە هەبێ، بۆیە پۆلیس بەردەوام دەبێ لە لێکۆڵینەوە تاوەکو هۆکارەکەی ئاشکرا دەکات".



# لە داخی مێردەکەی، خۆی سووتاند



شەهلا لە سەرەمەرگدا لە نەخۆشخانە سکاڵای لەسەر هاوژینەکەی تۆمار کرد

**رووداو – قەڵادزێ**

شەهلا، چەند ساڵێک بەرگەی ئەشکەنجە و ئازاری گرت، ژنی بەسەرهێنرا، هەر بەرگەی گرت. چەندین جار تووڕە بوو، هەر گەڕایەوە لای مێردەکەی، چونکە نەیدەویست لانەی لێ تێکبچێ، بەڵام دواجار بە دەستی خۆی گڕی بەردایە ئەو لانەیە و سێ منداڵی هەتیوکردن.

رۆژی 2018/6/4 ئافرەتێکی تەمەن 27 ساڵ بەناوی (شەهلا.ق.ب) دانیشتووی گەڕەکی راپەڕینی شارۆچکەی قەڵادزێ، لە نێو ماڵەکەیدا نەوتی بە خۆیدا کرد و ئاگری لە جەستەی خۆی بەردا. شەهلا چوار رۆژ لە نەخۆشخانە لەژێر چاودێریی پزیشکدا مایەوە، بەڵام بەهۆی زۆریی رێژەی سووتانەکەی، رۆژی 2018/5/8، مرد.

شەهلا، دایکی سێ منداڵ بوو، لە ئیفادەی پۆلیسدا مێردەکەی بە هۆکاری خۆسووتاندنی ناوبردووە و لەسەرەمەرگدا سکاڵای لەسەر تۆمار کردووە، ئێستا مێردی شەهلا بەپێی مادە 408 لە یاسای سزادانی عێراق بە بڕیاری دادوەر دەستبەسەر کراوە.

سەرچاوەیەکی نزیک لە خێزانی شەهلا کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە بە (رووداو)ی گوت، شەهلا لە داخی هاوژینەکەی، خۆی سووتاندووە، چونکە هەڵسوکەوتی لەگەڵی خراپ بووە.

شەهلا شەش ساڵ لەمەوبەر بە خواستی خۆی هاوسەرگیری کردووە، وەک کەسوکارەکەی دەڵێن لە سەرەتای ژیانی خێزانیدا هیچ کێشەی نەبووە، بەڵام دواتر مێردەکەی هەڵسوکەوتی بەرامبەری گۆڕاوە تا کار گەیشتووەتە ئەوەی ژنی دووەمی بەسەرهێناوە.

ئەو سەرچاوەیە گوتی: "کێشەی مێردی شەهلا دڵپیسی بوو، کەس نەیدەوێرا سەردانیان بکات، من کە خزمێکی نزیکیانم زۆر حەزم دەکرد سەردانیان بکەم، بەڵام مێردی شەهلا دڵپیس بوو، دەترسام دوای من شەهلا ئازار بدات".

بە گوتەی ئەو سەرچاوەیە: "مێردی شەهلا لەگەڵ ژنی دووەمیشی هەر خراپ بوو، زۆری پێنەچوو تەڵاقی دا، بەڵام هەر بەردەوام بوو لە ئازاردانی شەهلا، تا وای لێهات شەهلا چەندینجار چووەوە ماڵی باوکی، بەڵام مێردەکەی خەڵکی دەنارده ماڵی خەزووری و شەهلای دەبردەوە".

هەر ئەو سەرچاوەیە دەڵێت: "باوکی شەهلا چەندینجار داوای لە کچەکەی کردبوو لە هاوژینەکەی جیاببێتەوە و بەڵێنی پێدابوو ماڵی بۆ دابنێ و خەرجی خۆی و منداڵەکانیشی بکات، بەڵام شەهلا منداڵەکانی زۆر خۆشدەویستن، لەبەر خاتری منداڵەکانی چاوپۆشی لە زۆر شت دەکرد و لە هاوژینەکەی جیانەدەبووەوە".

شەهلا چیدی بەرگەی سووکایەتی و ئەشکەنجەی نەگرت، رێگایەکی هەڵەی گرتەبەر و ئاگری لە خۆی بەردا. وەک سەرچاوەکەی (رووداو) باسی کرد: "شەهلا لە سەرەمەرگدا سکاڵای لەسەر هاوژینەکەی تۆمارکرد، لە نەخۆشخانە گوتبووی مێردەکەم زۆر لەگەڵم خراپ بوو، چەندینجار جگەرەی بە جەستەی من کوژاندووەتەوە، ئەو رۆژە (رۆژی رووداوەکە) زۆری لێدام، ئیدی بێزار بووم لە خۆم، بۆیە خۆم سووتاند".

بەپێی پشکنینەکانی پزیشک، رێژەی سووتانەکەی شەهلا 90% بووە، بۆیە تەنیا چوار رۆژ بەرگەی ئازاری سووتانەکەی گرت و لە نەخۆشخانە گیانی سپارد. رۆژی دواتریش پۆلیس هاوژینەکەی دەستگیرکرد.

سەرچاوەکە لە بارەی هەڵوێستی ماڵی خەزووری شەهلاوە گوتی: "هەندێک لە خزمەکانی مێردی شەهلا ویستیان بەشداری پرسەی شەهلا بکەن، باوکیشی رازی بوو بەشداری بکەن. بەڵام هەندێک کەسی نزیکی مێردی شەهلا هەڕەشەیان کرد لەسەر ئەوەی شەهلا سکاڵای تۆمار کردووە و مێردەکەی بە گرتن داوە".

عەلی قادر، بەڕێوەبەری بەشی فریاکەوتن لە نەخۆشخانەی شەهیدانی قەڵادزێ سەبارەت بەو کەیسە بە (رووداو)ی گوت: "رۆژی چواری ئەم مانگە ژنێکی سووتاویان هێنا بۆ بەشی فریاکەوتن، ئێمە لای خۆمان چارەسەری سەرەتاییمان کرد، بەڵام لەبەر زۆریی رێژەی سووتاوییەکەی نەتوانرا لێرە چارەسەر بکرێ و ناردمان بۆ نەخۆشخانەی فریاکەوتنی سلێمانی".

گوتیشی: "بەپێی پشکنینەکان دەرکەوت نەوتی بەخۆیدا کردووە و پاشان ئاگری لە خۆی بەرداوە".

هەر لەوبارەوە ملازم رێبوار ئەسعەد، گوتەبێژی نووسینگەی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژی ئافرەتان لە رانیە گوتی: "پۆلیس لێکۆڵینەوەی لە رووداوەکە کردووە، دەرکەوتووە ئەو ژنە لە هاوژینەکەی بێزار بووە، بۆیە خۆی سووتاندووە".

گوتیشی: "ژنەکە لە نەخۆشخانە سکاڵای لەسەر هاوژینەکەی تۆمار کردووە، بۆیە هاوژینەکەی بەپێی ماددە 408 لە یاسای سزادانی عێراقی دەستگیرکراوە".

# مێردی ژنە دۆستەکەی خۆی بە پێنج گوللە کوشت



(ح.ع) تۆمەتبارە بەوەی کە هاوکاری کەسێکی کردووە بۆ کوشتنی هاوژینەکەی

**دیمەن بورهان**
**رووداو– هەولێر**

(س.ف) کاتێک بە پەیوەندی نێوان ژنەکەی و دراوسێیەکی خۆیان دەزانێت، ماڵەکەی باردەکات بۆ گەڕەکێکی دیکەی شاری هەولێر، بەڵام ئەمە کۆتایی بە پەیوەندییەکەیان نەهێنا و لە نیوە شەوێکدا بەدەستی هەمان دۆستی ژنەکەی بە پێنج گوللە کوژرا.

(ح.ع) کە 12 ساڵ بوو ژنی (س.ف) بوو، نکۆڵی لە پەیوەندی خۆی و دراوسێکەیان دەکات، (ح) چیرۆکی خۆی بۆ (رووداو) گێڕایەوە و گوتی: "لەسەر داوای باوکم شووم بەو پیاوە کرد کە 14 ساڵ لە خۆم گەورەتر بوو، تەنیا دوو ساڵمان بەبێ کێشە بەڕێ کرد، مێردەکەم نیوەشەوان بەسەرخۆشی دەگەڕایەوە و لێیدەدام، چەندینجار تۆرام، بەڵام بە تکا و پاڕانەوە دەیانبردمەوە. مێردەکەم دوو هەفتە لە ماڵەوە و هەفتەیەک لە دەوام بوو".

(ح) دەڵێت کە ئەو جارێکیان لە ماڵی خەزووری برای هاوژینەکەی ویستوویەتی دەستدرێژی بکاتە سەری، ئەو دەڵێت: "شەوێک لەگەڵ منداڵەکەم نوستبووم، یەکێک لە براکانی هاوژینەکەم ویستی دەستدرێژیم بکاتە سەر، بە زۆر خۆم لە چنگی رزگار کرد، خەزوورم پێیزانی و بەسەرهاتەکەم بۆ ماڵی باوکیشم گێڕایەوە، بەڵام کەسیان بڕوایان پێنەکردم و دەیانگوت تۆ منداڵت هەیە و لە خۆتی تێکمەدە".

بەگوتەی (ح) هاوژینەکەی جگە لە لێدان و سووکایەتی پێی، ناپاکیشی لەگەڵ کردووە، ئەو گوتی: "رۆژێک رۆیشتم بۆ سەردانی ماڵی خزمێکمان، شەو گەڕامەوە ماڵەوە، بینیم (س) لەگەڵ چەند هاوڕێیەکیدا کچێکی عەرەبیان هێنابووە ماڵەوە، ئەمە بوو بە سەرەتای نەمانی هەست و سۆزی من بۆ هاوژینەکەم، ئەوکاتە سێ کوڕ و کچێکم هەبوو".

(ح) بەردەوام بوو لە باسکردنی ژیانی خۆی و باسی چۆنیەتی ناسینی (س.ح)ی کرد و گوتی: "پێشتر دراوسێ بووین، دواتر ئێمە ماڵمان گواستەوە بۆ گەڕەکێکی دیکەی شاری هەولێر، من دوور لە ماڵی خۆمان ئارایشگایەکم دانا، (س.ح) یش تاکسی پێبوو هاتوچۆی پێدەکردم، ئەو شێت و شەیدای من بووبوو، بەڵام من وەکو هاوڕێیەک سەیرم دەکرد".

سەبارەت بە پەیوەندیی نێوان هاوژینەکەی و (س.ح)، ئەو ژنە گوتی: "پێشتر پەیوەندی هاوژینەکەم و (س.ح) باش بوو، چەند جارێک هاوژینەکەم قەرزی لێوەرگرت، بەڵام دوای ئەوەی زانی ئەو پیاوە چاوی لەسەر منە، نەیهێشت چیتر هاتوچۆم پێبکات و پەیوەندییان نەما".

(ح) باسی رۆژێک پێش رووداوی کوشتنی مێردەکەی دەکات و دەڵێت: "رۆژی شەشی ئەم مانگە چوومە لای پزیشک تا ددانم هەڵبکێشم، بەڵام درەنگ کەوتم، بۆیە پەیوەندیم بە (س.ح) کرد تا خوشکەکەم بهێنێت بۆ لام و لەکاتی رۆیشتنەوە بەتەنیا نەبم و لەگەڵ ئەودا بمانباتەوە، هەر ئەوەندە ئەوم بینی و ئاگاداری هیچی دیکە نیم".

سەبارەت بەشەوی رووداوەکەش (ح) گوتی: "مێردەکەم ماوەی ساڵێک بوو لەگەڵم نەدەخەوت، درەنگانی شەو دەهاتەوە ماڵەوە، ئەو شەوە نەچووە دەرەوە و پێیگوتم منداڵەکان بخەوێنە و وەرە لای من بخەوە، منیش گوتم باشە، بەڵام لەکاتی خەواندنی منداڵەکان، خۆشم خەوم لێکەوت، کاژێر نزیکی 12ی شەو بوو لەناکاو دەنگی تەقە هات، رامکرد بینیم هاوژینەکەم خەڵتانی خوێن بووە. کەسێک رایکردە دەرەوە، بەڵام نازانم کێ بوو، بۆیە من بێتاوانم و ئاگاداری هیچ نیم".

(س.ح)ی تەمەن 33 ساڵان کە خێزاندارە و باوکی پێنج منداڵە، چیرۆکەکەی بەپێچەوانەی (ح) گێڕایەوە و بە (رووداو)ی گوت: "ماوەی 4 ساڵە لەگەڵ (ح) پەیوەندیمان هەیە، چەند جارێکیش پارەی پێداوم، منیش چەند جارێک بە قەرز پارەم بە هاوژینەکەی داوە".

(س.ح) هەروەها گوتی: "من هاتوچۆم بە (ح) دەکرد. خۆشمویست، بەڵام مێردەکەی هەڕەشەی لێکردم. رۆژێک پێش رووداوەکە لە نۆڕینگە (ح) م بینی، پێمگوت سبەی شەو دەرگا دامەخە، نزیکی کاژێر 12ـی شەو دێمە ماڵتان، ئەویش رازی بوو، ئەو شەوە کە چوومە ژوورەوە (ح) لەگەڵ منداڵەکانی لە هۆڵەکە راکشابوو، تاکە نەعلێکم تێگرت تا ئاگادار بێت لە هاتنم و راستەوخۆ بەرەو ژووری (س)ی مێردی رۆیشتم، پێنج گوللەم لێدا و خێرا هەڵهاتم".

ئێستا (س.ح) دەڵێت پەشیمانم و بۆ گەیشتن بە (ح) هاوژینەکەیم نەکوشتووە "مەبەستم لە کوشتنی (س) نزیکبوونەوە لە ژنەکەی نەبوو، بەڵکو لەبەر ئەوە بوو جنێوی پێدام".

رائید هۆگر عەزیز، گوتەبێژی پۆلیسی هەولێر لەبارەی ئەو کەیسە بە (رووداو)ی گوت: "هەردوای رووداوەکە، پۆلیس گەیشتە شوێنەکە، توانیمان لە ماوەی کەمتر لە 20 کاژێردا تۆمەتباری سەرەکی و دوو کەسی دیکەش کە هاوکاری بوون، دەستگیر بکەین، دوای لێکۆڵینەوە تۆمەتباری سەرەکی گوتی کە لەسەر کێشەیەکی کۆمەڵایەتی بە پێنج گوللە کوشتوویەتی".



## ئەندامێکی هاوپەیمانی لە سلێمانی دەکوژرێ

**ڕووداو - هەولێر**

لەدوای کۆتاییهاتنی پرۆسەی دەنگدان و ڕاگەیاندنی ئەنجامی بەرایی، لە شاری سلێمانی تەقەکردن و پشێوی و ئاڵۆزی ڕوویدا، گوتەبێژی لیستی هاوپەیمانیش دەڵێت ئەندامێکیان بەو هۆیەوە کوژراوە. ڕێبوار کەریم مەحموود، گوتەبێژ و کاندیدی هاوپەیمانی بۆ دیموکراسی و دادپەروەری بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "بەهۆی ڕووداوەکانی شەوی 12ی ئایار لە سلێمانی، شوفێرێکی دەزگای ڕاگەیاندنی خەندان دوای بریندارbوونی، گیانی لەدەستداوە". بەهۆی ناڕەزایی لە ئەنجامی هەڵبژاردن سەتان دەنگدەری گۆڕان ڕوویان لە گردی زەرگەتە کرد و داوایان کرد بزووتنەوەی گۆڕان هەڵوێستی هەبێت، دواتر بە چەکی قورس هێرشکرایە سەر گردەکە، کۆمەڵێک چەکداریش هەڵیانکوتایە سەر بارەگای هاوپەیمانی.

# باوکی خۆی بە چەقۆ دەکوژێ و دایکیشی بریندار دەکات



هەنگاو دوای کوشتنی باوکی و بریندارکردنی دایکی، خۆی لە سەربانی ماڵەکەیان هەڵدایە خوارەوە

**دیمەن بورهان**
**ڕووداو – هەولێر**

بە خوێنی ڕژاوی باوک و دایکی لەسەر دیواری ماڵەکەیان بە زمانی ئینگلیزی نووسیبووی (all react)، واتە دەکرێت هەموو کەسێک کاردانەوەی هەبێ.

هەنگاو ئیبراهیم، تەمەن 31 ساڵ، ڕۆژی 2018/4/29، لە خەو هەڵدەستێ و داوا لە دایکی دەکات بەیەکەوە بچنە دەرەوە، دایکی بەهۆی ناجێگیریی باری تەندروستی داواکەی ڕەتدەکاتەوە، بەڵام کاردانەوەی هەنگاو پێشبینی نەکراو بوو، دایک و باوکی دایە بەر چەقۆ، باوکی کوشت و دایکیشی بریندار کرد، پاشان خۆی لە سەربانەوە فڕێدایە خوارەوە.

سەبریە خدر، 65 ساڵان، دایکی هەنگاوە و مامۆستای خانەنشینە، نزیکەی 22 ساڵ بوو لەگەڵ مێردەکەی و منداڵەکانی لە هۆڵەندا دەژیان و ساڵانە بەسەردان دەگەڕانەوە هەولێر، ئەوان ئەمجارەیان 10 ڕۆژ بوو گەڕابوونەوە، بەڵام برینی 11 ساڵ لەمەوبەریان دووبارە نوێ بووەوە.

سەبریە لە نەخۆشخانەیە و هێشتا شوێنی ئەو چەقۆیانەی کە کوڕەکەی لێیداوە ساڕێژ نەبوون، لەبارەی ڕووداوەکەوە دەڵێت: "بەیانی بوو، هەنگاو زۆر هەوڵیدا بچینە دەرەوە، بەڵام من نەخۆش بووم، پێمگوت کاتێکی دیکە دەچین. دوای ئەوەی پێمگوت ناچینە دەرەوە، ڕۆیشت، لەناکاو ئیبراهیم هاواری کرد: سەبریە فریامکەوە کوشتمی. ڕامکرد و بینیم هەنگاو باوکی بەر چەقۆ دەدا، هەرچۆنێک بێت لەژێر دەستی ڕامکێشا و بەرەو حەوشەی ماڵەکەم برد، لەناکاو منیشی دایە بەر چەقۆ. هاوارم بۆ دراوسێکان کرد، بەڵام کەس بەهانامانەوە نەهات".

سەبریە بێهۆش دەبێ و ئاگای لە هەنگاو نامێنێ. هەنگاو دەچێتە نهۆمی دووەمی خانووەکەیان کە لە گەڕەکی هەڤاڵانی شاری هەولێرە و خۆی فڕێدەداتە خوارەوە. دوای ئەوەی دراوسێکان پۆلیس ئاگادار دەکەنەوە، هەرسێ ئەندامی خێزانەکە دەبرێتە نەخۆشخانە، سەبریە چەند نەشتەرگەرییەکی بۆ دەکرێ، هەنگاوی کوڕیشی تیمار دەکرێت و دواتر دەستبەسەر دەکرێت، بەڵام ئیبراهیم تەها، بەهۆی سەختیی برینەکەیەوە دەمرێ.

شاڵاو نادر کە دراوسێی ماڵی هەنگاوە، بە (ڕووداو)ی گوت: "ئەو بەیانییە لەناکاو گوێم لە هاوارێک بوو، بینیم دایکی ئەو کوڕە بە برینداری داوای ڕزگارکردنی هاوژینەکەی دەکرد، دواتر ئەمبولانس هات باوکی هەنگاویان برد، هەنگاویش چووە نهۆمی دووەم و خۆی هەڵدایە خوارەوە، ئەمبولانس دایک و کوڕەکەشی گواستەوە بۆ نەخۆشخانە".

دوای ڕووداوەکە بە چەند کاژێرێک، کەسوکاریان کە هەموویان شۆک بوون، دەگەنە شوێنی ڕووداوەکە. ئەیاد جەبار کە ئاوەڵزاوای ئیبراهیمە، بە (ڕووداو)ی گوت: "ئەم خێزانە هیچ کێشەیەکیان لەگەڵ کەس نەبووە، شەوی پێشتر قسەم لەگەڵ کردن. ئێستا شۆک بووم، ئاخر چۆن کەسێک دەتوانێت بەم شێوەیە باوک و دایکی بداتە بەر چەقۆ!".

دایکی هەنگاو باسی هۆکاری ڕووداوەکە دەکات و دەڵێت: "11 ساڵە هەنگاو بەدەست نەخۆشیی دەروونییەوە دەناڵێنێ، هۆکاری تووشبوونی بەم نەخۆشییە بۆ خۆکوشتنی کوڕە گەورەکەم (هۆزان) دەگەڕێتەوە کە تۆبەرەم بوو، ئەویش نەخۆشیی دەروونی هەبوو، لە هۆڵەندا لە باڵەخانەیەکی 14 نهۆمییەوە خۆی فڕێدایە خوارەوە و خۆی کوشت. ئەم ڕووداوە باری دەروونی من و هاوژینەکەم و هەنگاویشی زۆر خراپ کرد. هەنگاو 11 ساڵە چارەسەری دەروونی وەردەگرێ، بەڵام هیچکات دەستی نەوەشاندووە و ئێمەی زۆر خۆشدەویست، ڕۆژانە دەمانبردە دەرەوە".

سەبریە نایەوێت کوڕەکەی تەواوی ژیانی لە زینداندا بێت و دەڵێت: "سکاڵام لەسەر کوڕەکەم نییە و دڵنیام لەکاتی هێرشکردنە سەرمان، هیچ ئاگای لە خۆی نەبووە، چونکە ئەو نەخۆشە".

ئێستا سەبریە لەو خێزانە 4 کەسییەدا بەتەنیا ماوەتەوە، کوڕێکی لە هۆڵەندا خۆی کوشت و هاوژینەکەی لە هەولێر کوژرا و هەنگاوی کوڕیشی لە بارێکی دەروونیی ناجێگیردایە لە گرتووخانە.

(ڕووداو) زۆر هەوڵی دا لەگەڵ هەنگاو قسە بکات و باسی ڕووداوەکە بکات، بەڵام ئەو حەپەساوە و یەک قسە ناکات، ئێستا لە زیندان لەژێر چاودێریی پزیشکدایە.

لەبارەی ئەو کەیسە ڕائید هۆگر عەزیز، گوتەبێژی پۆلیسی هەولێر بە (ڕووداو)ی گوت: "سەرلەبەیانی ڕۆژی 2018/4/29 ئاگادار کراینەوە لە ڕووداوێک کە گەنجێک باوکی خۆی بە چەقۆ کوشتبوو دایکیشی بریندار کردبوو، هەروەها خۆیشی لە نهۆمی دووەمی ماڵەکەیانەوە فڕێدابووە خوارەوە، بەڵام خۆی تەنیا کەمێک بریندار ببوو. دوای لێکۆڵینەوە لە ڕووداوەکە، بۆمان دەرکەوت کە کوڕەکە نەخۆشیی دەروونی هەیە و ئێستا لە زیندانە و چارەسەر وەردەگرێ".

دوو بکوژەکە بران

# هاوڕێیەکی خۆیان لەسەر یاریی دۆمینە دەکوژن



ئارام قادر

**دیمەن بورهان**
**ڕووداو- هەولێر**

ئارام قادر، تەمەن 18 ساڵان و خەڵکی ناحیەی ڕزگاریی سەر بە شارۆچکەی کەلار، لە قوتابخانەیەکی ئێواران دەیخوێند، زۆرجار لەگەڵ هاوڕێکانی لە پارکەکان دادەنیشتن و یاریی دۆمینە و کۆنکەنیان دەکرد تا دواجار لەگەڵ دوو برا لەسەر دۆمینە تووشی دەمەقاڵێ دەبێ و دەکوژرێ.

ئارام و هاوڕێکانی وا ڕێککەوتبوون کە هەر یەکێکیان دۆڕا، لە یارییەکە بچێتە دەرەوە، دوو ڕۆژ پێش ئەوەی بکوژرێ، ئارام لە یاریی دۆمینە دۆڕا بوو، ئیدی هاوڕێکانی گاڵتەیان پێکردبوو، بەو هۆیەوە تووڕە بووە و قسەی بە دوو لە هاوڕێکانی گوتووە کە هەردووکیان بران.

وەک دەگێڕنەوە، شەوی 2018/5/3 دوو براکە بە ناوەکانی (پ. فەخرەدین) و (ە. فەخرەدین) کە هاوتەمەنی ئارامن، دەچنە ماڵی ئارام و داوای لێدەکەن لەگەڵیان بچێت یاریی دۆمینە بکەن، بەڵام لەڕێگادا لەلای مزگەوتێک بەناوی ئاوباریک دەبێتە دەمەقاڵێیان و چەقۆیەک لە دڵی ئارام دەدەن، ئارام دەکەوێتە سەر زەوی و خەڵک دەیگەیەننە نەخۆشخانەی فریاکەوتنی کەلار، بەڵام بەهۆی سەختیی برینەکەیەوە دەمرێ.

قادر مەجید، تەمەن 50 ساڵ کە باوکی ئارامە، لەبارەی کوشتنی کوڕەکەی بە (ڕووداو)ی گوت: "کوڕەکەم بەپێی خۆی ڕۆیشت و تەرمەکەیان بۆ گەڕاندمەوە. نزیکەی هەشتی شەو بوو، دونیا بەتەواوی تاریک نەببوو، دوو کەس لەدەرگایان دا، ئارام گوتی برادەری منن و لەگەڵیان ڕۆیشت، بەڵام دوای نیو کاژێر لە ڕۆیشتنیان تەلەفۆنێکم بۆ کرا و پێیانگوتم کوڕەکەت لە نەخۆشخانەیە، بەپەلە خۆم گەیاندە نەخۆشخانە و بینیم لەژێر دەستی پزیشکەکانە، بەڵام تەواو ببوو".

قادر کە خاوەنی پێنج منداڵە، دەڵێت: "منداڵەکانم بە باشی پەروەردە کردووە، هیچکام لە منداڵەکانم ڕۆژێک لە ڕۆژان چەقۆیەکیان بەدەستەوە نەگرتووە". باوکی ئارام ئامادە نییە لەسەر خوێنی کوڕەکەی سوڵح بکات و لە هاوڕێکانی کوڕەکەی خۆش ببێ. ئەو دەڵێت: "دوای تەواوبوونی پرسەی کوڕەکەم، سکاڵا تۆمار دەکەم، با یاسا سزایان بدات، بەهیچ جۆرێک ئامادە نیم سوڵح لەسەر خوێنی بەناهەق ڕژاوی کوڕەکەم بکەم".

سەبارەت بە هاتنی کەسوکاری دوو تۆمەتبارەکە، قادر مەجید گوتی: "کەسوکاری زۆر نزیکی بکوژەکان نەهاتوون، تەنیا خزمە دوورەکانیان هاتوون".

دوو تۆمەتبارەکە لە وتەکانیاندا بۆ پۆلیسی گەرمیان گوتوویانە کاتێک دەمەقاڵێیان بووە، ئارام قسەی ناشیرینی پێگوتوون، ئەوەیان کە بە چەقۆ لێیداوە، دەڵێت مەبەستم کوشتنی نەبووە و تەنیا ویستم برینداری بکەم.

ڕائید عەلی جەمال قەدوری، گوتەبێژی پۆلیسی گەرمیان لەبارەی ئەو کەیسەوە بە (ڕووداو)ی گوت: "بەهۆی یاریکردنی دۆمینەی کۆمەڵێک گەنج لە پارکێکدا، سێ کەس کە دوویان بران و تەمەنیان 18 ساڵ و 19 ساڵە، لەگەڵ گەنجێکی دیکە بەناوی ئارام قادر دەبێتە دەمەقاڵێیان و دوای دوو ڕۆژ دوو براکە دەچنە لای هاوڕێکەیان و بەمەبەستی بریندارکردنی چەقۆیەک لە ئارام دەدەن، بەڵام وەک خۆیان دەڵێن، بەمەبەستی کوشتن نەبووە".

گوتەبێژی پۆلیسی گەرمیان گوتیشی: "دوای ڕووداوەکە دوو براکە خۆیان ڕادەستی پۆلیس کرد و بەپێی ماددەی 406 لە یاسای سزادانی عێراقی ڕاگیراون، تاوەکو کەیسەکەیان لە دادگا یەکلایی دەبێتەوە". بە گوتەی ڕائید عەلی، هەرسێ هاوڕێکە خەڵکی یەک گوندن لە ناحیەی ڕزگاری سەر بە شارۆچکەی کەلار.

سەبارەت بە ئامارەکانی کوشتن لە سنووری گەرمیان، گوتەبێژی پۆلیسی گەرمیان دەڵێت: "بەراورد بە ساڵی ڕابردوو، حاڵەتەکانی کوشتن لەناو پیاواندا زیادی کردووە، ساڵی ڕابردوو تا ئەم کاتە، تەنیا دوو حاڵەتی کوشتنی پیاوان هەبوو، بەڵام ئەمساڵ شەش حاڵەت تۆمارکراون".

# لەداخی توانجی خەڵک خۆی کوشت



محەممەد بەرلەوەی خۆی بکوژێ، بە تەلەفۆن براکەی ئاگادار کردبووەوە

**عومەر چاوشین**
**ڕووداو- قەڵادزێ**

هەموو ئاواتی محەممەد ئەوە بوو منداڵەکانیشی بەڕێچکەی ئەودا بڕۆن و ناوبانگیان خراپ نەبێ، بەڵام بەهۆی ڕووداوێکەوە کە بەسەر کوڕەکەی هات، محەممەد وای هەست کرد، ئەوەی چەندین ساڵە کاری بۆ دەکات، بە هەدەر چووە، بۆیە لە نێو باخەکەیدا بە گوللەیەکی دەمانچە کۆتایی بە ژیانی خۆی دێنێ.

کاژێر 10ی شەوی 2018/5/9 پیاوێکی تەمەن 49 ساڵ بەناوی محەممەد ئەلیاس، دانیشتووی گەڕەکی چەرمەگا لە قەڵادزێ، لەنێو باخەکەیدا لە گوندی سەید ئەحمەدان، خۆی کوشت.

محەممەد، باوکی شەش منداڵ بوو، دوو لە منداڵەکانی خاوەن پێداویستیی تایبەتن. ئەو پێشتر لەسەر سنوور خەریکی گواستنەوەی کاڵا بوو، ئێستا کوڕێکی هەمان کار دەکات.

سەرچاوەیەکی نزیک لەو خێزانە کە ئاگاداری ڕووداوەکەیە، بە مەرجی بڵاونەکردنەوەی ناوەکەی قسەی بۆ (ڕووداو) کرد، ئەو سەرچاوەیە دەڵێت، محەممەد پێشتر کاڵای لە سنووری مەرزی کێلێ دەگواستەوە بۆ شار و شارۆچکەکانی کوردستان. بەمدواییە بارهەڵگرێکی بۆ یەکێک لە کوڕەکانی کڕیبوو بۆ ئەوەی درێژە بە کارەکەی ئەو بدات، بەڵام کوڕەکەی تووشی ڕووداوێک بوو.

سەرچاوەکە درێژەی بە قسەکانی دا و گوتی: "مانگی ڕابردوو کوڕەکەی دوو کارتۆن دەرمانی کشتوکاڵی لەگەڵ خۆی لەسەر مەرز هێنابووەوە، ئەو نەیزانیبوو ئەو دەرمانانە قەدەغەن، بۆیە لەپێشەوەی ئۆتۆمبێلەکەی لە تەنیشت خۆی داینابوون، لە کاتی پشکنیندا بە بیانووی ئەوەی دەرمانەکان یاسایی نین، بە بارەوە دەست بەسەر ئۆتۆمبێلەکەیدا گیرا، کوڕەکەشی دەستبەسەر کرا، دواتر بە کەفالەتی 10 ملیۆن دینار ئازاد کرا".

بەگوتەی ئەو سەرچاوەیە، ئەو ڕووداوە کاریگەریی زۆری کردبووە سەر محەممەد و تووشی شڵەژانی دەروونی کردبوو. سەرچاوەکە باسی خۆکوشتنی محەممەدی کرد و گوتی: "محەممەد کەسێکی ناسراو بوو لە پشدەر، بەڵام هەندێک کەس ویستیان بەهۆی ئەو ڕووداوەوە لە کەسایەتی بدەن، چەند کەسێکی دڵڕەش تەلەفۆنیان بۆ کردبوو و پێیانگوتبوو شوورەییە کوڕەکەت لەسەر دەرمان گیراوە، ئیدی محەممەد بەمە زۆر نیگەران بووبوو".

بە گوتەی ئەو سەرچاوەیە: "محەممەد پێش ئەوەی خۆی بکوژێ، تەلەفۆنی بۆ براکەی کردبوو، پێیگوتبوو لە هەموو ئەو کێشانە بێزارم، نازانم ئەو خەڵکە بۆ ئەوەندە خراپن، هەستیان زۆر بریندار کردووم و لە کەسایەتیان داوم، ئەوەی ڕوویداوە لە قەبارەی خۆی گەورەتر کراوە بۆیە بەرگە ناگرم و خۆم دەکوژم. لەدواڕۆژدا یەخەی کەس مەگرن، وەرن تەرمەکەم لە نێو باخچەکەم ببەنەوە".

مامۆستا عەلی کە برای محەممەدە، بە پەلە دەچێ بۆ باخەکەی، بەڵام تا ئەو گەیشتە ئەوێ، کار لەکار ترازابوو، محەممەد بە گوللەیەکی دەمانچە کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنابوو.

سەبارەت بە تۆمارکردنی سکاڵا، ئەو سەرچاوەیە گوتی: "محەممەد خۆی کوشتووە، سکاڵامان لەسەر ئەوە نییە، بەڵام جارێ پەلە ناکەین لە تۆمارکردنی سکاڵا لەسەر ئەو کەسانەی کە بوونە هۆی ئەوەی محەممەد خۆی بکوژێ".

عەلی قادر، بەڕێوەبەری بەشی فریاکەوتن لە نەخۆشخانەی شەهیدانی قەڵادزێ لەبارەی ئەو ڕووداوە، گوتی: "ئەو پیاوە شەوی 2018/5/9 گوللەیەکی دەمانچەی لەژێر چەناگەی خۆی داوە و لە کەللەی سەری دەرچووە. بەپێی نیشانەکان و شوێنی برینەکە، خۆی کوشتووە، پاش ڕێکارە پزیشکییەکان تەرمەکە درایەوە کەسوکاری".

ڕائید شۆڕش ئیسماعیل، گوتەبێژی پۆلیسی ڕاپەڕین لەبارەی هەمان دۆسیە، بە (ڕووداو)ی گوت: "دوای ئەوەی هێزەکانی پۆلیس لە ڕووداوەکە ئاگادار کرانەوە، دەستبەجێ پۆلیسی بەڵگە و تاوان گەیشتنە شوێنی ڕووداوەکە، بۆمان دەرکەوت پیاوێکی تەمەن 49 ساڵ بە گوللەی دەمانچە کوژراوە، دوای ئەوەی تەرمەکەی بردرایە بەشی پزیشکی دادوەری، دەرکەوت خۆی کوشتووە".

ڕائید شۆڕش گوتیشی کە لەسەر ئەو ڕووداوە کەس سکاڵای تۆمار نەکردووە و کەسیش دەستگیر نەکراوە.

لێکۆڵینەوەیەکی دژەتیرۆری ئەمریکا:

# گەنجانی مووسڵ ئێستاش هەواداری بیری داعشن



خەڵکی موسڵ هاتنی داعشیان بە شۆڕشێک دەزانی بۆ دامەزراندنی دەسەڵاتی شەریعە و پاراستنی خەڵکی سونە (فۆتۆ: AFP)

**93%ی ئەو گەنجانەی بەشداریی راپرسییەکەیان کردووە، بەشێوەیەکی پۆزەتیف باسی دەسەڵاتی داعشیان کردووە**

**رووداو- هەولێر**

لە دوای رزگارکردنی مووسڵ لە مانگی تەمووزی رابردوو، تیمێکی گۆڤاری ناوەندی دژەتیرۆری ئەمریکا (CTC) لێکۆڵینەوەیەکی مەیدانییان لەنێو ئەو گەنجانەدا کردووە کە لە مووسڵ لەژێر دەسەڵاتی داعشدا ژیاون، بۆ ئەوەی بزانن ئەو خەڵکە چ کاریگەرییەکیان لەسەر عێراقی پاش داعش دەبێ و گۆڕانە سیاسی و ئەمنییەکانی داهاتوو چۆن کاریگەری لەسەر ئەوان دادەنێ؟

یەکێک لەو پێوەرانەی لە لێکۆڵینەوەکەی (CTC)دا پشتی پێدەبەستێ، رادەی "خۆتەرخانکردن و ئامادەیی کەسەکانە بۆ قوربانیدانی گەورە بۆ بەهایەکی ئایدیۆلۆژی"، بۆ ئەوەی دەربکەوێ ئاخۆ دانیشتووە گەنجەکانی ژێر دەسەڵاتی داعش تاوەکو چەندە ئامادەن لە پێناوی بیرۆکە یان بەها ئایدیۆلۆژییەکانی داعش و گروپە توندئاژۆکاندا قوربانی بەخۆیان بدەن.

لە مانگی تشرینی یەکەمی 2017ەوە، خەلافەتی داعش بە کردەوە لە عێراق تێکشکاوە، بەڵام بەگوێرەی لێکۆڵینەوە مەیدانییەکەی دژەتیرۆری ئەمریکا، ژمارەیەکی بەرچاو لە گەنجانی مووسڵ تاوەکو ئێستاش لایەنگری ئەو بەهایانەن کە داعش بە پیرۆزی دەزانین، لەوانەش سەپاندنی شەریعەت.

تیمەکەی دژەتیرۆر راپرسییەکیان لە نێوان گەنجانی مووسڵدا کردووە کە تێیدا زۆرینەی بەشداربووان پێیانوایە ئەمریکا هۆکار و فاکتەری یارمەتیدەر بووە بۆ ئەوەی داعش خەڵکەکەی ژێر دەسەڵاتی سزا بدات، نیوەی بەشداربووانیش ئێران بە هۆکار دەزانن.

پرسی دروستبوونی دەوڵەتی ئیسلامی بە نرخی هەڵوەشانەوەی عێراقی یەکگرتوو، یەکێک لە پرسیارەکانی لێکۆڵینەوەکەیە. تیمەکە بۆیان دەرکەوتووە لایەنگرانی دەوڵەتی ئیسلامی ئامادەییەکی زیاتریان بۆ قوربانیدان بۆ ئەو دەوڵەتە دەربڕیوە تاوەکو لایەنگرانی عێراقی یەکگرتوو.

## دەسەڵاتی داعشت پێ چۆن بوو؟

زۆربەی دانیشتووانی ئەو شارە پێشوازییان لە چەکدارانی داعش کرد. زۆرینەی بەشدارانی راپرسییەکەی (CTC) ئەمە پشتڕاست دەکەنەوە و دەڵێن خەڵکی شارەکە هاتنی داعشیان بە "شۆڕش"ێک دەزانی بۆ دامەزراندنی دەسەڵاتی شەریعە و پاراستنی خەڵکی سوننە.

تەنیا 7%ی بەشداره گەنجەکانی راپرسییەکە پێیانوابووە هیچ شتێکی دەسەڵاتی داعش باش نەبووە، لە کاتێکدا 93%یان باسیان لە باشییەکانی دەسەڵاتی داعش کردووە، بەتایبەتیش لە قۆناغی بەرایی دەسەڵاتی خۆیاندا. ئەو زۆرینەیە پێیانوایە لە سەردەمی داعشدا لایەنی بەرگریی ناوچەکان باشتر بووە، پابەندبوون بە ئایین زیاتر بووە، یاساکانی شەریعەی ئیسلامی باشتر جێبەجێدەکران و ناوچەکان سەقامگیرتر و ئارامتر بوون و هاتوچۆ بە بەراورد بە پێش هاتنی داعش، ئازادانەتر بووە.

گەنجێکی مووسڵاوی بە تیمەکەی گوتووە "لە سەرەتای دەسەڵاتی داعشدا لە هەموو شوێنەکان ئازادی زیاتر بوو، پێویستت بە ناسنامە نەبوو، خاڵی پشکینین نەبوو، لە کاتێکدا سوپای عێراق لە خاڵەکانی پشکنین سووکایەتی بە خەڵک دەکرد، پارەی لێ وەردەگرتن بۆ ئەوەی رێگەی دەرچوونیان پێ بدا". گەنجەکە بەردەوام بوو و گوتی "بەڵام داعش درۆی لەگەڵ کردین، ئەوان باسیان لە لێبوردنی گشتی دەکرد و دەیانگوت هەرکەسێک پەیڕەوی لە شەریعە بکا سزا نادرێ، بەڵام دواتر لە رابردووی خەڵکیان دەکۆڵییەوە و دەسەڵاتدارانی سوپا و پۆلیسی عێراقیان دەکوشت".

ژمارەیەک لە بەشدارابووانی راپرسییەکە پێیانوابووە کە هێزە دەرەکییەکان، بەتایبەتیش هاوپەیمانان، داعشیان ناچار کرد ئەو رەفتارە توندە لەدژی عەرەبە سوننەکانی ناوچەکە بگرێتەبەر.

## کێ داعشی دروستکرد و پشتگیری لێدەکرد؟

زۆرینەی بەشدارانی راپرسییەکە پێیانوایە ئەمریکا و ئێران یارمەتی داعشیان داوە. یەک لەسەر چواری بەشداربووانیش تورکیا بە هاوکاری داعش دەزانن، بەڵام باوترین بۆچوون لە ناویاندا ئەوە بووە کە "ئەمریکا بە چەک و پارە هاوکاری داعشی کردووە"، "ئەمریکا داعشی دروستکردووە"، "ئەمریکا سەرکردایەتی داعشی دەپاراست"، بۆچوونێکیش پێیوایە ئێران داعشی دروستکردووە بۆ ئەوەی "لەدژی سوننەکان شەڕ بکا".

94%ی بەشداربووانی راپرسییەکە ئێران و 89٪یان ئەمریکا بەوە تۆمەتبار دەکەن کە پیلانی لەدژی عێراق گێڕاوە. ئەم بۆچوونانە لە کاتێکدان کە تیمی ئامادەکاری راپۆرتەکە بۆیان دەرکەوتووە هەرچەند گەنجانی مووسڵ داعش بە رێکخراوێکی دڕندە، گەندەڵ و دووڕوو دەزانن، ژمارەیەکی بە رێژەوە باس لەو بنەمایانە دەکەن کە داعش سەرەتا پشتگیری لێدەکردن.

## ئامادەی قوربانی بۆ چی بدەی؟

تیمی ئامادەکاری راپۆرتەکە پرسیاری ئەوەیان لە گەنجانی مووسڵ کردووە کە ئامادەن بۆ کام لەو چوار ئامانجە "دیموکراسی، شەریعە، وڵات یان هەرێمی عەرەبە سوننەکانی عێراق و عێراقی یەکگرتوو" قوربانی بدەن، زۆربەیان گوتوویانە قوربانیی گەورە بۆ بەرگری لە "دەسەڵاتی شەریعە" بدەن، کەمترین ژمارەشیان دیموکراسیان بۆ گرنگە. لەدوای شەریعە، بژاردەی عێراقی یەکگرتوو و ئینجا هەرێم یان وڵاتی سوننە زیاترین لایەنگری هەیە.

هیچ بەشداربوویەکی راپرسییەکە ئامادە نییە لە بەرامبەر پارە، موڵک و هەلی کار دەست لەو بەهایە هەڵگرێ کە ئامادەیە قوربانی بۆ بدا، بەڵام زۆرینەی بەشداربووان نیگەرانن لەوەی ململانێی بەهاکان شەڕی نێوخۆی لێ بکەوێتەوە، هەرچەند بەشی زۆری لایەنگرانی شەریعە لە ئەگەری سەرهەڵدانی شەڕی نێوخۆشدا ئامادەنین دەست لە ئامانجەکەی خۆیان هەڵگرن.

ئامادەکارانی راپۆرتەکە بۆیان دەرکەوتووە زۆرینەی بەرچاوی ئەوانەی لایەنگری وڵات یان هەرێمی سوننەن، دژی دیموکراسین، وەکو چۆن زۆرینەی لایەنگرانی شەریعەش دژی دیموکراسین. لەکاتێکدا زۆرینەی لایەنگرانی شەریعە لایەنگری دەوڵەت یان هەرێمی عەرەبی سوننەن. بەو پێیەش هەوادارانی شەریعە و وڵات یان هەرێمی سوننە زیاتر بەرژەوەندییەکانی عەرەبی سوننە وەک بەهای هاوبەشی خۆیان دەبینن.

## هێزی دەروونی و هێزی جەستەیی

لە بەشێکی دیکەی راپۆرتەکەدا سەبارەت هێز و ورەی جەستەیی و هێز و ورەی دەروونی پرسیار لە هێزەکانی پێشمەرگە، میلیشیا سوننەکان، سوپای عێراق، پەکەکە، داعش و قاعیدە کراوە. زۆربەی بەشداربووان پێیانوایە هێزەکانی ئەمریکا لەڕووی هێز و ورەی فیزیکییەوە لە ئاستێکی بەرز دان، لەکاتێکدا لەڕووی دەروونییەوە ئاستیان نزمە، هاوکات چەکدارانی داعش لەڕووی هێزی دەروونییەوە ئاستیان بەرزە، بەڵام لەڕووی جەستەییەوە لاوازن.

## ئەنجامگیری

یەکێک لە گەنجە بەشدارەکانی راپرسییەکان دەڵێ "ئەمریکا دەیەوێ دیموکراسیمان بەسەردا بسەپێنێ بۆ ئەوەی ناکۆکی لەنێوان خەڵکی (عەرەبی) سوننەدا دروست بکا، بەڵام ئەوان (واتە داعش) شەریعە و هیوایان پێ بەخشین".

لە چەند ساڵی رابردوودا ئەمریکا و رۆژئاوا بەردەوام جەختیان لەسەر پاراستنی عێراقێکی یەکگرتووی دیموکرات کردووەتەوە، بەڵام راپۆرتەکەی (CTC) دەریدەخات گەنجانی ناوچە تازە رزگارکراوەکانی عێراق لەگەڵ بەها سەرەکییەکانی ئەو ئامانجەی ئەمریکا و هاوپەیماناندا کێشەی گەورەیان هەیە، واتە عێراقی یەکگرتووی دیموکرات.

بەگوێرەی راپۆرتەکەی دژەتیرۆری ئەمریکا، تاوەکو ئێستاش زۆرینەی سوننەکان پێیانوایە عەرەبە سوننەکان دەبێ دەسەڵاتداری یەکەمی عێراق بن. ئەم خەونە لەلایەکەوە پێچەوانەی واقیعی ئێستای عێراقە کە تێیدا حکومەتێکی زۆرینە شیعە حوکمڕانە. ئێستا ئەو هێزانەی لایەنگری پاراستنی یەکپارچەیی خاکی عێراقن لەڕووی ژمارە و هێزی سەربازییەوە بەهێزترن، بەڵام راپۆرتەکەی (CTC) دەریدەخات لایەنگرانی شەریعە و وڵات یان هەرێمی عەرەبی سوننە ئامادەگی زیاتریان بۆ قوربانیدان تێدایە. ناوەندە ئەمریکییەکەش پێیوایە ئەم دیاردەیە ئاماژەیە بەوەی ئەگەری سەرهەڵدانەوەی گروپی لایەنگری دەسەڵاتی شەریعە لە عێراقدا هەیە.

ئەمریکا گرەو لەسەر حەشدی شەعبی دەکات

# ئەمریکا لە عێراق یارمەتی کۆنە دوژمنەکانی خۆی دەدا

**رووداو- هەولێر**

پێشینەی قاسم ئەعرەجی، وەزیری نێوخۆی عێراق، لای زۆربەی فەرماندەکانی سوپای ئەمریکا ئاشکرایە کە دوو جار لەلایەن ئەمریکییەکانەوە دەستگیر کرا و تۆمەتبار بووە بەوەی ئەو بۆمب و چەکە ئێرانییانەی بۆ عێراق دەیهێنان، بۆ هێرشکردنە سەر سەربازانی ئەمریکی بەکاردەهێنران. ئێستا ئەعرەجی خۆی و هێزەکانی ژێر دەستی بە هاوپەیمانی ئەمریکا دەزانێ و مەشق و راهێنانی سەربازی و ئەمنی لە ئەمریکییەکان وەردەگرن.



قاسم ئەعرەجی وەزیری ناوخۆی عێراق دوو جار لەلایەن ئەمریکییەکانەوە دەستگیر کراوە

بەگوێرەی راپۆرتێکی رۆژنامەی (نیویۆرک تایمز)ی ئەمریکی، ئەمریکا دەیەوێ بە هاوکاریی میلیشیا شیعەکانی عێراق کە سەردەمانێک دوژمنی ئەمریکا بوون، رێ لە سەرهەڵدانەوەی چەکدارانی داعش بگرن، ئەو هەوڵەش لە کاتێکدایە کە دۆناڵد ترەمپ، سەرۆکی ئەمریکا، دەیەوێ گوشارەکان لەسەر سەر ئێران زیاد بکات. پێنتاگۆنیش دەیەوێ ئەو جۆرە هاوکارییە سەربازییانە بۆ دوورخستنەوەی ئەو هێزە شیعانە لە ئێران بەکاربهێنێ.

ژەنەراڵ پۆڵ فانک، فەرماندەی هاوپەیمانێتی نێودەوڵەتیی دژی داعش لە عێراق و سووریا، بە (نیویۆرک تایمز)ی راگەیاند "کاتی ئەوە هاتووە عێراقییە نیشتمانپارێزەکان وڵاتی خۆیان بنیات بنێن. ئێستا دەرفەتی ئەوە دروستبووە، ئێمەش ئەوەی لەدەستمان بێ دەیکەین تاوەکو ئەوەی پێویستیان پێیەتی بۆیان دابین بکەین". ساڵی رابردوو کۆنگرێسی ئەمریکا 3.6 ملیار دۆلاری تەرخان کرد بۆ راهێنان و پڕچەککردنی هێزە ئەمنییەکان، بەتایبەتیش ئەو هێزانەی لەژێر چاودێریی وەزارەتی ناوخۆدان.

فۆکەسی هاوکارییەکان لەسەر هێزەکانی پاسەوانی سنووری نێوان عێراق و سووریایە کە فەرماندەکانی سوپای عێراق و ئەمریکا، نیگەرانی سەرهەڵدانەوەی داعشن لەو ناوچەیە. ئەمە هەمان ئەو شوێنەشە کە ئێران وەکو بەشێکی سەرەکی لە کۆریدەری شیعی دەیبینێ.

پێش سەرهەڵدانی داعش و پێکهێنانی هێزەکانی هاوپەیمانێتیی نێودەوڵەتی هیچ هاوئاهەنگییەک لە نێوان هێزەکانی ئەمریکا و میلیشیا شیعەکانی عێراقدا نەبوو، بەڵام بەگوێرەی راپۆرتەکە "ئێستا ژمارەیەک لە کاریگەرترین فەرماندەکانی میلیشیاکان راستەوخۆ لەگەڵ ئەمریکییەکاندا کاردەکەن و تەنانەت داوای ئامادەگیی بەردەوامی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق دەکەن".

هادی عامری، سەرۆکی رێکخراوی بەدر، بە رۆژنامە ئەمریکییەکەی راگەیاندووە "هەموومان لە رابردوودا هەڵەمان کردووە، بە ئەمریکییەکانیشەوە. ئێستا پێویستمان بە هاوکاری ئەوانە، ناکرێ رێگە بدەین وڵاتەکەمان ببێتە مەیدانی تەراتێنی هێزەکانی دیکە و ئەجێنداکانیان". عامری لە هەڵبژاردنەکانی رۆژی شەممەی رابردووی عێراقدا سەرۆکایەتی لیستی فەتحی دەکرد کە بە لیستی گروپە میلیشیاکانی حەشدی شەعبی ناسراوە.

تاوەکو ئێستا هاوپەیمانێتیی نێودەوڵەتی مەشقی بە شەش فیرقەی هێزەکانی پاسەوانی سنوور و شەش فیرقەی پۆلیسی فیدراڵی و هێزی پۆلیسی بەغدا کردووە. لە ناوچە هەستیارە ئەمنییەکانی عێراقیش هاوکاری و هاوبەشی نێوان هێزە ئەمریکییەکان و ئەو هێزە عێراقییانە چڕوپڕ بوونەتەوە. لە مووسڵ هێزە تایبەتەکانی ئەمریکا زانیاری هەواڵگری پێشکەش بە دژەتیرۆری عێراق دەکات، لە ناوچە سنوورییەکانیش ئەمریکا و هاوپەیمانان زانیاری هەواڵگری و تەکنەلۆژیا و تەکتیکی پەیوەندیی نوێیان پێشکەش بە هێزە عێراقییەکان کردووە.

ئەم سیاسەتە نوێیەی سوپای ئەمریکا رەخنەگری خۆیشی هەیە، لەسەر ئەنجامە درێژخایەنەکانی هۆشداری دەدەن. مایکڵ پرێگنت کە فەرماندەیەکی خانەنشینکراوی هەواڵگریی سەربازیی ئەمریکییە، لە دیمانەیەکی (نیویۆرک تایمز)دا دەڵێت "ئەم سیاسەتە گەمژانەیە. ئەمریکییەکان لەگەڵ مولازمێکی قاسم سولەیمانیدا دابنیشن و رێگە بدەن راستەوخۆ دەستی بە زانیاری، چەک و کەرستەی سەربازیی ئەمریکی رابگا". ساڵی 2007 ژەنەراڵ پێترایۆس، فەرماندەی ئەوکاتی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق، عامری بە داردەستی سولەیمانی ناوبرد.

بەڵام هەندێ لە فەرماندە کۆنەکانی سوپای ئەمریکا پێیانوایە واشنتن هیچ رێگەیەکی دیکەی لەبەردەست نییە، چونکە دواجار ئەمریکا ناچارە لەگەڵ هێزەکانی ناو گۆڕەپانەکە مامەڵە بکات، بۆیەش دۆگلاس ئۆلیڤانت، راوێژکاری پێشووی ئەنجومەنی ئاسایشی نیشتمانیی ئەمریکا، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات "ساتەوەختی وا دێتەپێش کە ئەمریکا ناچارە لەگەڵ ئەو هێزانەدا کار بکات کە پێشتر لە بەرەی بەرامبەری شەڕەکە بوون".

ئێران دەستێکی باڵای لە سیاسەتی عێراقدا هەیە، کۆبوونەوەی میلیشیا شیعەکان لەژێر چەتری حەشدی شەعبی لە چوار ساڵی رابردوودا دەسەڵاتی تارانی لە عێراق قووڵتر کردووەتەوە. رێکخراوی بەدر و باڵە سەربازییەکانی پەیوەندییەکی نزیکیان لەگەڵ ئێراندا هەیە و لە ساڵانی سەرەتای ئازادکردنی عێراقدا دژی مانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق بوون.

یەکێک لەو سەرکردە شیعانەی کە ئێستا باسی ئەوە دەکا هەڵوێستی بەرامبەر هێزە ئەمریکییەکان گۆڕاوە قەیس خەزعەلییە، کە لە ساڵی 2004ەوە لە هێزەکانی موقتەدا سەدر جیابووەتەوە و لە 2006ەوە عەسایب ئەهلی هەقی دامەزراندووە. خەزعەلی لە 2007ەوە بۆ 2010 لە گرتووخانەی ئەمریکی و بەریتانییەکان بووە، بە تۆمەتی ئەوەی دەستی لە کوژرانی پێنج سەربازی ئەمریکیدا هەبووە.

بەمدواییە خەزعەلی لە دیمانەیەکی تەلەڤزیۆنیدا راگەیاندووە ئەو پشتگیری لە مانەوەی ژمارەیەکی سنووردار لە هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق دەکات. هێزەکانی خەزعەلی لە سووریا لەپاڵ میلیشیا شیعەکانی دیکەی سەر بە ئێران پاڵپشتی لە مانەوەی حکومەتی دیمەشق دەکەن. لە کۆمەڵێک گرتەی ڤیدیۆییشدا خەزعەلی لە تەنیشت فەرماندەکانی حیزبوڵڵای لوبنان لە نزیک سنووری ئیسرائیل وێنەی گیراوە.

حکومەتی داهاتووی عێراق کێشەی دیاریکردنی چارەنووس و ئەرکی هێزەکانی حەشد لە هێزە ئەمنییەکانی عێراقی لەسەر شان دەبێ. کەسانی وەکو هادی عامری دەتوانن رۆڵی سەرەکییان لەو پرۆسەیەدا هەبێ و ئەمریکاش گرەوی لەسەر کردووە. بەڵام مایکڵ نایتس، لێکۆڵەر لە پەیمانگای رۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە واشنتن، بە (نیویۆرک تایمز) دەڵێ: "عامری کێیە؟ وەفادارییەکەی بۆ عێراق زیاترە یان بۆ ئێران؟ ئەمە پرسیارە سەرەکییەکەیە، بەڵام لەوانەیە کاتێک وەڵامی ئەو پرسیارەمان دەستبکەوێ کە درەنگ بووبێ".

# ئەو کەسانەی نابێت بە ڕۆژوو بن

**ڕووداو - ئاژانسەکان**

بەڕۆژووبوون یەکێکە لە فەرزەکانی ئیسلام، بەڵام مەرج نییە هەموو کەسێک بەڕۆژوو بێ. لێرەدا باسی ئەو کەسانە دەکەین کە نابێت بەڕۆژوو بن.

**- منداڵ:**
پزیشکان کۆکن لەسەر ئەوەی منداڵان بەتایبەتی ئەوانەی لە خوار تەمەنی 12 ساڵانن، نابێت بەڕۆژوو بن، چونکە ڕۆژگاری درێژ و گەرم کار لە فیسیۆلۆژیی جەستەیان دەکات و گەشەیان دوادەخات.

**- تووشبووانی برینی گەدە و دوانزەگرێ:**
ئەوانەی نەخۆشیی برینی گەدەیان هەیە نابێت بەڕۆژوو بن، پێویستە دەرمانەکانیان لە کاتی خۆیاندا وەربگرن و ڕێنماییە خۆراکییەکانی پزیشکان جێبەجێ بکەن.

**- تووشبووانی سیل:**
تووشبووانی نەخۆشیی سیل نابێت بەڕۆژوو بن، ئەوان جگە لەوەی تەندروستییان تێکدەچێت ئەگەر بەڕۆژوو بن، ناشبێت پرۆگرامی وەرگرتنی چارەسەرییەکانیان تێکبدەن.

- ئەوانەی کێشیان کەمە:
ئەوانەی کە کێشی لەشیان لە خوار ئاساییە، پێویستیان بە وەرگرتنی چارەسەر هەیە بۆ زیادکردنی کێشی لەشیان و نابێت بەڕۆژوو بن.

**- تووشبووانی شێرپەنجە:**
تووشبووانی جۆرە جیاوازەکانی شێرپەنجە دەبێت هەموو هێز و وزەیان بخەنە گەڕ بۆ بەرەنگاربوونەوەی نەخۆشییەکەیان و زاڵبوون بەسەریدا، بۆیە نابێت بەڕۆژوو بن.

**- تووشبووانی نەخۆشیی شەکرە:**
پزیشکان دەڵێن ئەوانەی نەخۆشیی شەکرەیان هەیە باش نییە بەڕۆژوو بن، بەڵکو دەبێت پابەندی ڕێنمایی پزیشکەکانیان بن و دەرمانەکانیان لە کاتی خۆیدا وەربگرن. هاوکات ڕۆژانە لە کاتی خۆیدا بڕی پێویستی خۆراک بخۆن.

**- ئەوانەی بەردی گورچیلەیان هەیە:**
ئەوانەی بەردەوام کێشەی گورچیلەیان هەیە، بەتایبەتی ئەوانەی کە بەردەوام بەرد دروستدەکەن، نابێت بەڕۆژووبن، ئەگەر بەڕۆژووش بن دەبێت لەژێر چاودێریی وردی پزیشکی پسپۆڕدا بن.

**- تووشبووانی نەخۆشییەکانی دڵ و سووڕی خوێن:**
تووشبووانی نەخۆشییەکانی دڵ پێش ڕەمەزان دەبێت پشکنینی گشتی بۆ جەستەیان بکەن، بۆ ئەوەی بزانن تواناى ڕۆژووگرتنیان هەیە یاخود نا، ئەگەر پزیشکەکە بڕیاری دا بەڕۆژوو نەبێت، پێویستە گوێڕایەڵ بێت و ڕۆژوو نەگری.

**- تووشبووانی نەخۆشیی دەروونیی توند:**
تووشبووانی نەخۆشییە دەروونییە توندەکان پێویستیان بە چارەسەری بەردەوام هەیە، ڕۆژووگرتن کاریگەری خراپی لەسەر باری دەروونی و پرۆگرامی وەرگرتنی دەرمانەکانیان دەبێت، بۆیە نابێت بەڕۆژوو بن.

**- تووشبووانی نەخۆشییەکانی جگەر:**
تووشبووانی نەخۆشییە جیاوازەکانی جگەر، پێویستیان بە چاودێری و چارەسەری پزیشکیی بەردەوام هەیە، باشتر وایە بەڕۆژوو نەبن و فۆکەسی تەواویان لەسەر چارەسەرەکەیان بێت.

**- تووشبووانی نەخۆشیی دەردەشا:**
دەردەشا نەخۆشییەکی ئاڵۆزە، چارەسەرەکەی بەندە بە پارێز و دەرمان، ڕژێمێکی خۆراکی تایبەتیشی گەرەکە، بۆیە پێویستە بەڕۆژوو نەبن، بەتایبەتی ئەگەر پزیشکی پسپۆڕ ڕێگەی بەوە نەدا.



(فۆتۆ: ڕووداو)

**- خانمی دووگیان:**
خانمانی دووگیان نابێت ئەوە لەبیر بکەن کە کەسێکی دیکە لەنێو جەستەیان دا هەیە و بەردەوام پێویستی بە وزە و خۆراکە، بەڕۆژووبوونیان واتە بەڕۆژووبوونی کۆرپەکەشیانە، بۆیە وا باشترە بەڕۆژوو نەبن.

**- دایکی شیردەر:**
منداڵی شیرەخۆرە پێویستی بە شیری دایکیەتی، بۆیە دایکی شیردەر دەبێت کاری لەپێشینەی تێرکردنی منداڵەکەی بێت نەک بەڕۆژووبوون.

# چەند ڕێنماییەکی سادە بۆ ڕۆژووەوانان

**ڕووداو- هەولێر**

دێسکی تەندروستیی (ڕووداو) چەند ڕێنماییەکی سادە بۆ ڕۆژووەوانان رادەگەیێنێ، ئەمە پوختەکەیەتی:

## وەرزش و چالاکیی جەستەیی لە ڕەمەزاندا

- ڕەمەزان مانگی دوورکەوتنەوە نییە لە وەرزش و چالاکیی جەستەیی، بەڵکو ڕێکخستنەوەی پرۆگرامە وەرزشییەکانتە.
- دوورکەوتنەوە لە وەرزش لە ڕەمەزاندا، توانای دڵ و لوولەکانی خوێن و ماسولکەکان دادەبەزێنێ.
- ئاستی وەرزشکردن لە ڕەمەزاندا دەگۆڕێت بەگوێرەی: تەمەن، ڕەگەز، نەخۆشی.

## چ کاتێکی ڕەمەزان وەرزش بکەین؟

- ئەوانەی تەندروستن و توانایان هەیە، باشترین کات 60-90 خولەکی پێش ڕۆژووشکاندنە.
- هەر کە هەستت بە گێژبوون یان ئێڵنج کرد، لە وەرزش ڕاوەستە.
- ئەگەر لە کۆتایی ڕۆژ ناتوانی وەرزش بکەی، دوای تێپەڕینی ماوەیەک بەسەر بەربانگ، وەرزشەکەت بکە.

## خۆراکی گونجاو بۆ چالاکییە جەستەییەکانی ڕەمەزان

- بۆ کەسێکی ئاسایی خواردنی 6-10 گرام کاربۆهێدرات بۆ هەر کیلۆگرامێکی کێش بۆ وەرگرتنی وزەی گونجاو، واتە ئەگەر کەسێک کێشی 70 کیلۆگرام بێت، پێویستە ڕۆژانە 420 بۆ 700 گرام کاربۆهیدرات وەربگرێت، خۆ ئەگەر وەرزشڤان بێت، بڕێکی زیاتری پێویستە.
- خواردنی 1-1.2 گرام پرۆتین بۆ هەر کیلۆگرامێکی کێش بۆ تەندروستیی ماسولکەکان، ئەمەش دەکاتە ڕۆژانە زیاتر لە 70 گرام پرۆتین بۆ کەسێک کە کێشی جەستەی 70 کیلۆگرامە، وەرزشڤانان زیاتریان پێویستە.
- چەوریی زۆر مەخۆ، تەنیا 30% - 20% ی وزەی پێویستی جەستەت لە چەورییەکان بێ.
- شلەمەنی پێویست بخۆرەوە لە ماوەی ڕۆژوو شکاندن تاوەکو پارشێو، چونکە دنیا گەرمە و وا نەکەی وشک دەبیتەوە.
- پرۆگرامێکی تەندروستتری نووستن و خواردنەوەی شلەمەنی گرنگن بۆ هێشتنەوەی توانای وەرزش و چالاکیی جەستەیی لە ڕەمەزاندا.

# ڕۆژوو چۆن کار لە فیزیۆلۆژیی جەستە دەکات؟



**ڕووداو — ئاژانسەکان**

ئەم زانیارییانە لەلایەن زانایانی کۆمەڵەی نێودەوڵەتیی زانستی فیزیۆلۆژی ڕوونکراونەتەوە لە چلەمین کۆنفرانسی خۆیاندا کە ساڵی 2017 بەسترا، ئەوانەی توێژینەوەیان لەسەر کراوە، ڕۆژێک 25%ی کالۆرییان وەرگرتووە و ڕۆژی دواتر بڕی ئاساییان وەرگرتووە، پوختەی ئەنجامی توێژینەوەکە سێ خاڵی ڕاگەیاندووە:

1. ڕۆژووگرتن کێشی جەستە کەم دەکاتەوە.
2. چەوریی نێو هەناو کەم دەکاتەوە.
3. ئەگەری نەخۆشکەوتنی دڵ و لوولەکانی خوێن کەم دەکاتەوە.

**جەستە پێویستی بە زۆرخۆری نییە**

د.نۆربەرت سمیس کە دکتۆرای لە زانستی فیزیۆلۆژی هەیە، دەڵێت بەشێکی زۆر لە نەریتە خۆراکییەکان زیاتر ڕەهەندێکی کولتوورییان هەیە، واتە شیرینی و چەورییەکان زیاتر بۆ چێژ و خۆشی بەسەربردن دەخورێن، نەک بەهۆی برسێتی و پێداویستیی فیزیۆلۆژی جەستە بۆ خۆراک و وزە، بۆیە سەردەمی ئێستا سەردەمی قەڵەوبوونە.

**کاردانەوەکانی جەستە بەرامبەر ڕۆژوو**

هەموو خانەکانی جەستە پێویستیان بە شەکرە وەک سەرچاوەیەکی وزە کە ئاستەکەی لەلایەن جگەر و پەنکریاس و ڕژێنەکانی ئەدرینال ڕێکدەخرێ بە هەماهەنگییەکی ورد و ڕێک. لەباری ئاساییدا ئەو خۆراکانەی دەیانخۆین وەک سەرچاوەی وزە بەکاردێن، بەڵام کاتی ڕۆژوو، جەستە پەنادەبات بۆ وزە زیادە و هەڵگیراوەکان و دووبارە سوودیان لێدەبینێتەوە.

**کاتی ڕۆژوو ئەم گۆڕانکارییانە ڕوودەدەن:**

**1 قۆناغی یەکی ڕۆژوو، چەند کاژێری سەرەتا:**
لەگەڵ دابەزینی ئاستی شەکری خوێن، هەستێکی قوڵی برسێتی دەستپێدەکات و ئارەزوویەکی بەهێز بۆ خواردن دروستدەبێت. دەگوترێت وەرزشێکی سادە بەسوودە بۆ سەرکوتکردنی ئەم هەستی برسێتییە.

**2 قۆناغی دووەمی ڕۆژوو، کاژێرەکانی دواتر:**
جەستە دەستدەکات بە سووتاندنی شەکری هەڵگیراوی جگەر (گلایکۆجین). ئیدی دەردانی ئەنسۆلین کەم دەبێتەوە. دابەزینی کێش لەم قۆناخەوە دەستپێدەکات. هەر پاوەندێک (450 گرام) شەکری هەڵگیراو کە دەگۆڕێ بۆ شەکری ئاسایی، سێ پاوند ئاو خەرج دەکات.

**3 قۆناغی سێ**
لەم قۆناغەدا جەستە دەستدەکات بە سووتاندنی شانە چەورییەکان و گۆڕینیان بۆ وزە..سووتاندنی چەورییە شانەکان گرنکە بۆ ڕاگرتنی ئاستێکی پەسەندی شەکری خوێن. لە قۆناغی کۆتاییدا بەگشتی کەمتر هەستی برسێتی و بەتاڵبوونی گەدە هەیە.

# پرۆگرامی ڕەمەزاندروستی لە (ڕووداو)دا

**ڕووداو- هەولێر**

بەرنامەیەکی نوێی ڕووداو لە ماوەی مانگی ڕەمەزاندا بەرنامەی "ڕەمەزاندروستی"یە، بەپێی کۆنسێپتی بەرنامەکە، ڕۆژانە سێ بابەت باس دەکرێن لە تەوەرەکانی خۆراک، وەرزش و پزیشکی.
بەرنامەکە مەیدانی دەبێت و دکتۆر ئاراس برادۆستی، پرۆدیوسەر و پێشکەشکاری دەبێت، بابەتەکانی 10 ڕۆژی یەکەمی ڕەمەزاندروستی ئەمانەن:

**● ڕۆژی یەکەم:**
- بەربانگی تەندروست
- وەرزش لە ڕەمەزاندا
- کێ نابێت بەڕۆژوو بێت؟

**● ڕۆژی دووەم:**
- پارشێوی تەندروست
- وەرزش چۆن پشتئێشە چارەسەر دەکات؟
- خانمانی دووگیان لە ڕەمەزاندا

**● ڕۆژی سێیەم:**
- لەنێوان پارشێو و بەربانگ چی بخۆین؟
- وەرزشی ئایرۆبیک بۆ کچان
- منداڵان دەتوانن بەڕۆژوو بن؟

**● ڕۆژی چوارەم:**
- خۆراک بۆ یاری لەشجوانی لە ڕەمەزاندا
- بەهێزکردنی جومگەی ئەژنۆ
- دەروونێکی ئارام لە ڕەمەزاندا

**● ڕۆژی پێنجەم:**
- خواردنی کەباب
- دابەزاندنی کێش لە ڕەمەزاندا
- بۆنی دەم و تەندروستی پووک و ددان لە ڕەمەزاندا

**● ڕۆژی شەشەم:**
- خواردنی برنج و شلە
- وەرزشی ڕێکردن و ڕاکردن لە هەوای کراوەدا
- نووستن لە ڕەمەزاندا

**● ڕۆژی حەوتەم**
- جۆرەکانی زەڵاتە و سوودەکانی
- مەلە، ڕێسا و سوودەکانی
- نەخۆشییە درێژخایەنەکان لە ڕەمەزان

**● ڕۆژی هەشتەم:**
- خۆراک و میزاج
- زومبا، ڕێسا و سوودەکانی
- نەشتەرگەری لە ڕەمەزاندا

**● ڕۆژی نۆیەم:**
- شەکر و شیرینی
- نوێژ و تەراویح وەرزشن؟
- سەرئێشە لە کاتی بەڕۆژووبووندا، هۆکار، خۆپارێزی و چارەسەر

**● ڕۆژی دەیەم:**
- گۆشتی سوور
- وەرزشی خانمانی دووگیان
- خوێندن لە ڕەمەزاندا



## ڕووسیا نێوانگری نوێی هەردوو وڵات دەبێ

# ململانێی ئێران و ئیسرائیل لە سنووری سووریا دەمێنێتەوە؟

**ڕووداو – هەولێر**

بەرەبەیانی پێنجشەممەی ڕابردوو ژمارەیەک ڕۆکێت لەناو سووریاوە ئاراستەی بەرزاییەکانی جۆلان لەسەر سنووری نێوان ئیسرائیل و سووریا کران، ئیسرائیل لەبەرامبەردا کۆمەڵێک بنکەی ڕاداری سەربازیی ئێرانی لە سووریا مووشەکباران کرد. سەرەتا گومان دەکرا ئێران هێرشی سەر جۆلانی کردبێ، بەڵام هەرزوو سووریا بەرپرسیارێتییەکەی هەڵگرت. ئەو هێرشانەش تەنیا دوو ڕۆژ دوای دەرچوونی ئەمریکا لە ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکەی ئێران هاتن. شارەزایان دەترسێن لەوەی ئەو پێکدادانە کە لە بنەڕەتدا پەیوەندی بە دوژمنایەتی تەقلیدیی ئێران و ئیسرائیلەوە هەیە، تەنیا لە سنووری سووریادا نەمێنێتەوە.

ئەوە یەکەمجار بوو لە سووریاوە ئیسرائیل بەو چڕییە بکرێتە ئامانج، لە کاتێکدا لە دوو مانگی ڕابردوودا چەندین هێرش بۆ سەر بنکە سەربازییەکانی ئێران لە سووریا کراوە کە تاوەکو ئێستا ئیسرائیل بەرپرسیارێتییەکەی هەڵنەگرتوون. سەرەتا ئیسرائیل هێرشەکانی بەرەبەیانی پێنجشەممەی خستە ئەستۆی سوپای قودس کە باڵی چالاکییە دەرەکییەکانی سوپای پاسدارانی شۆڕشی ئیسلامی ئێرانە. بە گوێرەی وەزارەتی بەرگریی ئیسرائیل، لە هێرشەکەی هەفتەی ڕابردوودا، 20 ڕۆکێت لە ڕێگەی سیستەمی دژەمووشەکی ئیسرائیلەوە خراونەتە خوارەوە.

مانگی ڕابردوو لە هێرشێکی هێزی ئاسمانیی ئیسرائیلدا حەوت ستافی سەربازیی ئێران کوژران، ئەوکات ئێران هۆشداری دا کە تۆڵەی هێرشەکان دەکاتەوە، بەڵام چارەنووسی ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکە و دانوستاندنەکانی ئێران و ئەوروپییەکان لەسەر ئەو ڕێککەوتنە ڕێگر بوو لەوەی تاران دەست بکاتەوە. لە یەک مانگی ڕابردوودا ئێران و ئەوروپییەکان لە هەوڵدا بوون بۆئەوەی هەرچۆنێک هەیە ئەمریکا لە ڕێککەوتنەکەی کۆمەڵەی 5+1 دا بهێڵنەوە.

ئێران دەیان هەزار چەکداری شیعەی لە سووریا هەیە کە لە چەندین ڕێکخراودا لەسەر مۆدێلی حیزبوڵڵای لوبنانی دروستکراون. حیزبوڵڵا ژمارەیەکی زۆر ڕۆکێت و مووشەکی لە سووریا و باشووری لوبنان هەیە، بۆیەش تەلەڤیڤ نیگەرانی ئەوەیە بەرەیەکی نوێی شەڕ لە دیوی ڕۆژهەڵاتەوە لەگەڵ ئێران و حیزبوڵڵا بکرێتەوە. هەر ئەمە وایکردووە کاردانەوەی ئیسرائیل وەکو جاران دوورەپەرێزانە نەبێ.



تانکێکی ئیسرائیلی لە نزیک بەرزاییەکانی جۆلان

میر جاویدانفەر، شارەزای ململانێکانی ئیسرائیل و ئێران، لە لێدوانێکدا بۆ (وۆڵ ستریت جورناڵ)ی ئەمریکی پێیوایە "ئیسرائیل گۆڕاوە. جاران دەکرا ئیسرائیل میلیشیاکانی سەر بە ئێران بکاتە ئامانج، بەڵام ئێستا هەڵوێستی ئیسرائیل گۆڕانی بەسەردا هاتووە و ئەگەر میلیشیایەکی سەر بە ئێران لە ئیسرائیل بدا، ئەوە ئێران دەبێ ڕاستەوخۆ باجەکەی بدا. بۆیەش ئەگەر حیزبوڵڵا تەلەڤیڤ مووشەکباران بکا، ئەوەی دەبێ چاوەڕوانی ئەوە بکەن کە ئیسرائیل هێرش بکاتە سەر تاران".

بەگوێرەی ڕاپۆرتەکە، نە ئێران و نە ڕژێمی سووریا تاوەکو ئێستا تەکنەلۆژیای بەرەنگاربوونەوەی هێرشە ئاسمانییەکانی ئیسرائیلیان نییە. ڕووسیا تاکە وڵاتی لایەنگری بەشار ئەسەدە کە ئەو توانایەی هەبێ. بەڵام ڕووسیا تاوەکو ئێستا ئامادە نەبووە چەتری سیستەمی دژە مووشەکیی خۆی بۆ بەرەنگاربوونەوەی فڕۆکە و مووشەکە ئیسرائیلییەکان بەکاربهێنێ.

ڕۆژی چوارشەممەی ڕابردوو بنیامین نەتانیاهۆ، سەرۆکوەزیرانی ئیسرائیل لە نمایشی سەربازیی سوپای ڕووسیادا لە مۆسکۆ بەشدار بوو کە بە بۆنەی سەرکەوتنی سوپای سووری یەکێتیی سۆڤیەت بەسەر هێزەکانی ئەڵمانیای نازی بەڕێوەدەچوو. لەو مەراسیمەدا کە ڕەنگە گەورەترین نمایشی سەربازیی بێ لە جیهاندا، نەتانیاهۆ هەر بەوەندە نەوەستا کە لە بۆنەکەدا بەشداری بکا، بەڵکو نیشانی "شکۆی سوپای ڕووسیا"شی لە چاکەتەکەی دابوو.

کاتی گەیشتنی نەتانیاهۆ بۆ مۆسکۆ سەرنجڕاکێش بوو، چونکە تەنیا چەند کاژێرێک بوو کۆشکی سپی ڕایگەیاندبوو کە لە ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکە دەردەچێ و فڕۆکە ئیسرائیلییەکانیش چەند بنکەیەکی سەربازیی ئێرانیان لە نزیک دیمەشق کردبووە ئامانج. لە نمایشە سەربازییەکەدا ژمارەیەک چەک و سیستەمی دژەمووشەکی ڕووسی نمایش کران کە نەتانیاهۆ دەیزانی لە داهاتوویەکی نزیکدا دەکرێ بگەنە دەستی ڕژێمی ئەسەد، لەوانەش سیستەمی دژەمووشەکی (ئێس 300) کە مۆسکۆ لە ساڵی 2010 و لەسەر داوای ئیسرائیل ڕازی بوو ڕەوانەکردنی ئەو سیستەمە بۆ حکومەتی ئەسەد هەڵپەسێرێ.

نەتانیاهۆ پەیوەندییەکی شەخسی نزیکی لەگەڵ ڤلادیمیر پوتین، سەرۆکی ڕووسیا هەیە. بەگوێرەی ڕاپۆرتێکی (وۆڵ ستریت جورناڵ)، سەرۆکوەزیرانی ئیسرائیل دەیەوێ ڕووسەکان ڕازی بکا لە ململانێکانی لەگەڵ ڕۆژئاوادا، بەرژەوەندییەکان و هەستیارییە ئەمنییەکانی ئیسرائیل لەبەرچاو بگرێ.

ئێرەن لێرمان کە تاوەکو 2015 بریکاری سەرۆکی ئەنجوومەنی ئاسایشی نیشتمانیی ئیسرائیل بووە، لەمبارەیەوە بە ڕۆژنامە ئەمریکییەکە دەڵێ: "گفتوگۆکانی ئێمە لەگەڵ ڕووسەکان زۆر سەختن. ئەگەر ڕووسەکان ڕێگە نەدەن ئێرانییەکان ئێمە بکەنە ئامانج، ئەوە ئێمەش ئەسەد ناکەینە ئامانج".

لە لایەکی دیکەوە ئێرانییەکانیش بە نیگەرانییەوە لە هەڵوێستی ڕووسیا بەرامبەر کێشەی نێوان تاران و تەلەڤیڤ دەڕوانن، هەرچەند دەشزانن لە قەیرانی سووریادا هیچ هاوپەیمانێکی زلهێزی وەکو ڕووسیایان بۆ پەیدا نابێ کە لە لایەکەوە ئەندامی هەمیشەیی ئەنجوومەنی ئاسایش بێ و لەلایەکی دیکەشەوە وەکو ئێران دژایەتیی ئەمریکا و ڕۆژئاوا بە پلانی ستراتیژی خۆی بزانێ.

ململانێکانی ئەم قۆناغەی نێوان مۆسکۆ و تاران، ڕووسیای خستووەتە دۆخێکی سەختەوە. ڕووسیا و ئیسرائیل هاوبەشێکی سەرەکین، بەشداریی نەتانیاهۆ لە مەراسیمە سەربازییەکەی چوارشەممەدا و لێدانی نیشانی "شکۆی سوپای ڕووسیا" سیمبۆلی ئەو ڕاستییەیە. بەڵام ڕووسیا پەیوەندییەکی قووڵیشی لەگەڵ ئێراندا هەیە، بەتایبەتیش لە سووریا کە هەردوولایەن خوازیاری مانەوەی ئەسەد لەسەر کورسیی دەسەڵاتن. بۆیەش ڕووسەکان نیگەرانی ئەوەن لە ململانێی نێوان تاران و تەلەڤیڤدا چارەنووسی ڕژێمی ئەسەدیش بکەوێتە مەترسییەوە کە ساڵانێکە ڕووسیا سەرمایەگوزاری سەربازی، دارایی و دیپلۆماتیکی لەسەر کردووە.

> لەمەودوا هەر میلیشیایەکی سەر بە ئێران لە ئیسرائیل بدات، ئێران باجەکەی دەدات

بەڵام گرژبوونی ململانێکانی نێوان ئێران و ئیسرائیل دەرگایەکی نوێشی بۆ ڕووسەکان کردووەتەوە کە دەکرێ لە درێژخایەندا شوێن پێی ڕووسیا لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستی بەهێز بکەن. ڕووسیا دەتوانێ خۆی وەکو نێوەندگیری نێوان ئەو دوو دوژمنە لەمێژینەیە بخاتەڕوو. لە کاتێکدا ئەمریکا بە کردەوە خۆی لە کێشە گەورەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بەدوور دەگرێ، ئەم پێگەیە نوێیە جۆرێک لە مەشروعییەت بە وجوودی ڕووسەکان لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دەبەخشێ.

زڤی ماگن، باڵیۆزی پێشووی ئیسرائیل لە مۆسکۆ، لەمبارەیەوە بە (وۆڵ ستریت جورناڵ) دەڵێ "ئەگەر بتەوێ لەگەڵ ئێرانییەکان قسە بکەی، دەبێ ڕوو لە ڕووسیا بکەی. ڕووسیا دەتوانێ نێوەندگیری نێوان ئێران و ئیسرائیل بێ و بناغەی پرۆسەیەکی نوێی دانوستاندن دابنێ".

شەوی سێشەممەی ڕابردوو دۆناڵد ترەمپ، سەرۆکی ئەمریکا، کشانەوەی وڵاتەکەی لە ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکەی ڤیەننا ڕاگەیاند. وەکو چاوەڕێ دەکرا بڕیاری ئەمریکا لەبارەی ڕێککەوتنەکە کاریگەریی ڕاستەوخۆ لەسەر گرژییەکانی نێوان ئیسرائیل و ئێران دادەنێ. هێرشە ئاسمانییەکەی شەوی سێشەممەی ئیسرائیل و گرژییەکانی پێنجشەممەی ڕابردوو دەکرێ سەرەتای دەستپێکردنی پێکدادانێکی سەربازیی قورس بێ کە ئاسەوارەکەی لە دەریای نێوەڕاستەوە تاوەکو تاران هەستی پێبکرێ.

## گرژییەکان پەرەدەستێنن

# ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست پاش هەڵوەشانەوەی ڕێککەوتنی ئەتۆمی

**ڕووداو – هەولێر**

هەفتەی ڕابردوو ئەمریکا بە فەرمی لە ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکەی نێوان ئێران و کۆمەڵەی 5+1 دەرچوو کە سەرۆکی ئەمریکا بە "داڕزاو" ناوی برد. ڕێککەوتنەکە دەستکەوتێکی ئەوتۆی بۆ سەقامگیرکردنی ئاشتی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست نەبوو، بەڵام چاوەڕێ دەکرێ هەڵوەشاندنەوەکەی دۆخی ناوچەکە ئاڵۆزتر بکات لە دۆخی پێش 2015 کە ڕێککەوتنەکەی تێدا واژۆ کرا.

ڕێککەوتنەکە واژۆی شەش زلهێزی جیهان و ئێرانی بەسەرەوەیە، بەڵام لە سێ ساڵی ڕابردوودا لەسەر ئاستی ناوچەیی دژایەتی زۆری کراوە، بەتایبەتیش لەلایەن ئیسرائیل و وڵاتانی کەنداوەوە. بۆیەش چاوەڕێی کاردانەوەی جیاوازی ئێران لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و ناوچەیی دەکرێ.

### عێراق.. مەیدانی ململانێی نوێی ئێران و ئەمریکا

پێشتر بڕیار بوو دۆناڵد ترەمپ، سەرۆکی ئەمریکا، بڕیارەکەی خۆی لەسەر ڕێککەوتنەکەی ڤیەننا لە ڕۆژی 12ی ئایار ڕابگەیەنێ، واتە ئەو ڕۆژەی خەڵکی عێراق بڕیاریان لەسەر پێکهاتەی پەرلەمان و حکومەتی داهاتووی خۆیان دەدا، بەڵام ئیدارەی کۆشکی سپی ڕاگەیاندنی بڕیارەکەی چوار ڕۆژ پێشخست. ئارۆن لوند، شارەزای ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە دامەزراوەی سەدەی ئەمریکا، پێیوایە عێراق یەکەمین گۆڕەپانی ململانێکانی دوای دەرچوونی ئەمریکا لە ڕێککەوتنەکە ئەتۆمییەکە دەبێ.

ئێران لە ساڵی 2003ەوە پێگەکانی دەسەڵاتی خۆی لە سیاسەتی عێراقی دامەزراندووە، بۆیەش پێکهێنانی حکومەتە یەک لەدوای یەکەکانی عێراق ڕاستەوخۆ دەستی ئێرانی تێدابووە. سەرهەڵدانی داعش لە 2014 و دروستبوونی هێزەکانی حەشدی شەعبی لە عێراق هێندەی دیکە دەستی ئێرانیان لە سیاسەتی نێوخۆی عێراقدا بەهێزکردووە. فەرماندە و سەرکردەکانی حەشد پێکهاتەیەکی سەرەکیی بەشدارانی هەڵبژاردنی ئەمجارەی عێراق پێکدەهێنن کە زۆربەیان بەرگری لە پلاتفۆرمێکی ئێرانی و دژەئەمریکی دەکەن.

لە یەک ساڵی ڕابردوودا ئەمریکا و وڵاتانی کەنداو هیچکات پشتگیری خۆیان بۆ حەیدەر عەبادی، سەرۆکوەزیرانی عێراق و سەرۆکی لیستی نەسر، نەشاردووەتەوە، لەبەر ئەوەی لە چاو کەسایەتییە سیاسییە شیعەکانی عێراق بە کەسێکی پراگماتیکی دەزانن کە دەتوانێ لەمپەڕ بۆ دەسەڵاتی ئێران دابنێ، بەڵام لوند پێیوایە لەدوای هەڵبژاردنە گشتییەکانی عێراق، عەبادی ناچار دەبێ لەگەڵ گروپە شیعەکانی لایەنگری ئێران نزیک ببێتەوە، بەتایبەتیش ئەگەر بیەوێ خولی دووەمی سەرۆکایەتی حکومەتی عێراق بۆ خۆی مسۆگەر بکات.

لەدوای هەڵوەشاندنەوەی ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکەی 2015، کاری عەبادی بۆ پێکهێنانی حکومەتی هاوپەیمانیی لە داهاتوویەکی نزیکی دوای هەڵبژاردنەکان قورستر دەبێ، چونکە لە دۆخێکی وەکو ئەوەی ئێستا پاراستنی هاوسەنگی لە نێوان خواستەکانی ئێران و میلیشیا شیعەکان لەلایەک و ئەمریکا و وڵاتانی کەنداو زۆر قورسترە.

لەگەڵ کۆتاییهاتنی شەڕی داعش، ژمارەیەکی زۆری میلیشیاکانی حەشد داوای کشانەوەی هێز و ڕاوێژکارە ئەمریکییەکان دەکەن. عەبادی تاوەکو پێش هەڵبژاردنەکانی عێراق توانیبووی لەبەرامبەر ئەو داوایەی حەشد و ئێراندا خۆی بگرێ. بەڵام لەدوای دەرچوونی ئەمریکا لە ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکە ناکۆکییەکانی ئێران و ئەمریکا زۆر لەوە قووڵتر دەبێتەوە کە سەرۆکوەزیرانی داهاتووی عێراق بتوانێ بە ئاسانی مانۆڕی تێدا بدا.

بۆیەش ڕەندە سەلیم لە پەیمانگای ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، پێیوایە سەرۆکوەزیرانی داهاتووی عێراق دەکەوێتەژێر گوشاری ئەوەی هێزە ئەمریکییەکان لە عێراق دەربکا و لە ململانێی ئەمریکا و ئێران لە ناوچەکەدا خۆی یەکلا بکاتەوە، ئەم بڕیارەش بۆ حکومەتی داهاتووی عێراق ئاسان نابێ، چونکە "بەبێ هاوکاریی سەربازیی ئەمریکا و وەبەرهێنانی وڵاتانی کەنداو، ئاسایش و سەقامگیریی نێوخۆی عێراق جارێکی دیکە دەکەوێتەوە بەردەم مەترسیی گەورە"، لەلایەکی دیکەشەوە ئێران هەوڵدەدا پێگەی سەرکردەی میلیشیا شیعەکان لە سوپا و حکومەتی عێراقدا بەرزتر بکاتەوە.

ئارۆن لوند بەدووری دەزانێ ئەمریکا و ئێران لە عێراق تووشی شەڕی سەربازی بن، بەڵام پێشبینی دەکا هەردوو وڵات پشت بە کۆمەڵێک تەکتیکی توند لەدژی یەکدی ببەستن، بۆ ئەوەی پێگەی یەکدی لە ناو دامەزراوە سیاسی و یاساییەکانی عێراقدا لاواز بکەن، ئەم ململانێیەش کاریگەری ڕاستەوخۆ لەسەر پێکهێنانی حکومەت و دواتریش ئەدای حکومەتەکە دەبێ.

> پاش هەڵبژاردن، عەبادی ناچار دەبێ لە گرووپە شیعەکانی لایەنگری ئێران نزیک ببێتەوە

### ململانێی ئیسرائیل و ئێران لە لوبنان و سووریا

دوو ڕۆژ پێش بڕیارەکەی ترەمپ، هەڵبژاردنی پەرلەمانی لوبنان دوای نۆ ساڵ بەڕێوەچوو کە تێیدا دەنگی حیزبوڵڵا و پارتە هاوپەیمانەکانی بەشێوەیەکی بەرچاو بەرز بووەوە و ژمارەی کورسییەکانی حیزبەکەی سەعد حەریری (سەرۆکوەزیرانی ئێستای لوبنان)یش بەشێوەیەکی بەرچاو دابەزی.

بەڵام دۆخی نێوخۆی لوبنان هەمیشە پەیوەندی قوڵی لەگەڵ سووریا و ئیسرائیل هەبووە. ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی هەفتەی ڕابردووی لوبنان دەریدەخات بە پێچەوانەی هەموو پێشبینییەکان شەڕی سووریا و ئەو هەموو قوربانییەی حیزبوڵڵا بۆ مانەوەی ئەسەدی داوە، کاریگەریی نێگەتیڤی لەسەر دەنگەکانی حیزبوڵڵا دانەناوە.



لەنێو هۆڵی دانیشتنی پەرلەمانی ئێراندا ڕێککەوتننامە ئەتۆمییەکە و ئاڵای ئەمریکا سووتێندران

دەستکەوتە گەورەکەی حیزبوڵڵا لە هەڵبژاردنەکەی شەشی ئایار و کشانەوەی ترەمپ لە ڕێککەوتنەکە دەکرێ جارێکی دیکە ئێران هان بدات بۆئەوەی حیزبوڵڵا وەکو چەکێک لەدژی ئیسرائیل بەکاربهێنێ، هێرشەکانی چەند مانگی ئیسرائیل بۆ سەر بنکە سەربازییەکانی ئێران، سووریا و حیزبوڵڵا ئەگەری پێکدادانێکی نوێ لەنێوان حیزبوڵڵا و ئیسرائیل زیاتر دەکات، ئەمەش لە کاتێکدایە کە گرژییەکان لە دیوی باشووری سووریا و ئیسرائیلیش زیادیان کردووە.

یەکێک لە ئامانجەکانی ئەمریکا لە سەپاندنەوەی سزا ئەتۆمییەکان بۆ سەر ئێراندا ئەوەیە کە باری دارایی ئێران ئەوەندە لاواز بکات توانای یارمەتیدانی گروپی وەکو حیزبوڵڵا و میلیشیا شیعەکانی دیکەی نەمێنێ. بەڵام وەکو لوند ئاماژەی بۆ دەکا "ئێران لە سەردەمی سزا ئەتۆمییە نێودەوڵەتییەکانیشدا چەندین ملیار دۆلاری لە شەڕی نێوخۆی سووریادا خەرج کرد"، هاوکارییە دارایی و سەربازییەکانی ئێران بۆ حیزبوڵڵاش ئەوەندە دامەزراوەیین کە سزاکان ناتوانن کاریگەرییەکی ئەوتۆی لەسەر دابنێن. جیا لەمەش شەڕی سووریا و ئەسەد چیدی بە تەنیا لەسەر شانی ئێران و حیزبوڵڵا نەماوە و ڕووسیاش هاتووەتە گۆڕەپانەکەوە.

بۆیەش دەرچوونی واشنتن لە ڕێککەوتنەکە ئەتۆمییەکە ئێران سوورتر دەکا لەسەر یارمەتیدانی ئەسەد و حیزبوڵڵا کە ئامانجە درێژخایەنەکەی گەیشتنە بە بەرزاییەکانی جۆلان.

### یەمەن

شەڕی یەمەن بە شەڕی لەبیرکراوی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست ناسراوە. هێزی هاوپەیمانیی وڵاتانی کەنداو لە ساڵی 2015ەوە بە هێرشی ئاسمانی و تۆپخانە لە چەکدارانی حووسی دەدەن کە بە هاوپەیمانی ئێران لەقەڵەم دەدرێن و سعودیە بە مەترسییەک لەسەر ئاسایشی نیشتمانی خۆی دەزانێ. لە یەک ساڵی ڕابردوودا حوسییەکان چەندین جار مووشەکیان لە ڕیازی پایتەختی سعودیە گرتووە.

ڕەنگە شەڕی یەمەن بەهۆی پێگەی جیۆپۆلیتیکی شەڕەکەوە بە شەڕێکی بێبایەختر لە شەڕی سووریا بزانرێ، بەڵام دیپلۆماتە ئەوروپییەکان بۆ پاشگەزکردنەوەی ترەمپ لە بڕیاری دەرچوون لە ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکە هەوڵیان دەدا ئێران ناچار بکەن لە یەمەن باج بدا. ڕۆژێک دوای بڕیارەکەی ترەمپ ژمارەیەک مووشەکیان ئاراستەی ڕیاز کرد، چاوەڕێش دەکرێ دەرچوونی ئەمریکا لە ڕێککەوتنەکە نەک هەر ململانێی حووسییەکان و هاوپەیمانێتیی وڵاتانی کەنداو قورستر بکا، بەڵکو ڕەهەندی نوێش لە ململانێکانی سعودیە و ئێران لە ناوچەکە و بەتایبەتیش لە کەنداودا بهێنێتە ئاراوە.

هەڵبژاردنەکانی لوبنان

# سەرکەوتنێکی نوێ بۆ بەرەی ئێران و شکستی بەرەی سعودیە

**ڕووداو- هەولێر**

حیزبوڵــڵا و هاوپەیمانە سیاسـییەکانی، لە هەڵبژاردنەکانـی ڕۆژی شەشـی ئایـاردا زیاتر لە نیوەی کورسـییەکانی پەرلەمانی لوبنانیان بـردەوە. دەنگـی حیزبوڵڵا لـەم هەڵبژاردنەدا گۆڕانێکـی ئەوتـۆی بەسـەردا نەهـات، بەڵام دەسـتکەوتی هاوپەیمانەکانـی کـە بریتین لە بزووتنـەوەی ئەمەل و بزووتنەوەی نیشـتمانی ئازاد، دەسـتی حیزبوڵڵا لە گۆڕەپانی سیاسی ساڵانی داهاتووی لوبناندا واڵا دەکات، بێ ئەوەی بەربەستێکی گەورەی لەبەردەمدا مابێ.

لە هەڵبژاردنـی ئەمجارەی لوبنانـدا ڕێژەی بەشـداری لە خـوار 50% بوو، لـە کاتێکدا لە هەڵبژاردنەکانی 2009دا نزیکەی ٪54ی ئەوانەی مافی دەنگدانیان هەبوو، بەشـداری پرۆسـەکە بـوون. یەکێک لە هۆکارەکانـی کەمیی ڕێژەی بەشداری لە هەڵبژاردنەکاندا بۆ سیستەمی نوێی دەنگدان دەگەڕێتەوە کە تێیدا داوا دەکرا دەنگ بە لیست بدرێ نەک بە بەربژێرەکان، ئەمەش بۆ هەڵبژاردنەکانـی لوبنان کە تێیدا هەموو حیزب و بزووتنـەوەکان لەناو هاوپەیمانێتی جیاجیادا خۆیان دەبینییەوە، ئاڵۆزی دروست دەکرد.

لەلایەکی دیکەوە کۆمەڵێک هەنگاوی ڕەوتی ئایندە (حرکه المستقبل)ی حەریری لایەنگرانی ئـەو ڕەوتـەی بێئومێـد کـرد. ڕەوتـی ئایندە سـەرکردایەتی هاوپەیمانێتـی "14ی ئـادار"ی دەکـرد کـە بـە هاوپەیمانێتییەکـی لایەنگری ڕۆژئـاوا و دژی حیزبوڵـڵا ناسـرابوو. بەڵام لە چەند هەفتەیەکی کەمی پێش هەڵبژاردنەکاندا هاوپەیمانێتییەکـەی سـەعد حەریری لە پێناو پاراسـتنی ئەمـری واقیعـی سیاسـیی لوبنان کۆمەڵێـک سازشـی گـەورەی بـۆ حیزبوڵڵا و هاوپەیمانەکانی کرد. حەنین غەدار، لێکۆڵەری پەیمانگای واشـنتن، پێیوایـە ئەمە یەکێک لە هـۆکارە سـەرەکییەکانی شـکانی حەریـری و ڕەوتەکەی بوو.

### ڕۆڵی سوننە لە سەرکەوتنی حیزبوڵڵادا

لێکۆڵەرە لوبنانییەکەی پەیمانگای واشـنتن هۆکارێکـی دیکـەی سـەرکەوتنی حیزبوڵڵا بۆ پارچەپارچەبوونی کۆمەڵگای سـوننەی لوبنان دەگەڕێنێتەوە کە بەدەسـت سەرکردایەتییەکی لاوازەوە دەناڵێنـن، هەر ئەمـەش دەرفەتی بۆ حیزبوڵڵا ڕەخساند بۆشاییەکە پڕ بکاتەوە.

یەکێک لـە هۆکارەکانی پارچەپارچەبوونی کۆمەڵگای سوننەی لوبنان بۆ دابەزینی پێگەی سیاسـی و دارایـی حەریـری دەگەڕێتـەوە کە ژمارەیەکـی زۆر لە سـوننەکانی ناچار کردووە پەیوەندی بە میلیشـیا لۆکاڵییەکانی سـەر بە حیزبوڵڵاوە بکەن.

### ماڵی شیعە

حیزبوڵڵا و بزووتنەوەی ئەمەل لە کۆی 27ی کورسـیی ناوچە شـیعەکان 26 کورسییان بۆ خۆیان بردووە، بەڵام کەمیی بەشداری لە ناوچە شیعەکان دەریدەخات زۆربەی شیعە ناڕازییەکان لە سیاسەتەکانی حیزبوڵڵا ئامادە نەبوون دەنگ بدەن. بەشێکی زۆر لەو شیعانە دژی بەشداریی بەرفراوانـی حیزبوڵڵا لە شـەڕی سـووریان کە لە سـاڵی 2012ەوە زیاتر لـە 1200 چەکداری لوبنانی تێدا کـوژراوە و بارگرانییەکی دارایی و ئەمنی گەورەشی لەسەر ناوچە شیعەنشینەکان دروستکردووە.

هیـچ گرووپێکـی شـیعەی دژی حیزبوڵڵا پەیامێکی ڕوونی بۆ شـیعە ناڕازییەکان نەبوو، هیچکامیـان جورئەتی ئەوەیـان نەبوو ڕەخنە لە سیاسـەتی "بەرگـری ـ مقاومە"ی حیزبوڵڵا بگرن، لە کاتێکدا هەر ئەم سیاسـەتە بەشێکی زۆری ئەو داهاتەی بردووە کە پێشتر بۆ پڕۆژە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان لە ناوچە شیعەکانی لوبنان بەکاردەهێنران.

غالب یاغی، سـەرۆکی پێشووی شارەوانیی بەعلەبەک و کەسایەتی دژی حیزبوڵڵا، پێیوایە بزووتنەوەکەی حەسەن نەسروڵڵا دۆخی ئابووریی ناوچە شـیعەکانی قۆسـتووەتەوە بـۆ ئەوەی لەلایەکەوە هێزە چەکدارییەکەی خۆی پێ بەهێز بکا و لەلایەکی دیکەشـەوە بنکەی جەماوەریی خـۆی پـێ گەورە کـردووە. یاغی بـە گۆڤاری (ئەتلانتیک)ی ئەمریکی دەڵێ: "قسەیەک هەیە دەڵێ سـەگەکەت بە برسـی ڕاگـرە بۆ ئەوەی شـوێنت بکەوێ. ڕێژەی بێـکاری لە بەعلەبەک زۆر بـەرزە، گەنجەکان کاریان دەسـتناکەوێ، بۆیـە بـۆ وەرگرتنـی 400 دۆلاری مانگانە ڕوو لـە حیزبوڵڵا دەکەن و دواتر لـە دارەمەیتێکدا بۆمان دەگەڕێنەوە". حەنین غەدار بە پێچەوانەی یاغی پێیوایە پارت و گرووپە شـیعەکانی دژی حیزبوڵڵا بەدرێژایـی هەڵبژاردنەکان نەیانتوانی پلانێکی ئابووری و پەرەپێدانی تۆکمە بۆ ناوچە شیعەکان بخەنەڕوو.

### حەریری چی بەسەر دێ؟

هەرچەنـدە حیزبوڵڵا و شـیعەکان زۆرینەی کورسـییەکانی پەرلەمانیـان بەدەسـتهێناوە، بـەڵام بزووتنەوەکـەی حەریـری هێشـتاش گەورەترین کوتلەی سوننەمەزهەبی پەرلەمانی لوبنانە و بـەراورد بە هەڵبژاردنـی ڕابردوو 12 کورسـی کەم کـردووە و 21 کورسـی بردووە. ئەگەر لەدوای هەڵبژاردنەکان بتوانێ نەخشـەی هاوپەیمانێتییەکان بگۆڕێ، ئەوە دەشێ جارێکی دیکە پۆستی سەرۆکوەزیران بۆ خۆی مسۆگەر بکاتـەوە. بەو پێیەی حەریـری پەیوەندییەکی نزیکی لەگەڵ بزووتنەوەی نیشـتمانیی ئازاد و هاوپەیمانەکانـی دیکەی حیزبوڵڵادا هەیە، ئەم ئەگەرە بەدوور نازانرێ.

بـەڵام ئەگـەر حەریری بشـتوانێ پۆسـتی سەرۆکی حکومەتی داهاتووی لوبنان وەربگرێ، ئەوە دیسانیش پرسیاری سەرەکی لەم قۆناغەی ئێسـتادا ئەوەیـە ئاخۆ حەریـری دەتوانێ لەم قۆناغەدا حکومەتێکی هاوسەنگ پێکبهێنێ کە سنوورێک بۆ چالاکی و هەڕەشەکانی حیزبوڵڵا دابنێ؟ غەدار پێیوایە حەریری سەرۆکوەزیرانێکی لاوازتر دەبێ لەچاو جاران.

### چۆن حیزبوڵڵا جڵەو بکرێ؟

سـەرکەوتنی هەفتەی ڕابردووی حیزبوڵڵا و هاوپەیمانەکانی دەسـتی ئێران لە لوبنان واڵاتر دەکات، بەو پێیەش دەسـتی ئەمریکا و ڕۆژئاوا لە بەیروت لاواز دەبێ. بیلال سەعب، شارەزا لە پەیمانگای ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، بە پێچەوانەی زۆربەی شارەزایان پێیوایە سیاسەتی ئەمریکا لە لوبنان سەرکەوتوو بووە.

سـەعب لـە وتارێکدا لـە گۆڤـاری (فۆرین پۆڵسی) ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە "سیاسەتی ئەمریکا لە لوبنان لە ڕۆژی یەکەمیشـەوە ئەوە نەبووە دەستی تاران لە لوبنان کورت بکاتەوە، لەبەر ئەوەی ئەمە لەبنەڕەتدا واقیعبینانە نییە و هەرچەشنە هەوڵێکی لەمجۆرە شەڕی نێوخۆیی دیکە تووشـی لوبنـان دەکات". بـە بۆچوونی سەعب ئامانجی درێژخایەنی ئەمریکا ئەوە بووە "لوبنانێک دروست بکات خۆی بتوانێ کێشەکانی خۆی چارەسەر بکات و ڕێگە لە دەستتێوەردانی دەرەکـی بگرێ". بۆ ئەم مەبەسـتەش ئەمریکا زیاتـر لـە یەک ملیـار دۆلاری لـە دامەزراندنی سوپا و هێزی ئەمنی سەربەخۆی لوبناندا خەرج کردووە.

بەبۆچوونـی لێکۆڵەرەکـەی پەیمانـگای ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاسـت، پێوەری سـەرکەوتنی ئەمریـکا لە لوبنـان ئەوە نییە ئاخۆ واشـنتن دەتوانێ لە کورتخایەندا شکست بە حیزبوڵڵا و تاران بهێنێ یان نا، بەڵکو پرسـیارەکە ئەوەیە ئاخۆ ئەمریکا دەتوانێ "هەلومەرجێکی سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئەمنی لە لوبنان دروست بکا کە هێـزە خۆجێییەکان خۆیـان بتوانن بەرەنگاری هەڕەشەکانی حیزبوڵڵا ببنەوە؟".

حەنیـن غەدار بە پێچەوانەی بیلال سـەعب پێیوایە کۆمەڵێک هەنگاوی کورتخایەن پێویستن بـۆ ئـەوەی ڕێگـە لـە پەلهاویشـتنی زیاتری حیزبوڵڵا بگیرێ. یەکێک لە بژارەکانیش ئەوەیە باجی هاوپەیمانێتی لەگەڵ حیزبوڵڵا لەسەر ئەو گرووپانە قورسـتر بکرێ کە لە هەڵبژاردنەکانی شەشی مانگدا هاوکاری حیزبوڵڵا بوون و ڕەنگە بیر لـەوەش بکەنەوە لە داهاتـوودا حکومەتی هاوپەیمانی لەگەڵ پێکبهێنن.



حیزبوڵڵا و هاوپەیمانەکانی نیوەی کورسییەکانی پەرلەمانیان بردەوە (فۆتۆ: AFP)

# ئەوروپا لەبەردەم دوو بژارەدا:
# ئەمریکا یان تاران

**ڕووداو- هەولێر**

سـەردانی بەرپرسـانی پایەبـەرزی وڵاتانی ئەورووپـی بۆ کۆشـکی سـپی لە یـەک مانگی ڕابردوودا و چەندین پەیوەندیی تەلەفۆنی نێوان واشنتن و پایتەختە ئەورووپییەکان ئاماژەیەکی ڕوون بـوون بۆ ئـەوەی ئەورووپییەکان هەر زوو زانیبوویـان ئیدارەی کۆشـکی سـپی سـوورە لەسەر ئەوەی لە ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکەی ئێران دەربچێ، بۆیەش فۆکەسـی هەوڵەکان لەسـەر چۆنێتی دەرچوونەکە بووە. لێدوانی بەرپرسان و دیپلۆماتـە باڵاکانـی ئەوروپـا دەریدەخـات کـە ئەورووپییـەکان خوازیـاری پاراسـتنی ڕێککەوتنەکەن، لە کاتێکدا دەشـزانن ڕاگرتنی ڕێککەوتنەکە لەسایەی سزاکانی ئەمریکا ئاسان نابێ.

ئەورووپییـەکان لـە دوای بڕیارەکـەی ڕۆژی هەشتی ئایاری دۆناڵد ترەمپ، سەرۆکی ئەمریکا، سـەبارەت بە ڕێککەوتنـە ئەتۆمییەکە کۆڵیان نـەداوە و لە چەند هەفتەی داهاتوودا هەوڵێکی دیپلۆماسی گەورە بۆ هێشتنەوەی ڕێککەوتنەکە بەبـێ ئەمریـکا دەسـتپێدەکا، بەتایبەتیش لە کاتێکدا کە حەسـەن ڕوحانی، سـەرۆککۆماری ئێـران، ڕایگەیانـدووە ئێران لـە ڕێککەوتنەکە ناکشـێتەوە، ئەگـەر وڵاتەکـەی بتوانێ لەگەڵ بەشداربووانی دیکەی ڕێککەوتنەکەی کۆمەڵەی 5+1 بگاتە ئاکامێکی قەبووڵکراو.

سێ ڕۆژ دوای بڕیارەکەی ترەمپ، وەزارەتی گەنجینـەی ئەمریـکا بـە هاوکاریـی ئیماراتی عەرەبی سزای نوێی بەسەر ژمارەیەک کۆمپانیا و کەسـایەتی و بەرپرسـی ئێرانیـدا سـەپاند کـە گومـان دەکـرێ پەیوەندییان بە سـوپای قودسـی ئێرانەوە هەبێ. بەگوێرەی ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەی (وۆڵ سـتریت جورناڵ)ی ئەمریکی، چاوەڕێ دەکرێ ئەو سـزایانە سـەرەتایەک بن بـۆ گەڕاندنـەوەی سـزاکانی ئەمریکا بۆ سـەر بانـک و کۆمپانیـا ئێرانییـەکان، بەتایبەتیش بانکـی ناوەندیـی ئێـران. ئەمریـکا لـەدوای ڕاگەیاندنی ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکەی ڤیەننا سزا ئەتۆمییەکانی لەسەر ئێران لادابوو.

گەڕانـەوەی سـزا ئەتۆمییەکانـی ئەمریـکا نیگەرانیی سـەرەکیی ئەورووپییەکانە. هەفتەی ڕابردوو برونۆ لومار، وەزیری دارایی فەرەنسـا، لـە لێدوانێکـی میدیاییدا ڕایگەیاند "پێویسـتە ئەورووپییەکان بەرگری لە سـەروەریی ئابووریی خۆیـان بکەن". لومار پرۆپۆزاڵێکی ئاراسـتەی یەکێتیـی ئەوروپا کـردووە تێیـدا داوا دەکات کۆمەڵێک یاسـا پەسـەند بکرێ کە کاریگەریی سزاکانی ئەمریکا لەسەر کۆمپانیا ئەورووپییەکان پووچەڵ دەکاتەوە، واتە دادگاکانی ئەوروپا کار بەو بڕیارانە نەکەن کە دادگاکانی ئەمریکا لەسەر کۆمپانیا ئەورووپییەکان دەریدەکەن.

بەگوێرەی ڕاپۆرتێکی (گاردیەن)ی بەریتانی، وەزیری دارایی فەرەنسا لەگەڵ ستیڤن منوچین، وەزیری گەنجینەی ئەمریکا، قسـەی کردووە و دوای کردووە ڕێگە بە کۆمپانیا فەرەنسـییەکان بـدرێ بازرگانـی لەگـەڵ ئێرانـدا بکـەن، یان ڕاگەیاندن و جێبەجێکردنی سزا ئەتۆمییەکانی ئەمریکا لەسەر ئێران بۆ ماوەیەکی دی دوابخرێن.

ئەم هەفتەیە هەوڵە دیپلۆماتیکەکانی ئەوروپا بۆ پاراسـتنی ڕێککەوتنـە ئەتۆمییەکەی ئێران چڕدەبنەوە. ڕۆژی دووشەممە بوریس جۆنسن، وەزیری دەرەوەی بەریتانیا و ژان ئیڤس لودریان، وەزیری دەرەوەی فەرەنسا کۆدەبنەوە.

ڕۆژی دواتر محەممەد جەواد زەریف، وەزیری دەرەوەی ئێـران، لەگـەڵ هاوتاکانـی خۆی لە یەکێتیـی ئەوروپا لـە بروکسـل کۆدەبێتەوە. ئێـران داوای کـردووە ئەورووپییـەکان "لەبـری بەڵێنی مەرجدار هەنگاوی کرداری بنێن". بەڵام ئەورووپییەکان دەزانن ئـەو هەنگاوە کردارییانە ئاسـان نین، چونکـە کۆمپانیـا ئەورووپییەکان دەبـێ لەمەودوا لـە نێـوان بەرژەوەندییەکانی خۆیان لەگـەڵ کۆمپانیا و بانکـە ئێرانییەکان و بەرژەوەندییەکانیـان لـە ئەمریـکا یەکێکیان هەڵبژێرن.

بەرپرسـێکی ئەورووپـی بە گرووپـی قەیرانی نێودەوڵەتـی ڕاگەیانـدووە "کۆمپانیاکانمـان دڵنیـان لـەوەی ئەگـەر سـزا ئەتۆمییەکانـی ئەمریکا بگەڕێنەوە، ئەوە ناتوانن کاری بازرگانی لەگـەڵ ئێرانـدا بکـەن، چونکـە سیسـتەمی بانکـی و بازرگانی وەهـای لێهاتووە کە هەموو کۆمپانیا و بانکەکان پەیوەندی ڕاستەوخۆ یان ناڕاسـتەوخۆیان لەگەڵ ئەمریکا هەیە، بۆیەش مەترسی سزایان لەسـەرە. تەنانەت هەناردەی نەوتی ئێرانیش وەکو دوو ساڵی ڕابردوو نامێنێ". بەبۆچوونی بەرپرسە ئەورووپییەکە "ئێران درەنگ یان زوو هەسـت بـەوە دەکات کە قازانجەکانی ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکە کەم دەبنەوە و بۆیەش لە ڕێککەوتنەکە دەکشێتەوە".

ساڵی 2012 ئەمریکا و ئەورووپییەکان پێکەوە سزا ئەتۆمییەکانیان بەسەر دامەزراوە ئابووری و پیشەسازییەکانی ئێراندا سەپاند. ئەو سزایانە لـە 2015 و لە چوارچێـوەی ڕێککەوتنە 159 لاپەڕەییەکەی ڤیەننادا لادران، کە واژۆی حەوت وڵاتی بەسەرەوە بوو و ڕەزامەندی ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکانی لەسەرە.

گرووپی قەیرانـی نێودەوڵەتی لە ڕاپۆرتێکدا ئامـاژە بۆ ئەوە دەکا پێویسـتە ئەورووپییەکان هەوڵەکانی خۆیـان بـۆ هێشـتنەوەی ئێـران لـە ڕێککەوتنـە ئەتۆمییەکـەدا زیاتـر بکەن، بەتایبەتیش ئەگەر ئەورووپییەکان چاویان لەسەر ئـەوە بـێ بەرنامـە مووشـەکییەکەی ئێران و چالاکییەکانی ئەو وڵاتە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بەجۆرێـک کۆنتڕۆڵ بکـەن، بەڵام پاراسـتنی ڕێککەوتنەکـە بارگرانییەکی دارایـی گەورەش لەسەر ئەورووپییەکان دروست دەکات.

سـاڵی 2016 قەبارەی هەنـاردەی یەکێتیی ئەوروپـا بۆ ئەمریکا نزیکـەی 701 ملیار دۆلار بووە، لە هەمان سـاڵدا هەناردەی یەکێتییەکە بـۆ ئێـران تەنیـا 9.1 ملیـار دۆلار بـووە. حکومەتی ئەڵمانیا ئامادەیی دەربڕیوە هاوکاری کۆمپانیاکانـی وڵاتەکەی بکا کـە لەگەڵ ئێران کاری بازرگانی دەکەن. لە ساڵی 2017، قەبارەی هەنـاردەی ئەڵمانیا بۆ ئێران نزیک سـێ ملیار یـورۆ بووە، واتە تەنیا 0.2%ی کۆی هەناردەی ئەڵمانیا لەو ساڵەدا. فەرەنسا و ئیتاڵیاش ئێران بە بازاڕێکی سـەرەکی بۆ کاڵا و وەبەرهێنەرانی خۆیـان دەزانن، بـەڵام دیار نییە ئاخۆ هیچکام لەو دوو وڵاتە ئامادە بن پەیوەندییەکانی خۆیان لەگەڵ کۆمپانیا و بانکە ئەمریکییەکان بۆ بازاڕی ئێران لەدەست بدەن.

هەفتەی ڕابردوو سیگل ماندیڵکەر، بریکاری وەزیـری گەنجینـەی ئەمریـکا، ڕایگەیانـد لە چوارچێـوەی بڕیـارە نوێیەکـەی ترەمپـدا، لە مانگی ئابی ئەمساڵەوە مامەڵەکردن بە دۆلاری ئەمریکـی لە بانکەکانی ئێـران قەدەغە دەکرێ و سـەرپێچیکردن لەو بڕیـارەش زۆر بە جیدی وەردەگیـرێ. جەختـی لـەوەش کـردووە کـە هەموو کۆمپانیا یـان دامەزراوە بازرگانییەکانی جیهان دەبێ ئاگاداری ئەوە بن ئێران لە ڕێگەی ئەوانەوە دەستی بە دۆلاری ئەمریکی ڕانەگات.



ساڵی 2016 قەبارەی هەناردەی یەکێتیی ئەوروپا بۆ ئەمریکا نزیکەی 701 ملیار دۆلار بووە، بەڵام بۆ ئێران تەنیا 9.1 ملیار بووە

**کۆمپانیاکانی ئەوروپا دەبێ لە نێوان بەرژەوەندییەکانیان لەگەڵ ئێران یان ئەمریکا یەکێکیان هەڵبژێرن**



عارف قوربانی
arifqurbany@yahoo.com

# چۆن نیگەرانییەکانی هەڵبژاردن نەهێڵین؟

باشترین بژارە لە دۆخێکی وەک ئێستادا سەرلەنوێ ژماردنەوەی دەنگەکانە بەرێگەیەک کە بواری گومان نەهێڵێتەوە. ئەویش رێگەی بەدەست ژماردنە لەپێش چاوی چاودێرانی پرۆسەکە و تەنانەت میدیاکانیش

هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق لە هەلومەرجێکدا بەرێوەچوو، ئەو ئەنجامانەی لێی کەوتوونەتەوە بۆ خەڵکانێک کە خوێندنەوەی وردیان بۆ هەلومەرج و پێشهاتەکان هەبووبێت، تا ئەندازەیەکی زۆر چاوەڕوانکراو بوو. هەر لە کەمیی رێژەی بەشدارییەوە تا کۆی ئەو قسەوباسانەی لەبارەی سیستەمی ئەلیکترۆنی و کۆنترۆڵکردنی دەنگەکانەوە دەکرێن، پێش هەڵبژاردن وەک مەترسیەک قسەیان لەبارەوە کراوە.

ئەوەی پەیوەندی بە کەمیی رێژەی بەشداریی دەنگدەرانەوە هەیە، لە تەواوی پارێزگاکانی عێراق و بە بەراورد لەگەڵ هەڵبژاردنەکانی رابردوو، جۆرێکە لە دەربڕینی بێ ئومێدی خەڵک لە پرۆسەی سیاسی لە عێراق، چونکە هەڵبژاردن جیاوازییەکی گەورەی چینایەتی بەرهەم هێناوە، تا دێ ژیانی خەڵک خراپتر دەبێت و گوزەرانی پەرلەمانتار و دەسەڵاتدارانیش بۆ سەرەوە هەڵدەکشێ. هاووڵاتی باوەڕی بەوە نەماوە کە هەڵبژاردن هیچ گۆڕانکارییەک بەسەر ژیانی ئەودا بهێنێت، چەند کارەکتەر و دەموچاوێکی تری سیاسی دێن و دەبنە درێژکراوەی هەمان ئەو سیستەمەی کە تا دێت دەرفەتی ژیان و گوزەرانی هاووڵاتیان بەرتەسکتر دەکاتەوە.

لە خولەکانی رابردووشدا گومان لە پاکیی هەڵبژاردن هەبوو، بە ئاشکرا تەزویر دەکرا، دەیان هەزار ناوی دووبارە و چەندبارە هەبوون، بەناوی مردووەکانیشەوە دەنگ دەدرا، ئەنجامەکەشی وەک حاڵەتێکی ئەمری واقیع قبوڵ دەکرا، بۆیە بۆ ئەم خولەی هەڵبژاردنیش وەک هەڵبژاردنەکانی پێشوو چاوەڕوانکراو بوو کە تەزویر دەکرێت. چونکە تێپەڕینی هەڵبژاردنەکانی تر بەو جۆرە، یارمەتیدەرە بۆ ئەوەی لە خولەکانی داهاتووش پەنای بۆ ببردرێت. ئەوە خەڵکانێکی خۆشباوەڕ بوون کە بەهۆی دەستەبەرکردنی سیستەمی ئەلیکترۆنییەوە بەهاریان هێنابووە ئەژنۆ گوایە ئەمجارە هیچ دەرفەتێک بۆ گزی نەماوە و عێراقییەکان دەبنە خاوەنی هەڵبژاردنێکی پاک و بێگەرد.

ئەم سیستەمە ئەلیکترۆنیە پێشتر لە رووسیا و لە ئێران و چەند وڵاتێکی تر کاری پێکراوە، ئەنجامەکانیشی سەرباری ئەوەی نیگەرانی و گومانیشی چووبێتە سەر، پەسەند کراوە. دواجاریش لە ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بینیمان کە بەهەمان شێوە گومانی زۆر خرایە سەر پرۆسەی هەڵبژاردن کە رووسیا لە بەرژەوەندیی ترامپ یاری بە ئەنجامەکان کردبێت، لە ئاستی دەزگای هەواڵگریی وڵاتەکەدا لیژنە پێکهێنرا و ئەنجامەکەش ئەوەتا ترامپ سەرۆکی ئەمریکایە. بۆیە دروستکردنی ئومێد لەسەر ئەوەی کە هیچ دەرفەت و بوارێک نییە بۆ تەزویرات لە هەڵبژاردن، جۆرێکە لە خەیاڵ. کاتێک عێراق بریاری دا کار بەو سیستەمە دەکات بۆ هەڵبژاردنەکانی داهاتوو، لەگەڵ خۆشبینی بەشێکی زۆر لە هێز و لایەنە سیاسییەکان و هاووڵاتیان بەوەی کە نەزاهەتی هەڵبژاردن دەستەبەر دەکات، کەم نەبوون ئەوانەشی کە ترسیان لەوە هەبوو لە رێگەی هەندێ پرۆگرامینی کۆمپیوتەرییەوە بە ئاسانی دەتوانرێت ئەنجامەکان پێچەوانە بکرێنەوە.

ئەوەی ئێستا وەک نیگەرانییەک لە لایەن هەندێ هێزی عێراقی و کوردستانییەوە بۆ دەرئەنجامەکان دەیخەنەڕوو، ئەوەیە کە گومانیان لە ئەنجامە راگەیەنراوەکان هەیە و پێیانوایە سیستەمە ئەلیکترۆنییەکە خزمەتی چەند لایەنێکی ناو پرۆسەکەی کردووە لەسەر حسابی لایەنەکانی دیکە. بۆ کوردستان ئەوەی کە گرنگە ئەوەیە نیگەرانییەکان دەربارەی ئەنجامەکان لەناو هەرێم بێت و سکاڵاکان لەسەر ئەنجامەکانی کەرکووک نەبن. گرنگ بوو کورد بە هەر رێگەیەک بێت لە کەرکووک پارێزگاری لە پێگەی خۆی بکات. ئێستا ئەنجامە بەراییەکانی کەرکووک دڵخۆشکەرن و دەبێ هەموو حیزبە سیاسیەکانی کوردستان رێز لەو ئەنجامەی کەرکووک بگرن و نەکەونە بەرەی (بەرەی تورکمانی و عەرەبە شۆڤینییەکانەوە) بۆ تانەدان لە ئەنجامی هەڵبژاردن لە کەرکووک.

ئەوەی پەیوەندی بە سلێمانی یان تەواوی هەرێمی کوردستانەوە هەیە، ئاساییە هەر رێگەیەک بگیرێتە بەر بۆ زامنکردن و دروستکردنی دڵنیایی لە ئەنجامەکان، بەڵام پرسیار ئەوەیە ئایا دوای بەرێوەچوونی پرۆسەکە و راگەیاندنی ئەنجامی بەرایی، دەرفەت ماوە بۆ ئەوەی ئەم سیستەمە ئەلیکترۆنییە بکرێتە هۆکاری نەهێشتنی گومان؟ یاخود ئەمیش وەک ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی رابردوو بە تانە و ناڕەزایەتی چەند هێز و لایەنێکەوە وەک حاڵەتی ئەمری واقیع پەسەند دەکرێت و دەبێتە سەرەتایەکی تری مەترسیدار بۆ ئایندەی حوکمڕانی لە عێراق و کوردستان.

بەڕای من ئەوە ئەگەرێکی دوورە کە لایەنە براوەکانی هەڵبژاردن بەوە رازی بن دان بە ئەنجامەکەیدا نەنرێت و بیر لە هەڵبژاردنێکی تری پێشوەختە بکرێتەوە وەک هەندێک لە هێزە سیاسییە نارازییەکان داوای دەکەن. لەبەر ئەوەش کە لە هەندێ بازنەی هەڵبژاردن ئەنجامەکان زۆر پێچەوانەی واقیعی دەنگدەر و پێگەی هێزە سیاسییەکانن، ئەوەش ئەگەرێکی دوورە کە ئەو هێزانە هەروا بە ئاسانی قبوڵی ئەنجامی هەڵبژاردنەکە بکەن و تەنها بە تانەدان لە ئەنجامەکان و تۆمارکردنی سکاڵا کۆتایی بێت. بۆیە مەترسی ئەوە دەکرێت ئەم سیستەمی ئەلیکترۆنییە ببێتە هۆکاری نائارامی و سەرهەڵدانی توندوتیژی لە چەند ناوچەیەکی عێراق و کوردستان.

بۆ ئەوەی بەریەککەوتن روونەدات، لەبەر ئەوەش کە دووبارە ئەنجامدانەوەی هەڵبژاردن کارێکی زەحمەتە، دەکرێت بیر لە رێگەی سێیەم بکرێتەوە کە ئەویش تەنیا دووبارەکردنەوەی بەشێکی پرۆسەکەیە. ئەم سیستەمە ئەلیکترۆنیە خزمەتێکی باشی کردووە لە پاککردنەوەی تۆماری دەنگدەران، ئێستا کەس گومانی ئەوەی نییە کە ناوی دووبارە و چەندبارە هەبن، هەروەها کەس گومانی لەوە نەماوە کە لەبری مردووان دەنگ درابێت. واتا تا خستنە ناو سندوقی دەنگدانەوە دەکرێت بڵێین بێگەردترین پرۆسەی هەڵبژاردنە لە عێراق کرابێت. ئەوانەی گومانیان هەیە، سکاڵایان لە قۆناغی کۆتایی پرۆسەکەیە کە ئەژمارکردنی دەنگەکانە. کەواتا ئەگەر ئەژماری دەنگەکان بە بێگەردی بکرێت، هیچ گومانێک لەسەر هەڵبژاردنەکە نامێنێتەوە.

بۆیە باشترین بژارە لە دۆخێکی وەک ئێستادا سەرلەنوێ ژماردنەوەی دەنگەکانە بەرێگەیەک کە بواری گومان نەهێڵێتەوە. ئەویش رێگەی بەدەست ژماردنە لەپێش چاوی چاودێرانی پرۆسەکە و تەنانەت میدیاکانیش. ئەگەر ئەمە بکرێت، دەبێتە هەڵبژاردنێکی پاک و بێگەرد، ئەوکات کەس ناتوانێ تانە لە ئەنجامەکانی بدات. چونکە هەموو قۆناغەکانی تری پرۆسەکە بە سیستەمی ئەلیکترۆنی، یارمەتیدەرێکی گەورە بووە بۆ پاراستنی نەزاهەتی هەڵبژاردن، بەرێوەچوونی قۆناغی کۆتایی پرۆسەکەش بەشێوازە تەقلیدیەکەی، دەبێتە یارمەتیدەر بۆ تەواوکردنی قۆناغەکانی تری پرۆسەکە کە بەسیستەمی ئەلیکترۆنی بەرێوەچووە.

ئەگەر کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان و لایەنە سیاسییەکانی عێراق ئەم رێگەیە بگرنەبەر بۆ دڵنیابوون لە ئەنجامەکانی هەڵبژاردن، خزمەتێکی گەورە بە دروستکردنەوەی متمانە دەکەن بۆ داهاتووی عێراق و رێگەش لە ناسەقامگیری و پشێویی وڵات دەگرن. ئەگەر پێچەوانەکەشی بگرنەبەر، رەنگە وەک زۆر حاڵەتی تری نادروستی پرۆسەی سیاسی و حوکمڕانی لە عێراق و کوردستان ئەمیش تێپەڕێت، بەڵام بەدڵنیاییەوە لێکەوتە خراپەکانی لە ساڵانی داهاتووی پرۆسەی سیاسیدا لە عێراق و کوردستان، نەک هەر هاووڵاتیان، بگرە هێزە سیاسییەکان خۆشیان باجی قورسی دەدەنەوە.

---

زانا ئیبراهیم*

# ئەنجامە بەراییەکانی هەڵبژاردن:
# سورپرایز و سەرهەڵدانی ئاڵۆزی

وا دیارە کە دەرکەوتنی نەوەی نوێ لەو ئاستەدا سزادانی ئۆپۆزیسیۆنی نەریتییە و پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییەیە کە پاش قەیرانی بێ رێبەری لای گۆڕان دروست بووە

هەڵبژاردن وەک یەکێک لە پایەکانی دیموکراسی لە هەمان کاتدا پۆتێنسیاڵی ئەوەی تێدایە لەبری بەرەو سەقامگیری و چەسپاندنی پرەنسیپی فرەیی سیاسی و دەستاودەستی دەسەڵات، ریسک دروست بکات و شڵەژانی کۆمەڵگە و دامەزراوە سیاسیەکانی لێبکەوێتەوە. ئەوەی لە چرکەساتە سەرەتاییەکانی راگەیاندنی ئەنجامەکانی هەڵبژاردندا بینیمان، ئەو پەیامەی پێداین. بەتایبەت ئەمە ئەگەر ئەو سیناریۆیە درووست بێت کە لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆن بانگەشەی دەکەن، ئەویش ئەگەری هاککردن و دەستکاریی ئەنجامەکانە. سەرباری ئەمە، ئاست و راددەی بەشداریی بەو رێژە کەمە جێگەی سەرنجەو دەبێت دەست بۆ هۆکارەکانی ببرێت.

هەڵبەت بەهۆی جیاوازبوونی هەڵبژاردنی ئەمجارە لەچاو هەڵبژاردنەکانی 2010 و 2014 کە هۆکارەکانی زیاتر خۆیان دەبیننەوە لە دروستبوون و هاتنە سەر تەختەی سیاسی هەندێک قەوارە و لیستی تازە، دۆخی کوردستان دوای پرسی گشتپرسی و لەدەستدانی بەشێکی زۆر لە هێزی خۆی لە ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان. ئەم هەڵبژاردنە چاوەڕوانکراو بوو کە ململانێی زیاتر بەخۆیەوە ببینێت، هەروەک بینی، چ لە قۆناغی بانگەشە و چ لە راگەیاندنی ئەنجامە بەراییەکانی. بەشێکی زۆر لە قەوارەکان راستەوخۆ تانەیان لە ئەنجامەکان داو رایانگەیاند کە ئەنجامەکان دوورن لە راستیەوە و دەبێت بە شێوازی دەستی دووبارە هەژماری دەنگەکان بکرێنەوە. وەک دەزانین لە هەڵبژاردنی ئەمجارەدا 6990 پاڵێوراو لە چوارچێوەی 88 لیست و قەوارەی سیاسیدا خۆیان کاندید کردووە بۆ بەدەستهێنانی 329 کورسی پەرلەمانی.

بە سەیرکردنی ئەنجامە بەراییەکان، پرسیاری ئەوە دێتە پێشەوە کە چی چاوەڕوان دەکرا و چی روویدا؟ ئایا هەر بەڕاستی ئەنجامەکان بەرهەمی کێشەی تەکنیکی و ساختەکاریی ئەلیکترۆنین یان حاڵەتێکی چاوەڕوانکراو بوون؟ ئایا سورپرایزەکانی هەڵبژاردن چی بوون بە پێچەوانەی چاوەڕوانیەکانەوە، ئایا هەڵبژاردنەکە موفاجەئەی بەخۆیەوە نەبینی؟ و هۆکاری کەمیی ئاستی بەشداری لە دەنگدان چی بوو؟

وا چاوەڕوان دەکرا، قەوارە و لیستە کوردییەکان لە میانەی رکابەرییان لەگەڵ یەکدی بەشێوەی زۆر دراماتیک گۆڕان لە ئاستی دەنگ و جەماوەریاندا روونەدات، بەڵام ئەوەی بینیمان، جگە لە دوو لیستی بەهێز و مێژووی دەسەڵات (پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی) سەرجەم ئەنجامەکان جۆرێک لە نائۆرماڵبوونیان پێوە دیار بوو تا ئاستی ئەوەی هەندێکیان شۆکهێنەر بوون.

ئەگەرچی پێشتر پێشبینیکراو بوو یەکێتی نیشتیمانی پارێزگاری لە دەنگەکانی خۆی بکات و بەردەوام بێت لە بەرزبوونەوەی ئاستی، بەڵام هەروەک لە سەرەتادا ئاماژەمان پێکرد، هەندێک لە قەوارە سیاسییەکان دەستکاریکردن و گۆڕانکاریان لە ئەنجامەکاندا لەڕێی هاککردنی پرۆگرام و سیستمی هەڵبژاردنەکە بۆ بەرژەوەندی لایەنێکی دیاریکراو بە دەستێوەردانی هەرێمایەتی زانی. هەرچەندە ئەم هێزانە هەر خۆیان لەسەرەتاوە و لەبانگەشەی هەڵبژاردندا باسی ئیجابیاتی سیستمی تازەی هەڵبژاردنیان دەکردو پێیان وابوو کە ئەم سیستەمە نوێیە بواری ساختەکردن ناهێڵێتەوە، کەچی دواتر رایانگەیاند قەبارەی ساختەکردنەکە زۆر زیاتر بووە و ئەنجامەکان بە تەواوی دەستکاری کراون. ئەمە دەکرێت ئەگەرێک بێت، هەرچەندە یەکلابوونەوەی ئەنجامەکانی داهاتوو و راگەیاندنی فەرمی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان و پێشهاتەکانی تر، وێنەکە بە تەواوی روون دەکەنەوە.

جگە لە یەکێتی نیشتمانی هیچکام لە هێزەکانی تر لە پارێزگاری سلێمانی بڤە ئەنجامەکان دڵشاد نەبوون. سورپرایز ئەوە بوو کە زۆر لەوان تەنانەت بە هیچ شێوەیەک دەنگەکانی ئەندامانی خۆیان و دەنگەکانی پێشتریان نەهێنایەوە، رەنگە تەنانەت نەتوانن کورسیەک مسۆگەر بکەن. ئەمە لە کاتێکدا یەکێک لە شتە چاوەڕواننەکراوەکان هێنانی دەنگێکی تا رادەیەک زۆر بوو لەلایەن قەوارەیەکی نوێی وەک نەوەی نوێ.

## قەیرانی رێژەی بەشداری:

یەکێک لەو خاڵانەی راستەوخۆ پێویستی بە لەسەر وەستانە، رادە و رێژەی بەشداریی دەنگدەرانە کە بەپێی راگەیەنراوی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان لە کوردستان تەنیا 50.6% بووە، هەڵبەت دەبێت ئەوەمان بیرنەچێت دابەزینی رێژەکە لە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی یەکێتی تا ئەوپەڕی بەخۆیەوە بینی، بە پێچەوانەوە لە هەندێک ناوچەی ژێر دەسەڵاتی پارتی ئاستێکی بەرزی تۆمار کرد (لە دهۆک و سێمێل نزیک بووەوە لە سەرووی 70%).

نزمیی ئاستی بەشداری دەکرێت هۆکاری زۆر بێت، بەڵام دیارترینیان هاوشێوەی هەڵبژاردنەکانی لوبنان (49.2% ) تووڕەیی و بێزاریی بەشێکی خەڵکە لە نوخبەی سیاسی. دەنگدەر دووچاری بێزاری و نائومێدی هاتووە، وا بیر دەکاتەوە کە دەنگی ئەو هیچ لە هاوکێشەکە ناگۆڕێت. هەمان حاڵەت لە لوبنان روویدا، بەپێی گوتەی وەزیری ناوخۆی لوبنانی، نزیکەی تەنها نیوەی ئەوانەی مافی دەنگدانیان هەیە لە لوبنان دانگیان داوە. هەمان حاڵەت لە عێراق و کوردستان دووبارە بووەوە، بەتایبەت رێژەکە لە کەرکووک بۆ کورد گەیشتە ئاستێکی قەیراناوی 30%. چاوەڕوان دەکرا لەو شوێنانەی کە شەڕی ناسنامە هەیە بەشداری خەڵک گەرموگوڕتر و زیاتر بێت، بەڵام لەم بارەشدا پێچەوانە دەرچوو.

هۆکارەکان بەگشتی دەگەڕێنەوە بۆ تووڕەیی خەڵک، بەتایبەت گەنجان و ئەو نەوەیەی تازە و بۆ یەکەمجارە بەشداری هەڵبژاردن دەکەن. تووڕەیی ئەوان لە نوخبەی باوی سیاسی و دەموچاوی دووبارە. وا دیارە کە دەرکەوتنی نەوەی نوێ لەو ئاستەدا سزادانی ئۆپۆزیسیۆنی نەریتییە و پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییەیە کە پاش قەیرانی بێ رێبەری لای گۆڕان دروست بووە. لە هەڵبژاردنی ئەمساڵی عێراقیشدا زیاتر لە سێ ملیۆن دەنگدەری تازە (400 هەزار لە کوردستان) هەبوون کە ئەمساڵ مافی دەنگدانیان هەبووە. هەربۆیە لە ئەنجامە بەراییەکاندا، لیستێک کە هاتە ناو نەخشە سیاسیەکەوە و رێژەی دەنگەکانی ئاستێکی بەرزی تۆمار کرد، ئەو لیستە بوو کە گوتاری ئەو نەوەیەی بەکاردەهێنا (نەوەی نوێ). ئەم قەوارە نوێیە زۆر ئاکتڤانە میدیای تازەی بەکارهێنا، بەشێکی سەرکەوتنی دەگەڕێتەوە بۆ کارکردن لەسەر میدیای تازە و رۆڵی سۆشیاڵ میدیا لە جێگیرکردنی دیدی نەوەی نوێ. ئەگەرچی رۆڵی ئەم میدیایە زۆر جار نادیدە دەگیرێت.

## ئەنجام

لە یەکەم بینینی ئەنجامە بەراییەکاندا بەم ئەنجامگیرییەی خوارەوە دەگەین:

1 – دەردەکەوێت ئەو هێزانەی جومگە سەرەکیەکانی دەسەڵاتیان بەدەستەوەیە، پارێزگارییان لە دەنگ و مانەوەی خۆیان کرد، هەڵکشان لە ئاستی دەنگەکانیان دەبینرێت.

2- بەشێک لە دەنگەکانی ناوچەی خۆڵەمێشی یەکلایی نەبوونەوە بۆ هیچ لایەنێک، بەتایبەتی لە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی یەکێتی بایکۆتی پرۆسەکەیان کرد و ئەمەش بە زیانی ئۆپۆزسیۆن تەواو بوو.

3- دەرکەوتنی فۆرمێکی تر لە ئۆپۆزسیۆن و تێپەڕاندنی ئۆپۆزسیۆنی نەریتی. دەرکەوت ئەوانەی ئاکتیڤانە بەشداری پرۆسەکەیان کردووە لە پای سزادانی نەریتیەکان و ئایدیۆلۆژییەکان بوون و بەدوای ئەڵتەرناتیڤێکدا دەگەڕێن کە مژدەی ژیانێکی باشتریان پێدەدات.

4 – هۆکارێکی کەمیی رێژەی بەشداریی کێشەی تەکنیکی بوو کە هەر لەسەرەتاوە و لە رۆژی دەنگدانی تایبەتەوە بووە هۆی هێواش بەرێوەچوونی پرۆسەکە و بێبەشبوونی چەندین دەنگدەر بەهۆی کێشە لە ناوەکانیان یان نەبوونی کارتی بایۆمەتری.

5– نەبوون و نەمانی متمانە لەلایەن دەنگدەرەوە بە لایەنە سیاسییەکان و بڵاوبوونەوەی رەشبینی و گەیشتن بەو شێوازە لە بیرکردنەوە کە هەڵبژاردن پرۆسەیەکی پووچ و بێ کاریگەرییە.

6– لە کۆتاییدا ئەوەی پێشبینی دەکرێت، ئەوەیە شەپۆلی ناڕەزایەتی سیاسی سەرهەڵبداتەوە، بە تایبەت لە زۆنی دەسەڵاتی یەکێتی و ماوەیەک ناسەقامگیری سیاسی دروست ببێتەوە کە ئەمەش لە دواجاردا کاریگەری راستەوخۆی دەبێت لەسەر رۆڵی کلیلیی کورد لە دانوستاندنەکانی پێکهێنانی حکومەتی داهاتووی عێراقدا. چونکە زەحمەتە بتوانن بە یەک فراکسیۆن و هاودەنگ و هاوگوتار بڕۆنە ناو دانوستاندنەوە.

*توێژەر لە ناوەندی لێکۆڵینەوەی رووداو

ئەم وتارانە گوزارشت لە رای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی رووداو نین.



ڕێبوار کەریم وەلی
rebwar.karim@rudaw.net

# هەی ساختەچی!

1

هـەر کـەس و لایەنێک کـە تەدەخولیان لە پرۆسـەی هەڵبژاردنی ئەنجومەنـی نوێنەرانی بەغـدا لـە سـلێمانی، هەڵەبجـە و گەرمیاندا کردبێت، زۆر ناشـییانە ئاویان کردۆتە ئاشـی پارتییـەوە. هـەر لـە سـەرەتاوە دیـار بوو کە ئـەو ئەنجامانە قابیلی دەسـتکاریکردنن و کـەس بەقـەدەر یەکێتی (ئەڵبەتـە باڵـی ماڵبـات) چاوەڕێـی ئەو فریادڕەسـە نەبـووە. جـارێ دیـار نییە ئـەو خەرقە لە کوێـوە کـراوە، لـە ناوخـۆوە بـووە یان لە دەرەوەڕا؟ بـەڵام ئەوەی ئاشـکرایە ئەوەیە کـە هەمـوو حزبەکانی سـلێمانی بـە گیانی یەکتـری وەربوونـە. هەژمکردنـی ئەوەی لە زۆنـی ڕەنگاوڕەنگـدا ڕووی داوە، بۆ پارتی ئاسـانە و تەنهـا لـە دەسـتدانی یـەک یان دوو کورسـییە، پارتی پێشتریش چاوپۆشی لـە دوو کورسـیی کەرکووک کردبـوو، بۆیە ئەمجـارە بـە قەبوڵکردن و چوونـە بنباری باجـی دۆڕاندنیـش بێـت لـەو ناوچانـەدا، حزبەکانی سـلێمانی و یەکێتـی بەرەوڕووی یەکتـری کردنـەوە. بـۆ خـۆی تەحەمولی دۆڕانـی کرد، بـەڵام دۆڕاوەکانی دیکەشـی تێکبەردا.

ئەوە شـتێکی چاوەڕواننەکـراو نەبوو کە باڵـی ماڵباتـی یەکێتی لـەو هەڵبژادنانەدا، پاداشـتی خیانەتـی 16ی ئۆکتۆبـەر وەرنەگرنـەوە، بـەڵام لەوەیانـدا، حزبەکانی سـلێمانی کـە ئێسـتا زیرەیان لێهەسـتاوە، تاوانباری سـەرەکین و دەبـێ باجی رابردوو بـدەن. کاتێک باڵی ماڵبـات خیانەتیان کرد و کەرکوکیـان فرۆشـت، ئـەو حزبانـە نەک نوقڤەیـان لێوە نەهات، بگرە لە سـەختترین بارودۆخـدا کـە پێشـمەرگەکانی پارتـی لە پردێ، تەلسـقۆف و سـحێلا بـۆ بەرگری لە کەرامەتـی میللەتی کورد شـەهید دەبوون، ئـەوان پێش سـوپای شیعە کەوتبـوون بۆ داگیرکردنـی هەولێـر و دهـۆک، ئـەوان لە سـلێمانییەوە داوای رووخاندنـی حکومەتی هەرێمـی کوردسـتانیان دەکـرد! هەمـوو فیکەی سمێڵیان دەهات کە توانیویانە شکۆ و هەیبەتـی پارتـی و بارزانـی بشـکێنن و ڕێگر بن لەوەی کە سـەربەخۆیی کوردستان لەسەر دەسـتی بارزانی بێتەدی. ئینجا هەر هەموویـان لـە جیاتـی ئەوەی سـەرکۆنەی خیانـەت بکەن، هەرچی روویـدا، هەموویان لەسـەر پارتـی و ریفرانـدۆم کـردە مـاڵ و چاویـان ئەو خیانەتـە گەورەیـەی نەبینی. بۆیە موستەهەقن!

لە سـنووری پارتی هەڵبژاردنێکی پاک و بێگـەرد بەڕێوەچـووە و هەموو ئەو ئەنجامە بەراییانـەش کە بەدەسـت هاتوون نیشـان دەدات کـە لایەنـەکان، زۆر لـە حەجمـی راسـتەقینەی خۆیـان نزیکـن و، پارتیـش بێمنەتـە لـەوەی کە لە سەرانسـەری عێراق دەنگەکان بەدەست بژمێردرێنەوە.

# سەرەتایەکی مەترسیدار

2

حەجمی راسـتەقینەی یەکێتی نیشتمانی ئەو دەنگانـەن کە لـە سـنووری پارێزگاکانی هەولێر و دهۆک بەدەسـتی هێناون، ئەگـەر بەراوردێکی سـەرپێیی بکرێت لەگـەڵ دەنگەکانی یەکێتی لە هەڵبژاردنەکانـی 2013 و تەنانـەت 2014ش لـە هەرێمی کوردسـتان، دەنگەکانـی لە هەولێر و دهـۆک نزیکن کە تا ئێسـتا (دیارە بەپێی ئەو ئەنجامە بەراییانەی کە راگەیەندراون) بەدەسـتی هێنـاون. ئەوەش لەکاتێکدایە کە لە زۆر ناوچەی کوردسـتان سـەرباری ئەوەی کە یەکێتی دەنگی لـێ جیابووەتـەوە بـە ڕێـژەی سـەد لەسـەد و هەندێـک شـوێن زیاتریـش، دەنگەکانـی زیادی کـردووە! دەشـێ بزووتنەوەی گـۆڕان هەندێک لە دەنگەکانی لەدەسـت دابێت، بەڵام نەک بەو ڕاددە دراماتیکییـە کە دەبینرێ. لێرەدا قسـە لەسـەر ئـەوە نییە کە یەکێتـی و بەتایبەتیش بنەماڵـەی جـەلال تاڵەبانـی و برایـم ئەحمەد پاداشـت کراون، بگـرە گرفتەکـە لەوەدایە کە چەند مانگێکی دیکە لەسـەر ئاستی پەرلەمانی کوردسـتانیش هەڵبژاردن هەیە. دوو ئاراسـتە لـەو بابەتـەدا هەن کە یەکەمیـان ئەوەیە باڵی ماڵباتـی یەکێتی پێش ئـەوەی هیچ ئەنجامێک راگەیەندرابێـت، خۆیـان لـەو سـەرکەوتنەی یەکێتـی کـردە خـاوەن. ئەگەرچـی یەکێتـی لەسـەردەمی جەلال تاڵەبانییەوە لە 1992وە تا ئێسـتا هەمیشە لە پاشەکشە و دۆڕاندا بووە و، ئەمجارە بەسـەرکردایەتی کۆسرەت ڕەسوڵ ئەو سـەرکەوتنە رادەگەیەنن، بەڵام جووت (زڕ) ئامۆزاکە براوەی هاوکێشەی ناوخۆیی یەکێتین. بەواتایەکـی دیکـە لێرە بە دواوە دەسـتیان بۆ بەستنی کۆنگرە و دەستبەسەرداگرتنی یەکێتی بەهەمان ڕێکارەکانی ئێستا واڵا دەبێ.

ئاراستەی دووەم ئەوەیە کە ئەوە دووەمجارە بەغدا و تاران نایەڵن بنەماڵەی تاڵەبانی بکەون. لێرەدا ئەگەرچی تەڵەیەکی گەورەیان بۆ پارتی نابووەوە، بـەڵام پارتی زیرەکانە نەکەوتە داوی تەزویـرەوە و تـا ئێسـتاش کـەس گلەیـی لە ئەنجامـەکان لە زۆنـی زەرد نییە و خروقاتێکی ئەوتـۆش تۆمار نەکراوە. باڵی ماڵباتی یەکێتی لەمەودوا هەم دەبنەوە شـەریکی حوکمڕانی لە بەغدا و هەمیش لە هەڵبژاردنێکی پاک و بێگەرد کە لە داهاتوودا لە کوردسـتان بەڕێوە بچێت و توانـای تەزویریان نەمێنێ، کۆی پرۆسـەکە لە کوردسـتان دەبەنە ژێر پرسیارەوە و وا دەکەن وای نیشـان بـدەن پارتـی تەزویـری کـردووە و شـەرعییەت بـۆ هەڵبژاردنەکانـی داهاتووی کوردسـتان نەهێڵنەوە، یانیش بەو ئەنجامانەی کـە لە بەغـداوە پێیان بەخشـراوە، پێکهاتەی حوکمڕانی لە کوردسـتاندا بۆ چوارساڵی دیکە بۆخۆیان مسۆگەر بکەن.

# پۆستی سەرۆککۆمار بۆ پارتییە

3

یەکێتی چەندی دەنگ و کورسیشـی هێنابێـت دەکاتـە نیـوەی ئـەوەی کە پارتی دەیهێنێت. لە ئێستاشـەوە دیارە کـە تەرەفی دانوسـتانکار بۆ حکومەتی داهاتـووی بەغدا پارتییـە نەک یەکێتی. بـە حوکمـی ئـەوەی جارێ پۆسـتی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان نەماوە، مامەڵەکـەی جارانی پارتی و یەکێتی بە هەڵوەشـاوە لەقەڵـەم دەدرێت. چونکە لـە رابردوودا ئەو دوو پۆسـتە موقابیلی یەکتـری بوونـە و، ئێسـتا پارتـی هیچ موبەڕیرێک نابینێت بـۆ ئەوەی جارێکی دیکە کەسـێکی وەکو لەتیف ڕەشـید و ژنەکەی بکاتە سەرۆک و خانمی یەکەمی عێـراق. ئەمریکا، ئێران و شـیعەکان بۆ پێکهێنانـی حکومەتی داهاتـووی عێراق چەندە پێویسـتیان بە بەشـداریی کورد بێـت، دوو ئەوەنـدە پێویسـتیان بـە بەشداریی پارتییە کە نەک لە کوردستان، بگرە لـە ناوچەکانی دەشـتی نەینەوا و کریسـتیانەکانیش هێزی یەکەمە. پارتی بۆ ئەو پۆسـتە کاندیدیشی حازرە ئەگەر لەناوخۆی خۆشی نەبێت، بە دڵنیاییەوە بۆ یەکێتی نابێت.



ڕابەر تەڵعەت

# هەڵبژاردن لە سێبەری کاریزمادا

ئەم چەمکە سۆسـیۆلۆژییە بـۆ یەکەمجار لـە سـەرەتای سـەدەی بیسـتەمدا لەلایـەن سۆسیۆلۆگی ئەڵمانی ماکس وێبەر بەکارهاتووە. کاریزمـا لەلای وێبـەر کەسـایەتییەکە خاوەن تایبەتمەندیی جیاواز لە مرۆڤێکی ئاسـایی. لە ڕوانگەی خەڵکەوە کەسـێکی تاک و دەگمەنە، تواناییەکانی لەسـەرووی ئاساییەوەن، خاوەنی سـوپەرپاوەرە و لەسـەروو سروشـتەوەیە، خەڵکیش شوێنی کەوتوون نەک لەبەر ئەو یاسا و شەریعەتانەی کە ئەو دایهێناون، بەڵکو لەبەر ئەوەی کە بە ڕەهایی باوەڕی پێدەکەن.

سـەرکردەی کاریزمایی، مـەرج نییە هەموو ئـەو سـیفەت و خەسـڵەتانەی تێـدا بێت کە شـوێنکەوتووانی دەیدەنە پاڵی، هەروەک چۆن گرنگیـش نییـە کە ئامانج و دیدگای سیاسـی سەرکردەی کاریزمایی چییە، چۆن بیردەکاتەوە. هیتلەر و ستالین کاریزما بوون، هەروەها مارتن لۆتـەر کینـگ، گانـدی و نیلسـۆن ماندێلاش سـەرکردەی کاریزمی بوون. گرنگیش نییە کە ئاخۆ زۆرینەی زۆری خەڵک شـوێنی کەوتوون یان نا، زۆرینەی خەڵک باوەڕیان پێی هەیە یان نا، بەڵکو ئەوەی گرنگە ئەوەیە کە لایەنگران و شوێنکەوتووانی بە کاریگەرترین و دەگمەنترین سەرکردەی مێژووی دەزانن، لایەنگرەکانی وەک سەرکردەیەکی سەرووسروشت چاوی لێ دەکەن و بە کاریزمای دەزانن.

سـەدەی نۆزدە و بیسـت، یەکێک لە سیما دیارەکانی دەرکەوتن و کاریگەریی سـەرکردە کاریزماییەکانە، بەهۆی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا و ئامرازەکانـی گەیانـدن و بڵاوکردنـەوە و ڕاگەیانـدن، بەهـۆی گەشـەکردنی شـارەکان و گۆڕانـکاری لـە نەخشـەی دانیشـتوواندا، کەسانێکی سیاسی، سەرکردەی ڕەوتە فیکری و ئایدیۆلۆژییـەکان، بزووتنـەوە و جوڵانـەوە جەماوەرییـەکان، توانیان بـە خێراترین ڕێگا پەیوەندی لەگەڵ خەڵک و جەماوەر دروسـت بکەن، لەڕێگای دەرکەوتن و گوتار و ئامادەیی دەنـگ و ڕەنگـەوە، کاریگەری لەسـەر دڵ و ئەقڵی جەماوەرێکی بەرفراوان دروست بکەن، جڵەوی ڕووداوەکانی سـەردەمی خۆیان بگرنە دەسـت، ڕێڕەوی مێـژووی مرۆڤایەتی بگۆڕن. ئەوان کاریزما بوون، چونکە توانییان لەڕێگای بەکارهێنانـی میکانیزمەکانـی ڕاگەیانـدن و دەرکەوتن و پروپاگەندەوە بۆ بیروباوەڕەکانیان، لایەنگرەکانی خۆیان بگەیەننە ئەو باوەڕەی کە ئـەوان ناتوانـن هەبن ئەگەر سـەرکردەکەیان نەبێـت، ژیان و خۆشـگوزەرانیی ئـەوان تاکە یـەک سـەرچاوەی ئیلهامـی هەیـە، ئەویش خـودی سـەرکردەکەیان و بیرکردنـەوە و ڕەفتارەکانیەتـی، هەر لەبـەر ئەمەش کاریزما ترسناکە، چونکە پێیەکی لەناو فاشیزمدایە.

ئەمڕۆ لە سەردەمی جیهانگیریدا، لەسایەی ئامادەیـی فراوانـی میدیـا و ئامرازەکانـی پەیوەندیـدا، لە هەمووشـیان گرنگتر بەهۆی تـۆڕە کۆمەڵایەتییەکانـەوە، کاریزمـا لـە قۆناغێکـی دیکـەی ژیـان و بەردەوامیدایـە. فەیسبووک، تویتەر، یوتیوب و ئینستاگرام و هتـد، یەکەم: بە هەزاران کاریزمایان لە بواری جیاجیـادا خوڵقانـدووە، هەر لە فاشـیۆن و مەیکئەپەوە بگرە تا دەگاتە هەموو بوارەکانی دیکەی بزنس و سیاسـەت و زانسـت، هونەر و میوزیـک، هەیانـە لەسـەر ئاسـتی جیهان لایەنگری هەیە، لە روخسارییەوە تا جلوبەرگ و هەڵسـوکەوتەکانی بـووە بـە مۆدێـل و خەڵکانێـک پەیـڕەوی لێ دەکـەن، هەریەکە لەوانـە کاریزمـان لە بـواری خۆیاندا، چونکە لایەنگرەکانیان بەڕەهایی باوەڕیان پێیان هەیە و چاویـان لێ دەکەن و لاسـاییان دەکەنەوە. دووەم: تەمەنـی کاریزمـا بـۆ دوای مردنیش درێـژ دەکەنەوە. نەک هەر ئەوەندەش، بەڵکو هێزی سۆشیال میدیا و تەکنەلۆژیای زانیاری و مارکێتینگ، هێندێـک جار دەتوانێت چەند بەرابەر لە قورسایی و کاریگەریی ئەو کاریزمایە لەنێو لایەنگرەکانـی زیاد بکات، بەتایبەتیش بۆ سـەرکردە سیاسـییەکان. سـەرکردەکان دوای مردنیـش لە خەڵـک و لایەنگری خۆیان دانابڕێن، بەڵکو ڕۆژانە لە ڕێگای وێنە و ڤیدیۆ و نووسـراوەکانیانەوە، لـە ڕێـگای گوفتار و بەسەرهاتیانەوە، وتە و چیرۆکەکانیان، لەسەر شاشـەی تەلەفزیۆنـەکان و ڕووپەڕی ڕۆژنامە و سـایتەکان و کاریگەرترینیشیان لەناو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانـدا ئامـادەن و دەبینرێـن و هەسـت بە بوونیان دەکەی. وەک بڵێی ئەوان لە هەموو شـوێنێکن و لە هیچ شوێنێکیشـدا نین.

مەسـعود بارزانـی، جـەلال تاڵەبانـی، نەوشـیروان مسـتەفا، سێ کەسـی یەکەمی ئەو سـێ لایەنە سیاسـییە کـە هەریەکەیان بەجیـا بۆ هەڵبژاردنەکانـی ئەمجارەی عێراق لیسـتیان هەبوو، جگە لە بارزانی، ئەوانی تر دیـار نین، چونکە لە ژیاندا نەماون. بارزانیش بەهۆی ئەنجامـی ریفراندۆمەوە، بەجۆرێک لە ژیانی سیاسیدا، یاخود لە دەرکەوتنی گشتیدا پاشەکشـەی کـردووە. لـە کاتێکدا کەسـی یەکەمی حیزبەکان کاریگەریی راسـتەوخۆیان لەسەر دەنگدەران و لایەنگرانیان هەیە.

ئەو سـەرکردانە، خۆیان لەنـاو جەماوەردا نیـن، بـەڵام کاریزمای ئـەوان لەڕێـگای ئەو میکانیزمانـەوە کە لە سـەرەوە ئامـاژەم بۆ کرد، سێبەری هەیە بەسەر هەڵبژاردنەکانەوە. چونکـە ئـەو کاریزمایـە دەتوانێـت ئیدارەی ناکۆکییـەکان بـدات و لایەنگرەکانی لەسـەر هێڵێـک کۆبکاتـەوە و پەیوەندییەکـی راستەوخۆی قووڵ و سۆزداری لەگەڵ جەماوەر دروست بکات، بۆیە ڕۆڵی کەسی یەکەمی ئەو حیزبانـە لەم هەڵبژاردنـەدا گرنگتر دەبوو بە ئامادەبوونی خۆیان، لە غیابیشیاندا کاریزمای ئەوان لە ڕێگای میدیاکانەوە سێبەری کێشاوە بەسەر کەشوهەوای بانگەشـەی هەڵبژاردندا. چونکە گوتار و سـتراتیژی سیاسـی لەسـەر زمانـی ئەوانـەوە خێراتـر و گەرموگوڕتـر دەکات، بۆیە نەمانی ئەوان کاریگەری لەسـەر حیزبەکانیان هەبووە، بەڵام تەحەدای بەردەم حیزبـە سیاسـییەکان ئێسـتا ئەوەیـە چۆن بتوانـن لە غیابـی کاریزمـادا بگوازنـەوە بۆ قۆناغی دامەزراوەیی. دوای هەڵبژاردنەکانیش لە پرۆسـەی دانوسـتاندنەکاندا لەگەڵ لیستە براوەکانی بەغدا، هەریەک لەو حیزبانە دەبێت بەشـێوەیەکی دامەزراوەیی کار بۆ ئەوە بکەن شوێنی سـەرکردەکانیان پڕ بکەنەوە، ئەگەر کاریزما ئامادەیی نەبوو کە دەیتوانی سەرجەمی ناکۆکـی و لێکدژییـەکان لە دەسـتی خۆیدا کۆبکاتـەوە و هەر خۆیشـی بڕیاری کۆتاییان لەسـەر بدات، ئـەوا دەبێت حیزبـەکان لەوە تێگەیشـتبن کە ئەوەی شوێنی ئەو کاریزمایە پڕدەکاتـەوە دامەزراوەیـە نـەک تاکەکـەس. سـێبەری کاریزما هەرچەند کاریگەریش بێت، بـەڵام دواجار ناتوانێت ببێت بە کردە و بڕیار بـدات، چونکـە بڕیار جا چ لەسـەر ئاسـتی ناوخۆی حیزبەکان بێت یان لەسـەر ئاسـتی هەرێمی کوردستان و عێراق، بریتییە لە پرۆسە و فاکـت و مامەڵەکردن لەگەڵ واقیع، ئەویش پێویستی بەو کەس و دامەزراوانە هەیە کە لە مەیدانەکەدا ئامادەییان هەیە.



دەیڤید ڕۆمانۆ*

# ئەوەی لە عەفرین ڕوودەدات جینۆسایدە؟

ڕۆژی 24ی نیسـان سـاڵیادی جینۆسایدی ئەرمەنەکان و هۆلۆکۆسـتی جـووەکان بوو لە هـەردوو جەنگـی یەکەم و دووەمـی جیهانیدا. ڕێکخراوی چاودێریی جینۆسایدیش "هۆشداریی جینۆسـاید"ی کوردی بڵاوکردەوە، بەتایبەتیش کـوردی عەفرین. بۆیـە کاتی خۆیەتی باسـی پاڵنـەرەکان، ئامـاژەکان و هەنگاوەکانـی جینۆساید بکەین.

بەپێـی جاڕنامەی سـاڵی 1948 سـەبارەت بە ڕێگری و سـزادانی جینۆسـاید، جینۆسـاید هەرکام لـەم کردانەی خـوارەوە دەگرێتەوە کە بە مەبەستی لەناوبردن ئەنجام دەدرێن، جا ئەو لەناوبردنە لەسەر ئاستی گشتی بێت یان بەشێک لـە کۆمەڵگایەک، نەتەوەیـی بێ یان ڕەگەزی و ئایینـی. کردەکان بریتین لە یەکەم: کوشـتنی ئەندامانـی گرووپەکـە، دووەم: زیانگەیاندنـی جەستەیی یان دەروونی بە ئەندامانی گرووپەکە، سـێیەم: بـە ئەنقەسـت هەلومەرجـی ژیانـی گرووپەکە وەها لێبکرێ کە لەناوچوونی فیزیکی بەشـێک لە هەموو گرووپەکـەی لێبکەوێتەوە، چـوارەم: سـەپاندنی کۆمەڵێک ڕێوشـوێن بە مەبەسـتی ڕێگـری لـە منداڵبـوون لەنـاو ئەو گرووپـەدا، چـوارەم: ڕاگواسـتنی زۆرەملێـی منداڵانی گرووپەکە بۆ ناو گرووپی دیکە.

لەکاتی پێناسـەکردنی جینۆسـایدا، دەبێ نیـازی جینۆسـایدەکە لـە پاڵنەرەکـەی جیا بکەینـەوە. پاڵنـەری تاوانەکـە هەرچـی بێ، کاتێک لایەنێـک بەنیازی لەناوبردنی گرووپێک یانیش بەشـێکی گەورە لە گرووپێک تاوانەکە بکا، ئەوە جینۆسایدە (ئەو بەشە لە گرووپەکە دەکرێ نوخبەی خوێندەوار یانیش دانیشتووانی ناوچەیەکی دیاریکراو بن).

سیاسـەتی عوسـمانییەکان بۆ "پاکتاو"ی ئەرمەنەکان و مەسیحی و دانیشتووانی دیکەی ناوچەی ئانادۆڵ (لە ڕێگەی لەناوبردنی فیزیکی یـان ڕاگواسـتن یانیـش هـەردوو پرۆسـەکە) دەسـتگیرکردن و لەسـێدارەدانی بەکۆمەڵـی نوخبـەی ئەرمەنـی لەخۆگرتبـوو، بۆیەش بە جینۆسـاید دادەنـرا. بەهەمانشـێوە هەوڵ بۆ "پاکتـاو"ی کـورد لە عەفریـن و پڕکردنەوەی شوێنەکانیان بە عەرەب و تورکمان (لەوانەش عەرەبەکانـی ناوچەکانـی نزیک لە دیمەشـق) لـە هەوڵـی جینۆسـاید دەچـن. سیاسـەتی سـەدامیش بۆ کوشـتنی بەکومەڵـی کورد بە درێژایی ناوچەکانی نزیک سـنووری ئێران (کە بەناوچـەی قەدەغـەی هاتوچۆ ناودەبـردران) لەپـاڵ هەوڵەکانـی دیکەی هەڵمەتـی ئەنفال دەکەونە خانەی جینۆسایدەوە.

هێلین فەین، ئەکادیمیسیەن، بە پشتبەستن بـە کارەکانی خۆی و هەوڵی ئەوانی دی، چوار پاڵنەری سـەرەکی بۆ جینۆسـاید ناودەبا؛ کە یەکەمیـان بریتییـە لـە لۆژیکـی لەناوبردنی هەڕەشـە ڕاسـتەقینە یان مومکینەکان - ئەمە گوزارشـت لە عەقڵییەتێک دەکا کە دەڵێ "با ئێمـە ئـەوان بگرین پێش ئـەوەی ئەوان ئێمە بەگیر بهێنن". بۆیەش کاتێک عوسـمانییەکان گومانیان لەسـەر ئەرمەنەکان دروسـتکردبوو کە یارمەتی دوژمنە مەسـیحییەکان لە شەڕی یەکەمی جیهانـی دەدەن، یان کاتێک ئەنقەرە دەڵـێ کوردی عەفرین بەشـێکن لـە پەکەکە، یانیـش کاتێک سـەدام بە تووڕەییەوە باسـی هاوکارییەکانـی کـورد لەگەڵ ئێـران لە کاتی شـەڕی هەشـت سـاڵەی نێوان ئێران و عێراق دەکات، لـەو کاتانـەدا پاڵنـەرەکان لەسـەر بنەمـای کۆمەڵێک هەڕەشـەی بەرجەسـتە و واقیعی دانـراون (هەرچەند ئەمانە ناکرێ هیچ بیانوویەک بن بۆ ئەوەی حکومەتەکان خەڵکی مەدەنی بکەنە ئامانج و جینۆسـایدیان بکەن). بەڵام هەڕەشـەکان دەکـرێ خەیاڵکردیش بن، وەکـو چۆن هیتلەر کۆمەڵێک وەهمی بەرامبەر بە جووەکان بۆ خۆی دروستکردبوو.

پاڵنـەری دووەم دەکـرێ ئـەوە بـێ کـە ئەنجامدەری جینۆسـاید دەشـێ بیەوێ تۆوی ترس لەناو دوژمنـە واقیعی یان مومکینەکانی خۆیـدا بچێنـێ. بـۆ نموونـە زۆر لـە تورکـە ناسیۆنالیستە توندئاژۆکان بە هەمان نەفەسەوە کە جینۆسایدی ئەرمەنەکان ڕەتدەکەنەوە، باس لەوەش دەکەن کە کورد دەبێ "هەڵسـوکەوتی خۆی باش بکا"، ئەگینا دەبێ "ئەرمەنەکانیان لەبیر بێ"، چییان بەسەر هات.

پاڵنەری سـێیەم بۆ جینۆسـاید دەکرێ بۆ ئارەزوویەکی ڕووتی مسـۆگەرکردنی سـامانی ئابـووری بگەڕێتەوە. بـۆ نموونە ئەگەر خاکی کـورد خـاوەن سـامانێکی باشـی ئـاوی یان سـەرچاوەی نـەوت بێ، حکومەتـەکان تەماح دەیانگرێ و ئامادە نابن بە ئاسانی دەست لەو ناوچانـە هەڵگرن. بەم مانایـەش نەوت لەبری ئەوەی ببێ بە نیعمەتێک بۆ خەڵکی ناوچەکە، دەبێ بە نەفرەت و بەڵا بۆیان.

دوایین پاڵنەریش بۆ جینۆسـاید دەکرێ لـە خواسـتی حکومەتەکان بۆ چەسـپاندن و جێبەجێکردنـی ئایدیۆلۆژیـا یـان بڕوایەکەوە سـەرچاوە بگـرێ، بـۆ نموونە دروسـتکردنی "ڕەگەزێکـی پـاک" یانیـش دەسـەڵاتێکی یۆتۆپیایی لـە ناوچەکەدا. ئەگـەر گرووپێکی دەرەوەی ئەو بڕوا یان ئایدیۆلۆژیایە ڕازی نەبێ ئایدیۆلۆژیاکە قەبـووڵ بکا، یانیش بەرەنگاری هەوڵەکانی ئاسیمیلاسیۆن ببێتەوە، حکومەت یـان دەسـەڵاتی ناوچەکە دەیکا بـە ئامانجی هەوڵەکانی خۆی بۆ لەناوبردنی.

مەرج نییە بوونی پاڵنەرەکانی جینۆسـاید یەکسەر دانانی سیاسەتێک بۆ جێبەجێکردنی جینۆسـایدەکەی لێبکەوێتـەوە. بۆیـەش شارەزایان چوار هۆکار یانیش پێـشمەرجیان دانـاوە، کـە ئەگـەری ڕوودانـی جینۆسـاید زیاتر دەکـەن. بەداخـەوە ژمارەیەکی زۆر لەو پێشـمەرجانە لەو وڵاتانەدا بـەدی دەکرێن کە پاڵنەری کردنە ئامانجی کوردیان تێدایە.

یەکـەم فاکتـەر یـان پێشـمەرج ئەوەیـە قوربانیـان دەکرێنـە "گرووپـی دەرەکـی یان بێگانە"، وەکو چۆن بەرپرسانی تورکیا لە کاتی باسـکردن لە کورد بە "بەناو هاووڵاتی" ناویان دەبەن. دووەم هۆکار قەیران یان دەرفەتێکە کە دێتە سـەر ڕێگەی وڵاتەکە (بۆ نموونە لەکاتی جەنگدا)، لەو حاڵەتەدا قوربانیان زیاتر تووشی مەترسـی ئـەوە دەبنەوە لەسـەر کێشـەکانی وڵاتەکە لێپێچینەوەیان لێبکرێ. پێشـمەرجی سێیەم بریتییە لەوەی دەوڵەتە دیکتاتۆرییەکان پێیـان ئاسـانترە هەوڵ بۆ جینۆسـاید بدەن، چونکـە هیـچ لێپرسـینەوەیەک لەسـەر بڕیار و کردەکانی دەسـەڵات لەئـارادا نییە. دوایین فاکتەریش ئەوەیـە هێزە دەرەکییـەکان هیچ هەوڵێک نەدەن ڕێگە لە جینۆسـایدەکە بگرن و ئەمەش ئەگەری جینۆسـاید زیاتر دەکا. بەو پێیەی میدیا دەسـتی بەو ناوچانە ڕاناگات کە کێشـەیان تێدایە، هەروەها بەو پێیەی ڕاداری کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بەبێ هیچ هۆیەک پرسی کورد بە کێشەیەکی کەم دەزانێ، کەواتە حاڵی حازر دوایین هۆکار و پێشمەرج زیاتر لە هەموو کاتێک ئامادەیە.

*** دەیڤید ڕۆمانۆ، پرۆفیسـۆری سیاسەتی ڕۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـتە لە زانکـۆی ویلایەتی میسووری لە ئەمریکا.**

**ئەم وتارانە گوزارشت لە رای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی رووداو نین.**

WWW.RUDAW.NET

RÛDAW

Rudaw Media Network
Rudaw readers know more

# ئەلبوومەکەی دینا فرە ستایلە



« 10

خاوەنی ئیمتیاز : تۆڕی میدیایی ڕووداو
سەرنووسەر : سەلام سەعدی salam@rudaw.net
جێگری سەرنووسەر : ساڵح قادر rodan@rudaw.net
بەڕێوەبەری نووسین: نەوزاد مەحموود newzad@rudaw.net
بەڕێوەبەری هونەری: حوسێن هیمەتی hhimati@rudaw.net
ئەندامی شانازی ستاف : عەبدوڵڵا قڕگەیی
دیزاینەران : هونەر مەرجان، ئاکار جەلیل

هەفتەنامەیەکی سیاسی گشتییە تۆڕی میدیایی ڕووداو دەریدەکات
نووسینگەی سلێمانی : بەرامبەر پارکی ئازادی 07501130997
ناونیشان: هەولێر ـ شەقامی ڕووناکی Tel : 0750 486 34 12 - 0750 488 56 96
rudaw@rudaw.net








